گوڵان

ــەم (١٤٤٩)- (٣)ی شوبـات ٢٠٢٥




# سەبری سەرسامیی ئیدریس بارزانی به بەهای لێبوردەیی لە پێناوی یەکڕیزی و ئاشتەوایی و ئازادیدا




# سەردانەکەمان بۆ کوێت
# لە ١٣ی حوزەیران ٢٠١٥

١٤٧

لە چوارچێوەی سەردانێکی فەرمیدا بۆ کوێت ڕۆژی ١٣ی حوزەیرانی ٢٠١٥، لەگەڵ ئەمیری کوێت و جێنشین و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران کۆ بووینەوە. هەموویان زۆر گەرموگوڕ و بەڕێزەوە پێشوازییان لێ کردین و وەک سەردانەکانی پێشوو گرنگی و بایەخێکی زۆریان بە سەردانەکەمان دا.


لە درێژەی سەردانە فەرمیەکاندا بۆ وڵاتانی کەنداو، ڕۆژی ١٥ی حوزەیرانی ٢٠١٥ لەگەڵ شێخ محەمەد زاید[1] کۆ بووینەوە. ناوبراو زۆر بە گەرمی پێشوازی و بەخێرهێنانی کردین، لە دیدارەکەدا گفتوگۆ لەسەر بارودۆخی ناوچەکە و پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا و پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و وڵاتانی کەنداو و ئیمارات کرا.

پێویستە لێرەدا ئاماژە بە خاڵێکی گرنگ بدەم کە شا سەلمان (خادم الحرمین) و شا عەبدوڵلای دووەم، پاشا ئۆردۆن و شێخ محەمەد زاید و شێخ سەباح ئەحمەد جابر ئەلسەباح، ئەمیری کوێت لە شەڕی داعشدا هاوکاری و یارمەتییەکی زۆر باشیان داین و ڕۆڵ و هاوکاری و یارمەتییەکانیان لە یاد ناکەین.

---

(١) شێخ محەمەد بن زاید ئال نهیان، جێنشینی ئەبووزەبی و جێگری فەرماندەی هێزە چەکدارەکانی ئیمارات.

## چاپکراوی نوێ




لە بڵاوکراوەکانی بەشی دیراسات و پێگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، کتێبی (کۆنگرەنامە) لە نووسین و ئامادەکردنی (کەمال شێخ ڕەئووف هەنجیرە) و(مانی- ئەبوبەکر ساڵح ئیسماعیل) لە دووتوێی (٢٨٨) چاپ و بڵاوکراوەتەوە، د.چنار سەعد عەبدوڵڵا کە پێشەکی ئەم کتێبەی نووسیوە لە بەشێکی نووسینەکەیدا ئاماژە بەوە دەکات کە کۆنگرەنامە ڕێبەرێکی سەرەتاییە بۆ پڕکردنەوەی کەلێنی مێژوویی سەبارەت بە دۆکیۆمێنتکردنی کۆنگرەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، پرۆسەی دەستڕاگەیشتن، کۆکردنەوە و پشتڕاستکردنەوەی زانیارییەکانی پەیوەست بە کۆنگرەکانی پارتی کارێکی سەخت بوو، بە تایبەتی لەبارەی کۆنگرەکانی سەرەتایی لە کۆنگرەی (یەك هەتا شەش)، بەڵام بۆ بەدەستهێنانی زانیاری چەندین ڕێگا گیراوەتە بەر بە سەردانیکردن و چاوپێکەوتن و گەڕان بەدوای سەرچاوەی مێژوویی، بەراوردکردنی زانیاریی ناوی سەرچاوەکان، سوودوەرگرتن لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان.


ناوەڕۆك و تەوەرە سەرەکییەکانی (کۆنگرەنامە) بریتین لە: ساڵ و شوێنی بەستنی کۆنگرەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە یەکەم تا چواردەیەم، هەروەها ژمارەی بەشداربووانی کۆنگرە، ئەندامانی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی، هەر لەم کتێبەدا ڕووداوە گرنگەکانی نێوان هەر کۆنگرەیەك بە پوختی باسکراون، لەگەڵ ئەو بڕیار و گۆڕانکارییانەی کە لە کۆنگرەکاندا ڕوویان داوە، هەروەها ئاماژە بە چەند کۆنفرانسێکی گرنگ دراوە کە لە مێژووی پارتیدا وەك ڕووداوی مێژوویی باسیان لێوە دەکرێت، لەگەڵ دەقی چەند بەڵگەنامەیەکی پەیوەندیدار کە لە پاشکۆی ئەم بەرهەمە جێگای بۆ کراوەتەوە.

دەستخۆشی لە بەشی دیراسات و پێگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان و هەردوو ئامادەکاری (کۆنگرەنامە) دەکەین، کە بەم بەرهەمە بەشێکی گرنگی مێژووی زێڕینی پارتی دیموکراتی کوردستانیان وەك ئەرشیف و دۆکیۆمێنتیان کردووە بە سەرچاوە بۆ توێژەر و سیاسەتوان و خوێنەران.

# چاپکراوی نوێ

## شێرکۆ بێکەس.. کانیاوێک لە وشە، شاعیرێک لە جوانی

زانیار سەردار قرگەیی




(شێرکۆ بێکەس.. کانیاوێك لە وشە، شاعیرێك لە جوانی چی لەبارەی شیعری بۆ بارزانی دەڵێت..) دوا بەرهەمی نووسەری بەتوانا (زانیار سەردار قرگەیی)یە، دیمانەیەکی بڵاوکراوە و چەند بابەتێکی پەیوەست بە شێرکۆ بێکەس لەگەڵ چەند وێنەیەکی یادگاری، کە بۆ یەکەم جارە بڵاودەکرێنەوە.

پێشەکی ئەم کتێبە لەلایەن نووسەر و ڕۆژنامەنووس (سەلام عەبدوڵڵا) نووسراوە و تێیدا هاتووە:( نووسین لەسەر شاعیری گەورە و مەزنی گەلەکەمان (شێرکۆ بێکەس) پسپۆڕی سەلیقەی شیعر و زانیاریی تەواوی زمانەوانیی و پەی بردن بە پیت و بەرەکەت و بەرفراوانیی زمانی کوردی دەوێ، بۆیە وا ئاسان نییە لەسەر توانای شیعریی و زمان پاراوی و سامانی لەبن نەهاتووی وێنە شیعرییەکانی بنووسیت، گەر شارەزاییەکی تەواوت لە هەموو ئەو بوارانەدا نەبێت، بۆیە من ئەو لایەنە بۆ شارەزای زمان و پسپۆڕانی شیعر و ڕەخنەگرانی بەتوانا بە بەجێ دەهێڵم).

شێرکۆ بێکەس لە خێزانێکی ڕۆشنبیریی گەورە لە دایك بووە، زمانی منداڵی بە شیعرەکانی بێکەسی باوك پڕاوە و لەوێوە ژانی ئەدەب و شیعر گرتوویەتی و، بە بەرهەمەکانی باوکی هزر و بیری پاراو بووە و گەشەی کردووە، تا دەرئەنجام ئەم شاعیرە داهێنەر و بە ئەزموون و بە سەلیقەیەی لێ دەرچووە، کە ئەمیش هیچی لەو کەمتر نەبووە.

زانیار لە دیمانەیەکدا لەگەڵ شێرکۆ بێکەسی شاعیردا کە لەنێو ئەم کتێبەدا ڕووبەرێکی فراوانی گرتووە، هەندێ لە قسە و وەڵامەکانی شاعیری نووسیوە، لە بارەی شیعری (بۆ بارزانی) دەڵێت: «کە داگیرکەر پیلانی بۆ لەنابردنی سەرکردەی خۆشەویستی گەلەکەم سازکرد بێت، منیش نەمتوانیوە دەست بە کڵاوی شیعرمەوە بگرم تا با نەیبات»، هەروەها دەڵێت: « شیعر - بۆ بارزانی- بە یەکێك لە شیعرە جوانەکانی خۆم ئەزانم، لەو سەردەمەدا، تیرۆرکردنی بارزانی، یانی تیرۆرکردنی شۆڕشەکەی بوو، کوشتنی بارزانی، کوشتنی گەورەترین سیمبولی ئەو کاتە بوو، بۆیە منیش هەر دوابەدوای ئەو ڕووداوە، شیعری (بۆ بارزانی)م نووسی، ئەم بەرهەمە، قسەو بڕوای ناو دڵ و فیکری میللەت بوون و من کردبووم بە شیعر، لە وەرچەرخانە سیاسییەکانی ساڵانی دواتردا، زۆرجار لێیان ئەپرسیم، لەو شیعرەت پەشیمان نییت؟! من ئەوسا و ئێستا و بۆ داهاتووش هەر ئەڵێم: نەخێر پەشیمان نیم، چونکە ئەو شیعرە ئاوێنەی ڕاستەقینەی ئەو





ڕۆژگارە بوو، کە خۆم و میللەتەکەمی تێدا ژیاوە، هەرگیز پەشیمان نییم، چونکە ئەگەر وابووایە لە کاتی چاپکردنەوەی سەرجەمی شیعرەکاندا، ئەو شیعرەم بڵاونەدەکردەوە، ئەمە جگە لەوەی، کە ئەو شیعرە بەشێکە لە ئەزموونی شیعر و ژیانی خۆم، من لە وێنەکانی ئەلبوومی ڕابردوومدا پەشیمان نیم و خۆم تەفرە نادەم».

وەك پاشکۆیەك لە کۆتاییدا چەندین وێنە بڵاوکراونەتەوە کە نووسەر ئاماژە بەوە دەکات کە زۆربەیان بۆ یەکەم جارە بڵاو دەکرێنەوە و، بە کامێرای خودی نووسەر گیراون و، تەنیا لە ئەرشیفەکەی ئەودا پارێزراون، بەرگ و ناوەڕۆکی ئەم کتێبە لەلایەن هاوکارمان شاخەوان جەعفەر دیزاین کراون.

نووسین لەسەر ئەم بەرهەمە دانسقەی کاکە زانیار قرگەیی لەوە زیاتر هەڵدەگرێت، بە چەند ڕستە و وشە کۆتایی نایەت، ئەمە شاکارێکە لە نووسین و ئەفراندن، دەستی نووسەر خۆش بێت و قەڵەمی هەر بە بڕشت بێت، بۆیە دواجار چەند کۆپلەیەك لە دانسقەترین شیعری شێرکۆ بێکەس دەکەینە کۆتا نووسین لەسەر ئەم بەرهەمە بە ناونیشانی (خۆشمان ئەوێی):

**خۆشمان ئەوێی**
**بەقەد ڕقی شمشێری ناوچاوی ئەوان**
**خۆشمان ئەوێی**
**بەقەد پیتی داخ لە دڵی ناو ڕۆژنامە**
**زەردەکانی ئەوسا و ئەمڕۆ**
**خۆشمان ئەوێی**
**بەقەد کینەی گوللە تۆپ و**
**کوێرە بۆمبای فڕۆکەیان. خۆشمان ئەوێی**
**بەقەد بێشەڵانی بوغزی سەری سونگی سوپاکانیان:**
**خۆشمان ئەوێی**
**بەقەد ناڵەی تەقینەوەی «تین ئێن تی»ی ناو،**
**جانتاکانیان. خۆشمان ئەوێی**
**بەقەد داوی پیلانی ژێر مێزەر و جبەی پێراریان:**
**خۆشمان ئەوێی**
**چەندیان ناوەکەت خۆش ناوێ:**
**خۆشمان ئەوێی**
**ئەمانەوێی،**
**وەك گوللە بۆ چەکەکانمان . ئەمانەوێی**
**وەك چەك بۆ پێشمەرگەکانمان. ئەمانەوێی**
**وەکو پێشمەرگە بۆ کەژ و کێوەکانمان. ئەمانەوێی**
**هەر بۆ «مەرگ» نامانەوێی**
**ئەی بارزانی**




■ خاوەن ئیمتیاز
**شەوکەت شێخ یەزدین**
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
**فەرهاد محەمەد**
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
**د.هێمن غەنی**

■ سیاسەت و ناوخۆ:
**ساڵح عومەر**
**شەماڵ نوری**
**د. شێبان فەرهاد**
**بەهادین جەلال**

■ گشتی:
**د.عادل حوسێن**
**تارا عومەر**
**خەلیل بلەیی**
**سەنگەر شنۆیی**
**مەهدی حاجی ساڵح**
**کارزان کانەبی**
**ڕێبین ڕەمزی**

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
**سلێمان یاسین**

■ بەڕێوەبەری هونەری:
**شاخەوان جەعفەر**

■ بەرگ:
**لوقمان ڕەشیدی**

■ وێنەگران:
**کەمال ئاکرەیی**
**هاوکار رەحمان**

**بۆ ڕیکلام کردن پەیوەندی بکە بە:**
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

**چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر**

**ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری**

***Web: www.gulanmedia.com***

نەهرۆ ڕەواندزی :



## نەوتی هەرێمی کوردستان هەناردە دەکرێتەوە و عێراق هیچ دەرچەیەکی دیکەی نییە تاوەکو لەو زیانە گەورەیە دەرباز ببێت

پرۆفیسۆر د. محەمەد شەعبان :



## چارەسەری کێشەی مووچە و بوودجە و نەوت لای تەکنۆکراتەکان و لێژنەکان نییە، بەڵکو لای سەرکردەکانی دامەزرێنەری عێراقی نوێیە

ڕۆژهات ئامەدی :



## سەرۆک بارزانی بۆ کوردی هەر چوار پارچە مەرجەع و ڕابەرە

پرۆفیسۆر ماورا ئار گرۆسمان :



## زیرەکیی دەستکرد بۆ وڵاتانی تازەپێگەیشتوو هەم ئالنگارییە و هەمیش دەرفەتە

مەلا ڕەجەب ئەحمەد محەمەد :

**هەندێک لەو گرووپ و لایەنە ئیسلامییە سیاسییانەی هەرێم بە بەرنامە و هزری دەرەکی دەیانەوێت مێژووی خۆمان لەبیر بکەین**





پەرژین جەعفەر حاجی ڕۆستەم: :

**ئافرەتی کورد لە مێژووی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و پەروەردەیی و تەنانەت خەباتی چەکداریش خاوەن مێژوویەکی دەوڵەمەندە**

**بێشکە لە سەردەمی ژیری دەستکرددا**



**چای زەنجەبیل بۆ دابەزاندنی کێشی لەش**





ئیلهام شاهین:

**ئاواتەخوازم کارێکی هونەری هاوبەش لە نێوان هەرێمی کوردستان و میسر ئەنجام بدرێت**

سۆما عوسمان :

**بەداخەوە ئافرەتان بۆ ڕێکیی لەشیان زیاتر ڕوو لە بەکارهێنانی دەرمان و چارەسەری ناسرووشتی دەکەن**





# سەبری سەرسامیی ئیدریس بارزانی بە بەهای لێبوردەیی

## لە پێناوی یەکڕیزی و ئاشتەوایی و ئازادیدا



سەرسامی بە ماندێلا لەو خاڵەدا ڕاناوەستێ، بەوەی ئەو پێی سەرسام بووە، بەڵام ناشزانین ئەو سیفەتە چییە وامان لێدەکات سەرسام بین پێی، ئایا هۆکاری سەرسامیمان ئەو ڕابردوویەتی کە هەموو کات بەند بووە لەناو ئەوەی پێی سەرسام بووە؟ یان ئەو ڕابردووەیە کە بۆی ڕەخسابوو کە بەردەوام بە ئازادی تێدا بمێنێتەوە؟ یەکێك بوو لەو کەسە دەگمەنانەی چێژی لە ئازادی وەردەگرت، ئەمەش لەبەر ئەوەی سەبری سەرسامی هەبوو و پێویست بوو لەسەری پێی سەرسام بێت، ئەم سەبرەی بە سەرسامی گەیاندییە ئەوەی ئازادیی مەرجدار ڕەت بکاتەوە. ئایا ئەمە ئەوەی لێ ناخوێنرێتەوە کە لەناو سەرسامییەکەی خۆیدا بەند بووە؟ یان ئایا ئەمە هێمایەك نییە بۆ هاوێنەی کامێرایەك کە شایەنی ئەوە بێت، سەیر بکرێت؟ ئایا ماندێلا ڕێگەی بۆ بەندکردنی خۆی خۆش کرد، یان بە ڕێکەوت دەستگیر کرا؟ کاتێك چاو بەم پرسیارانە و پرسیارێکی دیکەش دەخشێنینەوە، پرسەکە تەنیا وروژاندنی پرسیاری فەلسەفی نییە، بەڵکو پیشاندانی وێنەی ماندێلایە.

جاك دریدا «سەرسامبوون بە ماندێلا» کتێبی لەبەریەك هەڵوەشانەوەی میتافیزیکا

**ئیدریس بارزانی درێژەپێدەری هەمان فیکر و لۆژیکی مستەفا بارزانی بووە کە هەردەم پێی وابووە ئەگەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان ئیرادەی گەلی کوردستانی لە پشتەوە بێت، هیچ هێزێک ناتوانێت ئەو ئیرادەیە تێکبشکێنێت**

**پەنابردن بۆ کامێراکەی «دریدا» بۆ ئەوەی وێنەی مرۆڤێکی باڵای وەک «ئیدریس بارزانی» وەک خۆی پێی بگرین و پیشانی بدەین، بەو ئامانجەیە خۆمان لە زێدەڕۆیی پیاهەڵگوتن و دروشم گوتنەوە بە دوور بگرین**

جاك دریدا، کە یەکێك بووە لەو فەیلەسووف و بیرمەندانەی لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو بەشداریی لەو هەڵمەتە جیهانییە کردووە، بۆ دروستکردنی گوشار و ناچارکردنی ڕژێمی ئاپارتاید بۆ ئازادکردنی ماندێلا، نووسینێکی بڵاو کردەوە بە ناونیشانی «سەرسامبوون بە ماندێلا»، لە پەڕەگرافی یەکەمی نووسینەکەیدا هاتووە: «سەرسامبوون بە ماندێلا، پێدا هەڵگوتن و ئاهەنگگێڕان و دروشم گوتنەوە نییە، بەڵکو سەرسامبوون بە ماندێلا هەڵقوڵاوی فیکرە، وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەیە «چۆن ماندێلا دەرکەوت؟ لەمەش زیاتر ئێمە لەو خاڵەدا ڕاناوەستین کە ئەو پێی سەرسام بووە.. بەڵام نازانین چی وامان لێدەکات پێی سەرسام بین. وروژاندنی هەموو ئەم پرسیارانە تەنیا لە چوارچێوە فەلسەفییەکەی قەتیس نابێت، بەڵکو دەبێتە هێما بۆ هاوێنەی کامێرایەك بۆ ئەوەی لەو هاوێنەیەوە وێنەی ماندێلا وەك خۆی بگرین و پیشانی بدەین.

پەنابردن بۆ کامێراکەی «دریدا» بۆ ئەوەی وێنەی مرۆڤێکی باڵای وەك «ئیدریس بارزانی» وەك خۆی پێی بگرین و پیشانی بدەین، بەو ئامانجەیە خۆمان لە زێدەڕۆیی پیاهەڵگوتن و دروشم گوتنەوە بە دوور بگرین و، ئیدریس بارزانی خۆی چۆنە، وەك خۆی لە ناو هاوێنەی وروژاندنی پرسیارە هزرییەکاندا پیشانی بدەین. لێرەوە باسەکەمان لە چوارچێوەی بەراوردکردنێکی خێرا لەسەر نەخشەکەی دریدا بەمجۆرە دابەشی دەکەین.

## ● بڕوابوونێکی ڕەها به ڕەوایەتی مافی گەلەکەی و سازش لەسەر نەکردنی

دریدا دەڵێت: «سەرسامم بە ماندێلا لەبەر ئەوەیە بەردەوام لەبەردەم دادگاکانی ڕژێمی ئاپارتایید دەڵێت: گەلەکەم و خۆم بە یاساکانی ئێوەوە پاپەند نابین، کە بەسەر ئێمەدا فەرزتان کردووە. ویژدانی گەلەکەم ئەو یاسایانە قبووڵ ناکات، کە ئێوە بەسەر ئێمەدا جێبەجێی دەکەن، بۆیە لە نێوان یاساکانی ئێوە و ویژدانی گەلەکەی خۆمدا ملکەچی ویژدانی گەلەکەی خۆم دەبم». دریدا جەخت لەوە دەکاتەوە و دەڵێت: «سەرسامیی من لەو خاڵەدا ڕاناوەستێت کە ماندێلا هێندە بە گەلەکەی خۆی سەرسامە، بەڵکو بەوە سەرسامم کە نازانم چی وادەکات زیاتر پێی سەرسام بم»، ڕاشکاوانەتر بە «سەبری سەرسامی» سەرسامم کە ئەو بەها گەورەیەی بۆ ئازادی و بۆ ئازادیی گەلەکەی لای ماندێلا دروست کردووە.

لێرەوە ئەگەر ئەو سەرسامییەی دریدا بە ماندێلا بە چەند قسەیەکی فازڵ میرانی بەرپرسی دەستەی کارگێڕیی پارتی دیموکراتی کوردستان گرێ بدەینەوە کە هەفتەی ڕابردوو لە ٣٨ـەمین ساڵیادی جەستەئاوابوونی ئیدریس بارزانی لە کۆڕێکدا پێشکەشی کرد، کە چۆن لە کانوونی یەکەمی ١٩٨٦ لە کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لە تاران کاتێك باسی مافەکانی گەلی کوردستان کراوە، گەورەیی

گەلی کوردستان لای ئیدریس بارزانی لە چ ئاستێکدا بووە و لەمبارەیەوە میرانی گوتی: «لە کۆنگرەی نەسرەتی شەعبی عێراقی لە مانگی ١٢ی ساڵی ١٩٨٦ لە تاران، هەموو پارتە سیاسییەکانی ئەو کاتی کوردستان کاك ئیدریس یان کردە گوتەبێژی فەرمی بە ناوی شاندی کوردی، بۆ مێژوو هەر هەموویان گوتیان کاك ئیدریس، جەنابت هەرچی بڵێیت، ئێمە لەمەڕ پرسی کوردی پەیڕەوی لێدەکەین، با تۆ براگەورەی هەموومان بیت.. لەناو ئەو کۆنگرەیە ئێمە وەك شاندی کوردی گوتمان چارەسەری پرسی کورد لەسەر بنەمای ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازار بکرێت، واتە دیموکراتییەت بۆ عێراق و حوکمی زاتی بۆ کوردستان، بەڵام حزبە ئیسلامییەکانی شیعەی عێراق ڕەتیان کردەوە و گوتیان ئێمە دەیخەینە دەنگدان، کاك ئیدریس تەماشای محەمەد باقر حەکیمی کرد و گوتی: ئێوە پرسی کورد دەخەنە دەنگدانەوە؟ بە دەستی هێمای بۆ یەکێك کرد و گوتی: ئەمە بە ناوی حزبێکەوە هاتووە، ئەمە ڕای کردووە لە حاجی ئۆمەران و من ناردوومە بۆ ئوستراليا، ئێستا هاتووە دەنگ لەسەر کێشەی کورد بدات ؟ عەیبە بۆ ئێوە. کاك ئیدریس زۆر بە توندی وەڵامی دانەوە و پەنجەی ڕاوەشاند و ڕووی لە سەید محەمەد باقر ئەلحیکم کرد و گوتی: «ئەگەر ددان بە مافی کورددا نەنێن وەك ئەوەی لە ڕێککەوتننامەی ئادار هاتووە، ئەوا ئێمە هیچ پابەندبوونێکمان بەو کۆنگرەیەوە نامێنێت و لە کۆنگرەکەش دەردەچین و بەیاننامەیەکیش بڵاو دەکەینەوە».

ئەم هەڵوێستە بوێرانەیەی ئیدریس بارزانی وای کرد، وەك میرانی دەڵێت «محەمەد مەهدی شەمسەددین، سەرۆکی ئەوکاتی ئەنجومەنی باڵای شیعەی لوبنانیش بێنێتە دەنگ و ڕوو بکاتە لایەنە شیعەکانی عێراق و پێی گوتن: «ئەم دوو سێ ڕۆژە لە کۆنگرە شتی سەیر دەبینم.. گوتیان: چییە؟ گوتی: ئێوە بە گەلی کورد دەڵێن برا کوردەکانمان، باشە ئێوە بە حوکمی عروبەتی خۆتان بۆ ناڵێن نەتەوەی کورد «الامة الكردية»؟ بۆچی ئەم نەتەوەیە کۆمەڵێك کۆچەرین لە قەفقازەوە هاتوون؟ لانیکەم بڵێن گەلی کورد. گوتی: لام سەیرە ئێوە لە تارانن و هێشتا نەگەیشتوونەتە دەسەڵات ئەمە بۆچوونتانە، لە کاتێکدا سەدام حسێن کە لە دەسەڵاتە دەڵێت، گەلی کورد و حوکمی زاتی بۆ کوردستانی عێراق، ئەنجومەنی جێبەجێکردنی هەیە و ئەنجومەنی یاسادانانی هەیە و ئیدارەی هەیە، باشە ئێوە ناتوانن وەکو سەدامیش بن؟»، ئەم سەرسامییەی محەمەد مەهدی شەمسەددین سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای شیعەی لوبنان بە هەڵوێستەکەی ئیدریس بارزانی، سەرسامبوون نییە بە مافی ئۆتۆنۆمی بۆ گەلی کوردستان کە ئیدریس بارزانی داکۆکی لەسەر دەکات، بەڵکو سەرسامبوونە بەو «سەبری سەرسامی»یە و ئەو هەڵوێستە گەورەیەی لە ئیرادەی ئیدریس بارزانی دروست بووە، لە ناو کۆنگرەیەك بە توندی ئەو هەڵوێستە دەردەبڕێ کە لایەنە سیاسییەکانی شیعەی عێراق هاوپەیمانی سەرەکیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بوون و دەوڵەتی ئێرانیش بڕوای بە مافی ئۆتۆنۆمی نەك بۆ کوردستانی عێراق، بەڵکو بڕوای بە مافی ئۆتۆنومی بۆ کوردستانی ئێرانیش نییە.

میرانی لە گێڕانەوەی قسەکانیدا، هەڵوەستە لەسەر ئەوە دەکات، کە کۆی لایەنە کوردستانییەکانی بەشداربووی ئەو کۆنگرە لە چ ئاستێکی بەرزدا متمانەیان بە ئیدریس بارزانی هەبووە و هەموویان بە کۆی دەنگ ئەویان وەك وتەبیژی شاندی کوردی بۆ ئەو کۆنگرەیە هەڵبژاردووە، ئەمەش سەرسامییەکی دیکەمان بە ئیدریس بارزانی بۆ دروست دەکات، نەك لەبەر ئەوەی بووەتە جێگەی متمانەی تەواوی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان، بەڵکو سەرسامیەکە ئەوەیە خودی ئەو «متمانەیە» لای تێکڕای حزبە سیاسییەکانی کوردستان بە ئیدریس بارزانی چۆن دروست بووە.

**● جوامێری و بڕوابوون**

**بە لێبوردەیی لە پێناوی یەکڕیزی و ئاشتەوایی نیشتمانیدا**

«جوستیس مالالا - Justice Malala» کە یەکێکە لەو ڕۆژنامەنووسانەی باشووری ئەفریقیا و لە نیسانی ساڵی ١٩٩٣ ڕووماڵی تیرۆرکردنی «کریس هانی» سکرتێری حزبی

**کاک ئیدریس زۆر بە توندی وەڵامی دانەوە و پەنجەی ڕاوەشاند و ڕووی لە سەید محەمەد باقر ئەلحیکم کرد و گوتی: «ئەگەر ددان بە مافی کورددا نەنێن وەک ئەوەی لە ڕێککەوتننامەی ئادار هاتووە، ئەوا ئێمە هیچ پابەندبوونێکمان بەو کۆنگرەیەوە نامێنێت و لە کۆنگرەکەش دەردەچین و بەیاننامەیەکیش بڵاو دەکەینەوە»**

**مالالا لەسەر بەرگی ناوەوەی کتێبەکەی ئەم قسەیەی ماندێلای نووسیوە: «بۆ ئەوەی لەگەڵ نەیارەکانت بگەیتە چارەسەری ئاشتییانە، دەبێت لەگەڵ نەیارەکەت کار بکەی بۆ ئەوەی نەیارەکەت بگۆڕیت بۆ هاوبەش»**

**ماندێلا بووە یەکەمین سەرۆک کۆمار دوای نەمانی ڕژێمی ئاپارتاید و لە ئاهەنگی دەستبەکاربوونی گوتی: «مرۆڤە ئازاکان لە پێناوی بەدیهێنانی ئاشتی لە لێبوردەیی ناترسن»**

**لە دوای ساڵی ١٩٨٢ بارودۆخەکە زۆر خراپ و ترسناکتر بوو، لەناو ئەم بارودۆخە ئاڵۆز و ترسناکەدا «سەبری سەرسامی»ی ئیدریس بارزانی بە گرنگیی «یەکڕیزی، تەبایی، یەکتری قبووڵکردن ، یەک سەنگەری و...هتد» نەکەوتە ژێر کاریگەریی گوشاری حزبایەتیی تەسک**

کۆمۆنیستی باشووری ئەفریقیای کردووە، کە لە هەمان کاتدا سەرۆکی ئەرکانی «ڕمی نەتەوە» بووە، کە باڵی سەربازیی کۆنگرەی نیشتمانیی ئەفریقی ئۆپۆزسیونی ڕژێمی ئاپارتاید بووە، دوای ٣٠ ساڵ تێپەڕبوون بەسەر ئەم ڕووداوە ترسناکەدا، هەمان ڕۆژنامەنووس لە نیسانی ٢٠٢٣ کتێبێکی بە ناونیشانی «پیلانێك بۆ ڕزگاکردنی باشووری ئەفریقیا - The Plot to save South Africa» چۆن ماندێلا لە ماوەی یەك هەفتە شەڕی دوور خستەوە و دەوڵەتێکی هاوچەرخی دروست کرد»، بڵاو کردەوە و تیایدا مالالا لەسەر بەرگی ناوەوەی کتێبەکەی ئەم قسەیەی ماندێلای نووسیوە: «بۆ ئەوەی لەگەڵ نەیارەکانت بگەیتە چارەسەری ئاشتییانە، دەبێت لەگەڵ نەیارەکەت کار بکەی بۆ ئەوەی نەیارەکەت بگۆڕیت بۆ هاوبەش»، دوای تەواوبوونی کێشیە و ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە وڵاتدا، ماندێلا بووە یەکەمین سەرۆك کۆماری دوای نەمانی ڕژێمی ئاپارتاید و لە ئاهەنگی دەستبەکاربوونی گوتی: «مرۆڤە ئازاکان لە پێناوی بەدیهێنانی ئاشتی لە لێبوردەیی ناترسن»، ئەوجا ئەگەر ئەمجارەیان لە هاوێنەی کامێراکەی ڕۆژنامەنووس جوستیس مالالا دەیەیەك بگەڕێینەوە بۆ پێش ئەو ڕووداوە تاڵەی لە ساڵی ١٩٩٣ لە باشووری ئەفریقیا ڕووی دا، وەك خۆی وێنەی ئیدریس بارزانی لە چیاکانی کوردستان بگرین ، ئایا وێنەکە چیمان پیشان دەدات؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ڕووداوە تاڵەکانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان دەیداتەوە.

ئەوانەی ڕۆژانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوویان بینیوە، یان بەدواداچوونیان بۆ کردبێت، لەوە ئاگادارن لە دوای نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ـەوە هەتا ناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٦ بارودۆخی نێوان حزبەکانی کوردستان لەو پەڕی خراپیدا بوو، بە شێوەیەکی نیمچە بەردەوامیش شەڕ لە نێوان حزبە سیاسییەکان ڕووی داوە و ئەگەر لە ماوەیەکیشدا گەیشتبێتنە جۆرێك لە ڕێککەوتن، ئەوا بە بیانووی زۆر سادە ڕێککەوتنەکە ژێرپێ خراوە و دووبارە شەڕ دەستی پێکردووەتەوە، بەتایبەتیش لە دوای ساڵی ١٩٨٢ بارودۆخەکە زۆر خراپ و ترسناکتر بوو، لەناو ئەم بارودۆخە ئاڵۆز و ترسناکەدا «سەبری سەرسامی»ی ئیدریس بارزانی بە گرنگیی «یەکڕیزی، تەبایی، یەکتری قبووڵکردن ، یەك سەنگەری و...هتد» نەکەوتە ژێر کاریگەریی گوشاری حزبایەتیی تەسك، بە پێچەوانەوە لەناو چوارچێوەی بەرژەوەندیی باڵای بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان زیاتر گەشەی کرد و چرۆی دەرکرد، لەمبارەوە میرانی لە کۆڕەکەیدا گوتی: « ڕێککەوتنی ئێمە (پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) لە ساڵی ١٩٨٦ کارێکی ئاسان نەبوو، ئەم ڕێککەوتنە لە دوای شەڕەکانی ١٩٨٣ بوو، بەڵام هەر ئیدریس بارزانی بە بوێریی و بە زیرەکیی خۆی، لە لایەك خەڵکی خۆی ڕازی کرد، لە لایەکیش بە جورئەتەوە چووە پێش و ڕێککەوتنی لەگەڵ مام جەلال ئیمزا کرد».

ئەگەر سەرنج لە قسەکانی میرانی بدەین، دەبینین ئەرکی ئیدریس بارزانی تەنیا گفتوگۆ و دانوستاندن نەبووە لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بەڵکو پێش ئەوە قەناعەت پێکردنی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە بە زەرووڕەتی ئاشتی لە نێوان یەکێتی و پارتی کە دەبێتە هەوێنی ئاشتی و سەقامگیری لە ناو کۆی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان، ئەمەشمان دوای ڕێککەوتنی پارتی و یەکێتی بینی، کە بووە بناغە بۆ دامەزراندنی بەرەی کوردستانی و ئەو بەرەی کوردستانییەی کە سەرکردایەتیی ڕاپەرینی گەلی کوردستانی لە ئاداری ١٩٩١ی گرتە ئەستۆ.

ئەمە پێمان دەڵێت «سەرسامیمان بە ئیدریس بارزانی لەو خاڵەدا ڕاناوەستێت کە ئەو پێی سەرسامە و بریتییە لە « یەکڕیزی و ئاشتی»، بەڵکو سەرسامین بە «سەبری سەرسامی»ی ئیدریس بارزانی بە بەها و مانای « یەکڕیزی و ئاشتی» لەناو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستاندا.

**● ئیرادەی ئیدریس بارزانی لە پڕکردنەوەی بۆشایی نێوان گەلەکەی و خۆی**

خاڵێکی دیکەی سەرسامیمان بە «سەبری سەرسامی»ی ئیدریس بارزانی، سەرسامبوونیەتی بە ئیرادەی گەلەکەی «گەلی کوردستان»ـە و لەم چوارچێوەیەدا

**ڕێککەوتنی ئێمە (پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) لە ساڵی ١٩٨٦ کارێکی ئاسان نەبوو، ئەم ڕێککەوتنە لە دوای شەڕەکانی ١٩٨٣ بوو، بەڵام هەر ئیدریس بارزانی بە بوێریی و بە زیرەکیی خۆی، لە لایەک خەڵکی خۆی ڕازی کرد، لە لایەکیش بە جورئەتەوە چووە پێش و ڕێککەوتنی لەگەڵ مام جەلال ئیمزا کرد**

**ئەرکی ئیدریس بارزانی تەنیا گفتوگۆ و دانوستاندن نەبووە لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بەڵکو پێش ئەوە قەناعەت پێکردنی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە بە زەرووڕەتی ئاشتی لە نێوان یەکێتی و پارتی**

**سەرسامیمان بە ئیدریس بارزانی لەو خاڵەدا ڕاناوەستێت کە ئەو پێی سەرسامە و بریتییە لە « یەکڕیزی و ئاشتی»، بەڵکو سەرسامین بە «سەبری سەرسامی»ی ئیدریس بارزانی بە بەها و مانای « یەکڕیزی و ئاشتی» لەناو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستاندا**



درێژەپێدەری هەمان فیکر و لۆژیکی مستەفا بارزانی بووە کە هەردەم پێی وابووە ئەگەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان ئیرادەی گەلی کوردستانی لە پشتەوە بێت هیچ هێزێك ناتوانێت ئەو ئیرادەیە تێکبشکێنێت، لەم ڕاستەوە میرانی دەڵێت: «دوای ئەوەی ساڵی ١٩٧٩ بووینە ئەندامی سەرکردایەتیی پارتی.. ئیدریس بارزانی پێی گوتین: «ئێوە بوون بە بەرپرس، تاوەکو پێتان بکرێت خەڵك ببینن، خەڵکێك دێت سەردانی ئێوە دەکات، لە دیتنی خەڵك قەڵس نەبن، وەکو بۆکانی دەڵێن. ئێوە قازانج دەکەن، ئەوان ئێوە دەناسن بە حوکمی ئەوەی ئەندامی سەرکردایەتین، بەس ئێوە ئەوان ناناسن. ئەگەر ئیشەکانیان بۆ جێبەجێ نەکەن، دۆستێك لەدەست دەدەن، ناچارییەك پەیدا دەکەن». سەرسامبوونمان بە بایەخی ئیدریس بارزانی بە نەهێشتنی بۆشایی لەنێوان خەڵك و بەرپرسانی سیاسی، لەو خاڵەوە سەرچاوە ناگرێت کە ڕێنماییەکی دروستی ئەندامی سەرکردایەتی پارتی کردووە، بەڵکو لەو خاڵەوە پێی سەرسامین لە بەهای بەرز و گرنگیی نەبوونی بۆشایی لە نێوان خەڵك و بەرپرسی سیاسی تێگەیشتووە، ئەمەش بەو ئاستەی نیکۆلا میاکیڤلی ئاماژەی پێدەکات و بە میرەکەی دەڵێت: «کاتێك تۆ لەسەر لووتکەی چیاوە سەیری خوارەوە دەکەیت و مرۆڤەکان بە بچووك دەبینی، ئایا بیرت لەوە نەکردووەتەوە ئەوەشی لە خوارەوە سەیری لووتکەی چیاکە دەکات، تۆ بە بچووکی دەبینیت؟ بۆ ئەوەی گەورەیی شکۆی چیا ببینی، هونەرمەندی شێوەکار لە دۆڵەوە وێنای چیا دەکێشت، نەك لە لووتکەوە»، هەر بۆیە ئەوانەی لەگەڵ ئیدریس بارزانی مامەڵەیان کردووە، یان لەو سەردەمە پێشمەرگە بوون کە ئەو سەرکردە بووە، هەموویان پێکەوە لەیەك خاڵدا سەرسامییان بە «سەبری سەرسامی»ی ئیدرس بارزانی چڕدەکەنەوە کە هەرگیز دەرگای لە خەڵك دانەخستووە و لەیەك ئاستدا خەڵکی وەك خۆی بینیوە، بۆیە خەڵکی کوردستانیش ئیدریس بارزانی وەك خۆی دەبینن، وەك ئەو کامێرایەی دریدا کە لەناو پرسیارە فەلسەفییەکاندا وێنای کاریزماکان پیشان دەدات.

**ئەوانەی لەگەڵ ئیدریس بارزانی مامەڵەیان کردووە، یان لەو سەردەمە پێشمەرگە بوون کە ئەو سەرکردە بووە، هەموویان پێکەوە لەیەک خاڵدا سەرسامییان بە «سەبری سەرسامی»ی ئیدرس بارزانی چڕدەکەنەوە کە هەرگیز دەرگای لە خەڵک دانەخستووە و لەیەک ئاستدا خەڵکی وەک خۆی بینیوە، بۆیە خەڵکی کوردستانیش ئیدریس بارزانی وەک خۆی دەبینن**

نەهرۆ ڕەواندزی
جێگری سەرۆکی لیژنەی نەوت و گاز لە پەرلەمانی عێراق بۆ گولان:

# نەوتی هەرێمی کوردستان هەناردە دەکرێتەوە و عێراق هیچ دەرچەیەکی دیکەی نییە تاوەکو لەو زیانە گەورەیە دەربازی ببێت



## دەبێت حکومەتی عێراق پابەندی بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی بێت، بە ناردنی مووچەی مووچەخۆرانی هەرێم، کە بواری بۆ پاساو و بیانووی لابەلا نەهێشتووەتەوە

## یاسای نەوت و گازی فیدراڵی تەنیا بە گۆڕانکاری لە سیستمی سیاسیی عێراق و عەقڵییەتی فیدراڵی دەردەچێت، نەک بە عەقڵییەت و ویستی پاوانخوازی و مەرکەزی

**وێڕای ئەوەی لە دەستووری هەمیشەیی عێراقدا ماف و شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان و چارەسەرکردنی ناوچە جێناکۆکەکان و پرسی نەوت جێگیر کراوە، کەچی هێشتا بە هۆی ئەجێندەی دەرەکی و دژایەتیکردنی کوردەوە، کەسان و لایەنی سیاسیی وا هەن، بڕوایان بە فیدراڵییەت نییە و ئەم مافانەی گەلی کوردستان پێشێل دەکەن. بەردەوام خوێندنەوە و تێگەیشتنیان بۆ ئەم دەستوورە بەپێی ئیجتیهاداتی بەرژەوەندیخوازانەی خۆیان و وڵاتانی دەوروبەرە، ئەم وڵاتەیان بە دەردێك بردووە، تەنیا بەهۆی ڕاگرتنی هەناردەی نەوتی هەرێمی کوردستانەوە لە ٢٢ مانگدا ٢٥ ملیار دۆلار زیانیان بە ئابووری و دارایی عێراق گەیاندووە. ئەوەتا دوای چەندین گفتوگۆ و دانوستان و ڕێککەوتن و ئامادەکردنی پڕۆژە یاسای هەمووارکردنەوەی یاسای بودجەی فیدراڵی، کەچی بۆ جاری دووەم دەنگ بەو هەمووارکردنەوەیەش نەدرا کە حکومەتی ئیتیحادی خۆی ئامادەی کردبوو. گۆڤاری گوڵان لە دیدارێکیدا لەگەڵ نەهرۆ ڕەواندزی جێگری سەرۆکی لێژنەی نەوت و گاز لە پەرلەمانی عێراق، ئەم پرسەی تاوتوێ کرد.**

*** نزیکەی ٢٢ مانگە هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان ڕاگیراوە، بۆ دووبارە هەمووارکردنەوەی یاسای بودجەی فیدراڵی پڕۆژە یاسایەك ڕەوانەی پەرلەمانی عێراق کرا، کە وێڕای ئەوەی دوو خوێندنەوەی بۆ کرا، کەچی هەمووارکردنەوەکە لە پەرلەمان تێنەپەڕێندرا. پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا تەنیا لە پێناوی ئەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان هەناردەی دەرەوە نەکرێتەوە، ئەو زیانە گەورەیە لە ئابووریی عێراق دەدەن؟**

- بابەتی هەمووارکردنەوەی ماددەی ١٢ بڕگەی دووەم/ج لە یاسای بودجە و ئەوەی پەیوەندیی بە تێچوونی بەرهەمهێنان و گواستنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستانەوە هەیە، لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق خوێندنەوەی یەکەم و دووەمی بۆ کرا، هەموومان ئومێدمان زۆر بوو ئەم هەمووارکردنەوەیە لە خوێندنەوەی دووەمدا تێپەڕێندرێت و کۆتایی بەو کێشەیە بهێنرێت و چیتر عێراق ئەم زیانە گەورەیەی بەرنەکەوێت. بەپێی هەمووارکردنەوەکە کۆتایی بەو شەش

**پەرلەمانتارانی دژ بە کورد بەیاننامەیەکی توندیان بڵاو کردەوە بەوەی داوایان دەکرد، تەنانەت بودجە بۆ مووچەی مووچەخۆرانی هەرێمیش نەنێردرێت**

**یاسای نەوت و گازی فیدراڵی تەنیا بە گۆڕانکاری لە نیزامی سیاسیی عێراق و عەقڵییەتی فیدراڵی دەردەچێت، نەک بە عەقڵییەت و ویستی پاوانخوازی و مەرکەزی و ویستی ئەجێندەی دەرەکی**

**عێراق تاکە دەروازەی بۆ هەناردەکردنی نەوتەکەی لە ئێستادا هەر بەندەرەکانی بەسرایە. ئەم وڵاتە بە هۆی ئەم جۆرە عەقڵییەتانەوە لە ماوەی ٢٢ مانگ ٢٥ ملیار دۆلار زیانی بە خۆی گەیاندووە**

**عێراق لە کاتێکدا داوای جێبەجێکردنی قەرەبووی سکاڵاکەی دادگای پاریس بە ١،٥ ملیار لە تورکیا دەکات، کەچی وەزارەتی وزەی تورکیا داوای قەرەبووی ڕاوەستانی نەوتەکە و دروستکردنی بۆرییەکە و نۆژەنکردنەوەی دەکات**

دۆلارە دەهێنرا کە بۆ تێچوونی بەرهەمهێنانی نەوت لە هەرێمی کوردستان دەهات و دەبووە ١٦ دۆلار. ئەمەش وەك تێچوونێکی سەرەتایی تا ئەو کاتەی کۆمپانیایەکی بیانیی بێلایەن لە ماوەی دوو مانگدا تێچوونی ڕاستەقینەی بەرهەمهێنانی نەوت لە کێڵگەکانی نەوتی هەرێمی کوردستان دیاری دەکات، بەڵام هەر وەك چاوەڕوانیش کرابوو، فشارێکی زۆر هەبوو لەلایەن پەرلەمانتارانەوە، بەتایبەتی پەرلەمانتارەکانی شیعە لە پارێزگاکانی ناوەڕاست و باشوور بۆ ئەوەی دەستکاریی هەموارکردنەوەکە نەکرێت. بەداخەوە دوور لە هەموو بنەما دەستووری و یاسا و تەنانەت بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی و عورف و ڕێککەوتنەکان، نەك هەر هەموارکردنەوەکەیان تێنەپەڕاند، بەڵکو پەرلەمانتارانی دژ بە کورد بەیاننامەیەکی توندیان بڵاو کردەوە بەوەی داوایان دەکرد، تەنانەت بودجە بۆ مووچەی مووچەخۆرانی هەرێمیش نەنێردرێت. ئەمەش درێژکراوەی هەمان ئەو سیناریۆیانە کە چەندین ساڵە دەرهەق بە خەڵکی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجامی دەدەن و، دوورە لە هەموو بنەماکانی هاوسەنگی و سازان و هاوبەشیی کە عێراقی لەسەر دامەزراوە.

*** پەرلەمانتارانی کورد تا چەند یەکگرتوون لەسەر تێپەڕاندنی ئەم هەموارکردنەوەیە و، ئایا جگە لەم هەموارکردنەوەیە هیچ سازان و ڕێککەوتنێکی نوێ لەسەر دەستکاریکردنی پڕۆژە یاساکە دەکرێت؟**

- فراکسیۆنە کوردستانییەکان لە ناو پەرلەمان هەموویان دەیانەوێت ئەم بابەتە تێپەڕێندرێت و نەوتەکە لەلایەن کۆمپانیای سۆمۆوە دەست بە هەناردە کردنەوەی بکرێت. چیتر هەموو ئەم پاساو و بیانووە نادەستووری و نایاساییانەی کۆتایی پێ بێت کە دەڵێن هەرێم بەشدار نییە لە داهاتی نەوتی عێراق، لە بەرانبەر ئەوەی نابێت حکومەتی فیدراڵی بە هیچ شێوەیەك ناردنی پشکی هەرێمی کوردستان لە مووچە و بودجە دوا بخات. بەڵام زۆر لایەنی سیاسی لە ناو پەرلەماندا هەن کە خێریان بۆ عێراق و کوردستانیش ناوێت و تەنیا بە دوای گێچەڵ و کێشەوەن، تاوەکو وەك ستراتیژیەتێکیان وا بێت، بۆ ئەوەی کورد داوای مافی خاك و بەشداریی ڕاستەقینە لە عێراق و قەرەبووی ئەو هەموو جینۆساید و کۆمەڵکوژییە نەکاتەوە. لایەنە سیاسییەکانی دژ بە کورد باش دەزانن حکومەتی فیدراڵیی عێراق بۆ هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێم هیچ چارەسەرێکی دیکەی لە بەردەستدا نییە و هەر دەبێت ئەو یاسایە هەموار بکرێتەوە و لە پەرلەمان تێپەڕێندرێت. بە پێچەوانەوە ئەمە لە بەرژەوەندیی حکومەتی عێراق و کابینەکەی محەمەد شیاع سوودانی نییە و بەردەوامیی بەو زیانە گەورەیە دەگەیەنێت کە لە ٢٢ مانگی ڕابردوودا گەیشتووەتە ٢٥ ملیار دۆلار کە بەر لایەنی داهات و دارایی حکومەتەکەی کەوتووە و بە پلەی یەکەم زیانی بە بەرژەوەندیی گشتیی عێراقییەکان گەیاندووە. خۆ ئەگەر مەرام و خواستیان هەیە پڕۆژە یاسای هەموارکردنەوەکە بەو شێوەیە تێپەڕێندرێت کە هەردوو حکومەتی عێراقی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەری ڕێککەوتوون، ئەوا ئێمەی پەرلەمانتارانی کورد ڕازین. هەر چەندە ئەو ١٦ دۆلارەی تێچوونی بەرهەمهێنانی بەرمیلێك نەوت کە بۆ کێڵگە نەوتییەکانی هەرێم دانراوە، بۆ ئێمە باش نییە، بەڵام لای ئەوان تێچوونێکی زۆرە و مەترسیی ئەوەشیان هەیە ڕەنگە لە دوای دوو مانگ هەر کۆمپانیایەکی بیانیی بێلایەن بێت «هەرچەندە ئەو کۆمپانیایەش بەغدا دیاری دەکات و دایدەنێت»، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەو تێچوونەی بەرهەمهێنانی نەوت لە کێڵگە نەوتییەکانی کوردستان دادەنێت لەو ١٦ دۆلارە زیاتر دەبێت. من دیراسەتێکم دا بە پەرلەمان کە بە داتا و زانیاریی ورد بۆ هەمووانم ڕوون کردەوە کە چەندین کێڵگەی نەوتیی خۆیانیش تێچوونی بەرمیلێك نەوتیان لە سەرووی ٢٠ دۆلارەوەیە.

*** بەپێی ئەو ڕێککەوتنەی لەگەڵ هاوپەیمانیی ئیدارەی دەوڵەت بۆ پێکهێنانی کابینەکەی محەمەد شیاع سوودانی کرابوو، دەبوو «یاسای نەوت و گازی فیدراڵی» لەم خولەی پەرلەماندا تێپەڕێندرێت، بەڵام ئەوا بەرەو هەڵبژاردنێکی دیکە دەچین و هێشتا یاساکە نەگەیشتووەتە پەرلەمان، ئایا گەیشتووینەتە بنبەست، یان ئومێدێك هێشتا ماوە دەرچەیەك بکرێتەوە؟**

- تا ئەو کەس و لایەنە سیاسییە دەستڕۆیشتووانە بەم عەقڵییەتە هەڵسوکەوت بکەن و بڕوایان بە

فیدراڵییەت نەبێت، ئەو یاسای نەوت و گازەی کە دەبێت بە هاوبەشی لە نێوان هەردوو حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەربچێت، نەك هەر لەم خولەی پێنجەمی پەرلەمانی عێراقدا زەحمەتە دەربچێت، بەڵکو لە خولی داهاتووی پەرلەمانی عێراقیشدا ئەم یاسایە دەرناچێت. یاسای نەوت و گازی فیدراڵی تەنیا بە گۆڕانکاری لە نیزامی سیاسیی عێراق و عەقڵییەتی فیدراڵی دەردەچێت، نەك بە عەقڵییەت و ویستی پاوانخوازی و مەرکەزی و ویستی ئەجێندەی دەرەکی. بەردەوامبوون بەم عەقڵییەتە کارەساتە، لە کاتێکدا ناوچەکە لە لێواری شەڕ و ئاڵۆزیدایە و هەر کێشەیەك ڕوو بدات، کاریگەریی لەسەر ئاستی بەرهەمهێنان و سەیرە عێراق لە کاتێکدا داوای جێبەجێکردنی قەرەبووی سکاڵاکەی دادگای پاریس بە ١،٥ ملیار لە تورکیا دەکات، کەچی وەزارەتی وزەی تورکیا داوای قەرەبووی ڕاوەستانی نەوتەکە و دروستکردنی بۆرییەکە و نۆژەنکردنەوەی دەکات، کە ئەم قەرەبووە هەر زۆر زۆر زیاترە لەو بڕە قەرەبووەی کە عێراق داوای دەکات. لە لایەکی دیکەوە ئومێد زۆرە لە خوێندنەوەی سێیەمدا هەموارکردنەوەی یاسای بودجە هەموار بکرێتەوە، چونکە ڕاگرتنەکەی زیانی گەورەی بە بودجەی عێراق گەیاندووە و عێراق پێویستی بە نەوتی هەرێمی کوردستانە، دەبێت پابەند بێت بەوەی مووچەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان بنێرێت. پرسی نەوت و مووچە

**ئومێد زۆرە لە خوێندنەوەی سێیەمدا هەموارکردنەوەی یاسای بودجە هەموار بکرێتەوە، چونکە ڕاگرتنەکەی زیانی گەورەی بە بودجەی عێراق گەیاندووە و عێراق پێویستی بە نەوتی هەرێمی کوردستانە**



هەناردەکردنی نەوتی بەسرا و داهات و بارودۆخی دارایی و ئابووریی عێراق دەبێت، بەتایبەتی کە عێراق تاکە دەروازەی بۆ هەناردەکردنی نەوتەکەی لە ئێستادا هەر بەندەرەکانی بەسرایە. ئەم وڵاتە بە هۆی ئەم جۆرە عەقڵییەتانەوە لە ماوەی ٢٢ مانگ ٢٥ ملیار دۆلار زیانی بە خۆی گەیاندووە، خۆ ئەگەر زیانەکانی تورکیا کە بەهۆی ڕاوەستانی هەناردەکردنی نەوتەوە لە بۆڕیی کەرکووك - جەیهان لێك بدەینەوە، کە ئەویش دەبێت عێراق بیدات، ئەوا زیانەکانی زۆر زیاتر دەبێت. لە سەردانەکەی ئەم دواییەی وەزیری دەرەوەی تورکیا جەخت لەسەر ئەم مەسەلەیە کرایەوە و پرسیاری لەوە کرد، ئایا کەی هەناردەی نەوت لە بۆڕیی کەرکووك – جەیهانەوە دەست پێدەکاتەوە. هاوکێشەیەکی دوو بابەتی دەستووری و یاسایی جیاوازن و دەبێت حکومەتی عێراق پابەندی بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی بێت بە ناردنی مووچەی مووچەخۆرانی هەرێم، کە بواری بۆ پاساو و بیانووی لابەلا نەهێشتووەتەوە، هەرچەندە بۆ ئێمە و حکومەتەکەی محەمەد شیاع سوودانییش هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان گرنگە، چونکە هەر هیچ نەبێت هەموو ئەو پاساو و بیانووە بێ بنەمایانە ناهێڵێت کە دەڵێن هەرێم لە داهاتی نەوتی عێراقدا بەشدار نییە.

*** عێراق پێش ئەوەی ماددەی ١٤٠ی دەستووری بۆ ئاساییکردنەوە و سەرژمێری و ڕاپرسی بۆ چارەسەرکردنی ناوچە جێناکۆکەکان جێبەجێ بکات، ڕێککەوتنی پەرەپێدانی نەوتی لەگەڵ کۆمپانیای BP واژۆ کرد، ئایا ئەمە تا**

**پێشتریش لە دەستووردا ویستیان زۆر لە وشەی پێکەوە (معاً) خۆیان بدزنەوە، سەرۆک بارزانی جەختی لەسەر کردەوە و دواجار جێگیر کرا**

**بۆچی لە لایەکی دیکەوە ئەوان ئێمە تۆمەتبار دەکەن بەوەی نەوتەکەمان بەرەو شوێنێکی نادیار دەڕوات، لە کاتێکدا هەموو داتا و زانیارییەکانمان داونەتێ**

**ئەم وڵاتە ڕۆژانە ٤،٢ ملیۆن بەرمیل نەوت بەرهەم دەهێنێت و ٣،٥ هەناردەی دەکات و دەبێت ٧٠٠ هەزار بەرمیل نەوتی بۆ بەکارهێنەری ناوخۆ بڕوات، ٥٠٠ هەزار بەرمیل نەوتی دیار نییە**

**چەند لە ڕووی دەستووری و یاساییەوە گونجاوە؟**

- ئەم کارە ڕاستەوخۆ لەلایەن سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانەوە ئەنجام درا، لە کاتێکدا هێشتا پەرەپێدانی کێڵگە نەوتییەکانی (جولات تراخیض) پێنجەم و شەشەمی نەهاتووەتە بەرهەم. کەچی تۆ بچیت لەگەڵ کۆمپانیایەکی بەریتانی کە نازانرێت کۆمپانیای BP بەریتانییەکەیە، یان کۆمپانیا نوێیەکەی BP عێراقییەکەیە گرێبەستی نوێ واژۆ بکەیت. کۆمپانیا بەریتانییەکە BP لە ٢٠١٤ لە کێڵگەی ڕومێڵە بوو. لە ساڵی ٢٠٢١ ئاراستەی سیاسەتی بەریتانی وا بوو بەرەو وزەی خاوێن بچێت، بۆیە چیتر کۆمپانیا بەریتانییەکە (BP) نەما و کۆمپانیایەکی عێراقی هەر بە ناوی BP لە چوارچێوەی گرووپێکی چوار کۆمپانیاییدا دامەزرا کە دوو کۆمپانیای عێراقی لەگەڵیاندان. ئێ باشە لە کاتێکدا پشکی عێراق لە ئۆپێك ٣،٥ ملیۆن بەرمیلە لە ڕۆژێکدا، ئیتر ئەم گرێبەستە چۆن کرا؟ ئەمە جگە لەوەی ئەم گرێبەستە لە ناوچەی ماددەی ١٤٠ی دەستوورییە و هەروەها لە ماددەی ١١٢ ئاماژە بەوە دەدات کە حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێم کێڵگەی نەوت و گازە پێشوو دۆزراوەکان (کۆنەکان) بە هاوبەشی بەڕێوە ببەن، وەك ئەوانەی لە کەرکووك و لە ناوچەکانی دەوروبەری هەن، واتە ئەو کێڵگانەی پێشتر هەیە حکومەتی ئیتیحادی بەڕێوەی دەبات، دەبێت لەگەڵ هەرێم و پارێزگاکان بەڕێوەی ببات. هەروەها پەرەپێدانی ئەو کێڵگانە دەبێت پێکەوە بڕیاری لەسەر بدەن، ئالێرەدا نارەزایەتیی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە، چونکە پێکەوە بڕیارمان نەداوە. پێشتریش لە دەستووردا ویستیان زۆر لە وشەی پێکەوە (مَعاً) خۆیان بدزنەوە، سەرۆك بارزانی جەختی لەسەر کردەوە و دواجار جێگیر کرا. بۆیە ئەم هەڵسوکەوتە نادەستووری و نایاساییە و لە کاتی خۆیدا ڕێگری لەسەر دەکرێت. لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە: بۆچی لە لایەکی دیکەوە ئەوان ئێمە تۆمەتبار دەکەن بەوەی نەوتەکەمان بەرەو شوێنێکی نادیار دەڕوات، لە کاتێکدا هەموو داتا و زانیارییەکانمان داونەتێ، یان گومانی یاساییان لەسەر گرێبەستەکانی هەرێم هەبوو، کەچی ئەوەتا هەر ئەو دادگایەی کەرخ بڕیارەکانی پێشووی خۆی هەڵوەشاندەوە و گرێبەستەکانی نێوان وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان و کۆمپانیاکانی بە یاسایی و کارا و دروست دانا. باشە ئەم وڵاتە ڕۆژانە ٤،٢ ملیۆن بەرمیل نەوت بەرهەم دەهێنێت و ٣،٥ هەناردەی دەکات و دەبێت ٧٠٠ هەزار بەرمیل نەوتی بۆ بەکارهێنەری ناوخۆ بڕوات، ٥٠٠ هەزار بەرمیل نەوتی دیار نییە، ئەوەشی بۆ ناوخۆیە تێچووەکەی سیادییە بێ ئەوەی پشکی هەرێمی کوردستانی لێ بنێردرێت



لە سووتەمەنییەکانی وەکو بەنزین و گازوایل و غاز و، تەنانەت پشکی نەوتەکەشی بە چەند کاروانێك تەنیا ٥٠ ملیۆن لیتر نەوتی سپی دەنێرێت کە بەشی تەنیا ١٩٪ی دانیشتووانی هەرێم دەکات.

*** هەرچەندە دادگای فیدراڵی بڕیاری ناردنی مووچەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستانی داوە، کەچی نەیارانی کورد بابەتی مووچە و نەوت و داهاتە ناوخۆییەکان تێکەڵ بە یەکتر دەکەن، ئایا ئەمە بۆ چ مەرام و مەبەستێکە؟**

- بەداخەوە دەسەڵاتدارانی عێراق و لایەنە سیاسییەکانیان تەنانەت نەگەیشتوونەتە ئاستی ئەوەی دەوڵەتێکی فیدراڵی بەڕێوە ببەن، ئەوان بەردەوام لە ناو موزایەدەی سیاسی و هەڵمەت و پڕوپاگەندەی هەڵبژاردندان. ئەوان بە شارەزا و پسپۆڕ و چاودێر و دەیان ناو و پسپۆڕایەتی نەیانتوانیوە لە چوارچێوەی ئایدیۆلۆژیای تەسکی حزبی و مەزهەبی و دژایەتیکردنی کورد خۆیان ڕزگار بکەن، وڵاتێکیان بنیاد ناوە لەسەر ئێسك و پروسکی جینۆساید و ئەنفال و کیمیابارانی کورد، لە کاتێکدا ئێمە هەموو وشەکانمان دەستووری و یاساییە و، هی ئەوان نایاساییە و ئەوان لەژێر ئەم پاساو و بیانووانەدا دەیانەوێت ڕاوبۆچوونی شەقام بەلاڕێدا بەرن. لە کاتێکدا وەك ڕۆژی ڕووناك دەزانن گرێبەستەکانی هەرێم باش و یاساییە و هەر خۆشیان لە گرێبەستە نوێیەکان لاسایی گرێبەستەکانی هەرێم دەکەنەوە. ئەوان ئیدعای ئەوە دەکەن تێچوونەکانیان کەمترە و شەش دۆلارە، کەچی کاتێك لێکی دەدەنەوە، زۆر لەوەی ئێمە زیاترە. هەر چۆنێك بێت دەبێت نەوتی هەرێمی کوردستان هەر هەناردە بکرێتەوە، چونکە چیتر عێراق بەرگەی زیانی زیاتر ناگرێت. هەر سەبارەت بە بیانووەکەی وەزارەتی دارایی لەسەر بابەتی خەرجیی کرداری، بەپێی داتا و زانیارییەکانی خۆیان باس لە ١٢ تریلیۆن و ٥٠٠ ملیار دینار دەکەن، بەڵام فرۆشتنی نەوتی عێراق ١٩ تریلیۆن و ٥٠٠ ملیار دینار بووە، ئێ باشە حەوت تریلیۆن دینار جیاوازیی هەیە، کە لەمە یەك تریلیۆن دیناری دەبێت بۆ هەرێم بێت، ئەگەر بەپێی ١٢،٦٧٪ ئەوانیش بێت. لە کاتێکدا دەبووایە حکومەتی عێراق و وەزارەتە داراییەکەی پابەندی بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی بووایە و بابەتی مووچەی لە ئینفاقی فعلی دەرکردایە، کەچی ئەوان بەردەوام هەرێم ڕاپێچی گێچەڵ و کێشەی دروستکراوی نوێ دەکەن.

**دەسەڵاتدارانی عێراق و لایەنە سیاسییەکانیان تەنانەت نەگەیشتوونەتە ئاستی ئەوەی دەوڵەتێکی فیدراڵی بەڕێوە ببەن، ئەوان بەردەوام لە ناو موزایەدەی سیاسی و هەڵمەت و پڕوپاگەندەی هەڵبژاردندان**

**ئەوان ئیدعای ئەوە دەکەن تێچوونەکانیان کەمترە و شەش دۆلارە، کەچی کاتێک لێکی دەدەنەوە، زۆر لەوەی ئێمە زیاترە**






**پرۆفیسۆر د. محەمەد شەعبان**
پسپۆڕ لە بواری دارایی و ئابووری بۆ گوڵان:

# چارەسەری کێشەی مووچە و بوودجە و نەوت لای تەکنۆکراتەکان و لێژنەکان نییە، بەڵکو لای سەرکردەکانی دامەزرێنەری عێراقی نوێیە

**لە ناو ئەم هەموو شەڕ و گرژی و گۆڕانکارییە خێرایانەدا کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێیاندا تێدەپەڕێت، خوێندنەوە و پێشبینیکردنی بارودۆخی ئابووری و دارایی عێراق کارێکی ئاسان نییە، بەڵام بۆ ئێمەی کورد کە لە ناو کرۆکی ڕووداو و گۆڕانکارییەکانداین و لە چەندین لاوە هەڕەشەمان لەسەرە، کارێکی پێویستە، بەتایبەتی لەگەڵ چارەسەرنەکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەرێم و بەغدا و مامەڵەی خراپی لایەنە سیاسییەکان لەگەڵ پرسی مووچە و شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان لە یاسای بوودجەی فیدراڵیدا. لەسەر ئەم پرسە و چەند تەوەری دیکەی پەیوەندیدار، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ پرۆفیسۆر دکتۆر محەمەد شەعبان، شارەزا و پسپۆڕی دارایی و ئابووری ساز دا.**

*** با سەرەتای پرسیارمان لەو گۆڕانکارییانەوە دەست پێ بکەین کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێیاندا تێدەپەڕێت. ئایا لە دیدگە و شرۆڤەی ئابووری و داراییەوە چۆن دەڕواننە ئەو گۆڕانکارییانە و، بارودۆخی دارایی و ئابووریی عێراق و هەرێمی کوردستان چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

- ئابووری بە گشتی و سەرجەم سێکتەرە جیاجیاکان و بوارەکانی پەرەپێدان و ژێرخان، پێویستی بە ژینگەیەکی لەبارە تاوەکو گەشە بکات و پەرە بسێنێت و پێش بکەوێت، بە پێچەوانەی ئەو بارودۆخە ئاڵۆز و پڕ لە کێشمەکێش و بارگرژییانەوەیە کە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تووشی بووە و ڕەنگە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بەردەوام بێت. ئەوەتا ململانێیەکی بێ ویژدانانە لە فەلەستین دروست بووە و بۆ چەندین دەیەی داهاتوو خەڵکی هەژار باجەکەی دەدەنەوە و ئاوەدانکردنەوە و باشکردنی حاڵی خەڵکەکەشی دیار نییە، بگرە بە شێوەیەك ئاگری ململانێکانی ئێران - ئەمریکا و ئیسرائیل - ئێران تەشەنەی کردووە و، لوبنان و یەمەن و سووریا و تەنانەت عێراقیشی گرتووەتەوە. ئەم بارگرژی و شەڕ و پێکدادانانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەگەرچی مێژوویەکی کۆنی هەیە، بەڵام هاوکاتە لەگەڵ شەڕی ئۆکرانیا و ڕووسیا و ململانێکانی دیکەی ئەمریکا و چین و کۆریای باکوور. لە ناو هەموو ئەم گرژی و شەڕانەدا، هاتنی ترەمپ و گۆڕانکاری لە سیاسەتی ئیدارەی نوێی ئەمریکا بەرانبەر زۆر پرسی جیهانی، وێستگەیەکی گرنگی مێژووە. جیهان چاوەڕوانی گۆڕانکاریی بنەڕەتی لەم ئیدارەیە هەیە، لەمەڕ پرسە گرنگەکانی وەکو ئێران و میلیشیاکان و شەڕی ئۆکرانیا و ڕووسیا و نرخی نەوت و یارمەتی و هاوکارییەکانی ئەو وڵاتە بۆ دۆست و هاوپەیمانەکانیان، ئەمە هەموو ئەگەرەکان بە کراوەیی دەهێڵێتەوە. خۆ ئەگەر عێراق و هەرێمی کوردستانیش بە وریاییەوە نەڕواننە ئەم گۆڕانکارییانە، ئەوا ئەم سیاسەتە نوێیەی ترەمپ ئەگەری تەشەنەکردن و کاریگەریی نەرێنیی لەسەر عێراق و هەرێمی کوردستانیش دەبێت، بە واتایەکی دیکە، دەبێ خۆمان بۆ بەڕێوەبردنی قەیرانەکان ئامادە بکەین، چونکە چارەنووسێکی نادیار چاوەڕوانی بارودۆخی سیاسی و سەربازی و بگرە دارایی و ئابووریی عێراق و هەرێمی کوردستانیش دەکات. بەو پێیەی ئابووری و دۆخی دارایی و بەهای نەوت و چەندین بابەت و بواری دیکە لەگەڵ عێراق کۆمان دەکاتەوە. لەلایەکی دیکەوە، ئێران بەرانبەر ئەو پاشاگەردانی و پاشەکشەیە دەستەوەستان ناوەستێت کە لە ناوچەکەدا لە بواری سیاسی و سەربازی و مەزهەبییشەوە ڕووبەڕووی شکستێکی گەورە بووەتەوە. خەونی چەند دەیەی ڕابردوو، هەر لە دروستکردنی هیلالی شیعی و پاوانخوازی و هەناردەی شۆڕشەکەی هەمووی لەناوچوو، لە بەرانبەردا گەشەی سەربازی و سیاسیی تورکیا لە ناوچەکەدا ڕووی لە هەڵکشان کردووە. هەموو ئەم فاکتەرە سیاسی و سەربازییانە وا دەکەن ساڵی ٢٠٢٥ بۆ بارودۆخی دارایی و ئابووریی جیهان و ناوچەکە و عێراق ڕوو لە باشی نەکات.

*** ئەگەر لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق بوەستین، ئەم پەیوەندییە چۆن دەبینیت، لە کاتێکدا زۆربەی هەرە زۆری کێشە هەڵپەسێردراوەکان وەك خۆی ماوەتەوە، بگرە کێشەی دیکەی مووچە و بوودجە و نەوتیشی چووەتە سەر؟**

- زۆر ڕاستە، کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان ناوەند و هەرێم نەك هەر چارەسەر نەکران، بەڵکو چەندین کێشەی دیکەی ئاڵۆزی هاتووەتە سەر، لەوانە پرسی نەوت و بوودجە و مووچەی مووچەخۆرانی هەرێم، کە لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق، ئەگەری پێکدادان و ئاڵۆزیی زیاتری لایەنە

**دۆسێی نەوت و هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێم یاسایی و تەکنیکی نییە، بەڵکو بە ئیمتیاز سیاسییە**

**لە دوای ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە تا ئەمڕۆ، بەغدا بەردەوامە لەسەر لێسەندنەوەی دەسەڵاتە ئابووری و دارایی و نەوتییەکان لە هەرێمی کوردستان**

**یاسای نەوت و گازی فیدراڵی بەم عەقڵییەتە نادەوڵەتی و مەرکەزییە توندە دەرنەچێت باشترە**

**ئەگەر عێراق و هەرێمی کوردستانیش بە وریاییەوە نەڕواننە ئەم گۆڕانکارییانە، ئەوا ئەم سیاسەتە نوێیەی ترەمپ ئەگەری تەشەنەکردن و کاریگەریی نەرێنیی لەسەر عێراق و هەرێمی کوردستانیش دەبێت**

**دەبێ خۆمان بۆ بەڕێوەبردنی قەیرانەکان ئامادە بکەین، چونکە چارەنووسێکی نادیار چاوەڕوانی بارودۆخی سیاسی و سەربازی و بگرە دارایی و ئابووریی عێراق و هەرێمی کوردستانیش دەکات**

**ئێران بەرانبەر ئەو پاشاگەردانی و پاشەکشەیە دەستەوەستان ناوەستێت کە لە ناوچەکەدا لە بواری سیاسی و سەربازی و مەزهەبییشەوە ڕووبەڕووی شکستێکی گەورە بووەتەوە**

**لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق، ئەگەری پێکدادان و ئاڵۆزیی زیاتری لایەنە سیاسییەکان هەیە و کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا لانیکەم تا خولێکی دیکەی پەرلەمان بێ چارەسەر دەمێننەوە**

سیاسییەکان هەیە و کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا لانیکەم تا خولێکی دیکەی پەرلەمان بێ چارەسەر دەمێننەوە. خۆ ئەگەر ئەو فاکتەرە سیاسی و سەربازییانەی کە باسمان کرد، لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەین، بۆمان دەردەکەوێت ناوچەکە بەگشتی و عێراق بەتایبەتی، لەبەردەم ئاڵۆزی و تێکچوونێکی دۆخی دارایی و ئابووریدایە. ئەوەی تا ئێستا بارودۆخە دارایی و ئابوورییەکەی نێوخۆی عێراق و هەرێمی کوردستانی ڕاگرتووە، بەرزیی بەهای نەوتە لە جیهاندا، کە عێراق بۆ ٤,٢ ملیۆن بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا، ٣,٥ ملیۆن بەرمیل هەناردە دەکات و ٧٠٠ هەزار بەرمیلەکەی دیکەی لە نێوخۆدا بەکار دەهێنێت. ئەم بڕە زۆرە نەوتە عێراق بەهاکەی لە سەرووی ٨٠ دۆلارەوەیە، ئەمەش پارە و بوودجەیەکی زەبەلاحە و زۆر کەموکورتیی ئابووری و دارایی پڕ کردووەتەوە، بەڵام ئەم دەستکەوتە لەگەڵ هاتنی ئیدارەی نوێی ئەمریکا خۆری ئاوا دەبێت. لە بەرنامە و ستراتیژیەتی ترەمپدا هەیە بەهای نەوت دابشکێنێت، ئەمە وێڕای ئەگەری ئاڵۆزبوونی بارودۆخەکەی نێوان ئیسرائیل و ئێران لە لایەك و نێوان میلیشیا شیعەکان و ئەوانەی ناوی خۆیان ناوە «بەرەی موقاوەمە» لە لایەکی دیکە، وا دەکەن ئەگەری پەرەپێدان و وەرچەرخانی ئابووری لەم ساڵدا ڕوو نەدات، بگرە بە پێچەوانەوە، هەموو ئەگەرەکان لە بەردەم داڕمان و داشکانی بارودۆخی دارایی و ئابووریی عێراقدا والایە، کە بە دڵنیاییەوە کاریگەریی توندی لەسەر بارودۆخی دارایی و ئابووریی هەرێمی کوردستانیش دەبێت. تەنانەت ئەو گەشبینی و پێشبینیانەی سندوقی نەختی نێودەوڵەتی بۆ پەرەپێدان و گەشەی ئابووریی عێراق دایاننابوو، کە بە ٤,٢ ی گەشە مەزەندەی کردبوو، کەچی هەر زوو لێی پاشگەز بووەوە و بۆ خوارووی ٣,٥ مەزەندەی کرد. پێشتر هەرێمی کوردستان تا ڕاددەیەك سەربەخۆیی ئابووری و دارایی لە ئابووری و دارایی عێراق وەرگرتبوو، بەپێچەوانەی ئێستا کە بارودۆخی سیاسی و دارایی و ئابووری و نەوتی و بازرگانی و ئیدارییەوە بە بەغداوە بەستراوەتەوە، کە جگە لە هەندێك بواری وەبەرهێنان و بوودجەی بەکارخستن نەبێت، یان فرۆشتنی هەندێك نەوت بە شێوەی نایاسایی، یان بەکارهێنانی بۆ پێداویستیی ناوخۆی پاڵاوتگەکان و سەرفکردنی لە نێوخۆی هەرێمدا لەگەڵ هەندێك چالاکی کە بەداخەوە لە چوارچێوەی تاوانی شووشتنەوەی پارە، یان سپیکردنەوەی پارە، زیاتر هیچی دیکە نییە. بەو عەقڵییەتەش کە بەغدا و لایەنە سیاسییەکان و وەزارەتەکان مامەڵەمان لەگەڵ دەکەن، خۆگونجاندن کارێکی زۆر زەحمەتە و بەداخیشەوە ئێمە کەوتووینەتە سووچێکەوە کە ڕێگەی چارەسەر و بەدیلەکانمان هەر زۆر کەمن و بگرە لە هەندێك بواری وەکو مووچە و بوودجەدا ڕێگەچارەی نوێمان نییە، بۆیە جگە لە زمانی دیالۆگ و ئاشتییانە هیچ دەرچەیەکی دیکەمان لە بەردەستدا نییە.

*** باس لەوە دەکرێت کە لە کۆی زیاتر لە ٢٠ تریلیۆن دینار کە دەبووایە بەغدا لە پشکی هەرێم لە یاسای بوودجە بۆ هەرێمی کوردستانی بناردایە، تەنیا ١٠ تریلیۆن دیناری ناردووە، واتە تەنیا لە ٦٪ی داهاتی گشتیی عێراق لە کۆی ١٢,٦٪ پشکی هەرێمی کوردستان، ئایا ئەمە تا چەند مامەڵەیەکی تەندروست و یاساییە؟**

- حکومەتی عێراق لە ڕووی سیاسی و ئابووری و داراییەوە هیچی بۆ هەرێمی کوردستان نەهێشتووە، زۆربەی دەسەڵاتەکانی لە دەستماندا نەهێشتووە، بە بەرنامە و پیلانێکی تۆکمە و دابەشبوونی ڕۆڵەکانەوە، وردە وردە ئابڵوقەی داوین و لاوازکردن و بێهێزکردنی هەرێمیان کردووەتە ستراتیژیەتێك، هەر ئەمەش چاوەڕوان دەکرێت لە وڵاتێك کە بە هیچ شێوەیەك بە دەستوور مامەڵە ناکەن و بڕوایان بە فیدراڵییەت نییە و بە عەقڵیەتێکی قەومچێتی و مەزهەبی مامەڵە دەکەن، کە دەستتێوەردانی دەرەکی بە سەریەوە زاڵە. ئەوەتا تەنانەت توانای پێدانی مووچەمان نەماوە، ئەو مووچەیەی مافێکی ئاسایی و سرووشتیی هەموو مووچەخۆرێکە و پەیوەندیی بە باروبژێوی ژیانیەوە هەیە. کێشە و گرفتەکەی ئێستای ئێمە لەگەڵ حکومەتی ناوەندی لە بەغدا پارە و مووچەیە، یان ئێمە هەڵەین، یان حکومەتی عێراق هەڵەیە، خۆ دەبێت دوا جار ئەم کێشە ئەزەلی و بەردەوامە ڕوو لە چارەسەر بکات، نەوەکو لە بازنەیەکی داخراوی تۆمەتبەخشینەوەی یەکتر و جێبەجێکردنی ئەجێندا و دەستتێوەردانی دەرەکی، هەموو ئەم کێشە هەڵواسراوانە بێ چارەسەر ماونەتەوە. لە دوای ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە، بەغدا تا ئەمڕۆ بەردەوام دەسەڵاتی ئابووری و دارایی و نەوتی لە هەرێمی کوردستان وەردەگرێتەوە. یەکێك لەو دەسەڵاتانە بوونی کۆمپانیا و وەبەرهێنەرەکانیانە، بۆ ئەمەش حکومەتی بەغدا دەڵێت دەبێت ئەو کۆمپانیایانە بچنە بەغدا و مۆڵەت لە خۆمان وەربگرن، تاوەکو بتوانن مامەڵەیان لەگەڵ بکەن، وا حیسابیان کردووە ئێرە ئیدارەیەکی سەربەخۆی دەوڵەتێکی دیکەیە و دیوارێکی گومرگییان داناوە و باجی گومرگیمان لێ وەردەگرن. هەموو ئەم پاساو و بیانووانەی بەغدا بۆ ئەوەیە وردە وردە هەرچی

کۆمپانیای وەبەرهێنان و بەڵێندەرایەتی هەیە، بچنەوە بەغدا و مۆڵەت و کارەکانیان لە بەغدا بەڕێوە بچێت.

*** دوای ئەو هەموو سەردان و گفتوگۆیانەی شاندە تەکنیکییەکانی هەرێم و عێراق، لە ئەرزی واقعدا تا دێت کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا بەردەوامییان هەیە، ئایا تا چەند ئەم گرفت و کێشانە وا دەکەن لە ٢٠٢٥ وەك ساڵێکی پڕ لە کێشە و گرفت بەڕێ بکەین، بەتایبەت لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی عێراق؟**

- چەندە لەگەڵ بەغدا دابنیشین و گفتوگۆ بکەین و ڕێککەوتن واژۆ بکەین، ئەگەر نێوماڵی کورد یەکڕیز و تەبا نەبێت، ئەوا ئێمە نەك هەر ناگەینە ئەنجام، بەڵکو کێشە و گرفتی دیکەمان بۆ دەخوڵقێنن. ئەگەر پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان وەکو دوو هێزی خاوەن نفووز و ناوچە و پێشمەرگە و دارایی، یەکڕیز بن و بە زووترین کات حکومەتی هەرێمی کوردستان پێك بهێنن، ئەوا گفتوگۆ و دانوستانەکانیشمان لە بەغدا بەهێز دەبێت. هەرچی نەیار و دوژمنی کورد و ئەجێندا و بەرژەوەندیی ئیقلیمی و دەرەکی هەیە، سوود لەو ناتەباییەی نێوماڵی کورد وەردەگرن، کێشەی ناکۆکی و ناتەبایی خاڵی لاوازی ستراتیژیەتی ئێمەیە. هەر لە مێژووشدا وا بووە، کەی کورد یەك بووە، داواکاری و مافەکانی باشتر لە بەغدا جێبەجێ کراوە. لە ئێستادا هەردوو هێز بەشێکن لە هاوپەیمانێتیی بەڕێوەبردنی دەوڵەت، وابزانم بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، ناو و ناوبانگ و پێگەیەکی بەهێزی لە هەرێم و عێراق و ناوچەکەدا هەیە. ئەگەر هێزە سەرەکییە کوردییەکان پاڵپشتی بکەن، ئەوا توانایەکی دیپلۆماسی و سیاسیی باشی هەیە بۆ کاریگەری لەسەر سەرۆك وەزیران و هێزە سیاسییەکانی ناو ئیتار و هاوپەیمانێتیی بەڕێوەبردنی دەوڵەت. هەرچی هێزە سیاسییەکانی عێراق هەیە، بە پاساوی ئەوەی دەڵێن کێشەکە سیاسی نییە، بەڵکو تەکنیکییە و دایدەبەزێننە خوارەوە، هەمووشمان دەزانین چارەسەرکردنی کێشەکان لای تەکنۆکراتەکان و کەسانی خوارەوە نییە، بەڵکو ئەمانیش بە ئیعازی سەرەوە مامەڵە دەکەن. هاوکات کەسە تەکنۆکرات و تەکنیکی و هونەرییەکان گۆڕەپانەکەشیان زۆر بیرۆکراتییە و ڕۆتینی تێدایە و زۆربەی جار توانای بڕیاردان و چارەسەرکردنی خێرایان نییە، بۆیە چەند لیژنە تەکنیکی و هونەرییەکان دروست بکرێن، لە چارەسەرەکان دوور دەکەوینەوە. من زۆر گەشبین نیم لە چارەسەری کێشەکانی مووچە و بوودجە و نەوت، تاوەکو کەس و سەرکردە سەرەکییەکانی دامەزرێنەری عێراقی نوێ کۆنەبنەوە، چونکە عێراقێکی بێ ناسنامەی یەکگرتووی ئاخنراو بە عەقڵییەتی قەومچێتی و مەزهەبگەرایی، کە خۆیان لەناوخۆیاندا ناکۆك و پڕ لە کێشەن، چۆن توانای چارەسەرکردنی کێشە ئاڵۆزەکانی هەرێمی کوردستانیان هەیە.

*** پرسی هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستانیش دوای دوو خولی گفتوگۆ ڕێگە نەدرا لە پەرلەمان تێپەڕێندرێت، ئایا بۆ چارەسەرکردنی ئەم پرسەش پێویست بەوە ناکات لایەنی دەرەکی، بەتایبەتی ئیدارەی نوێی ئەمریکا فشارەکانی دەست پێبکات، تاوەکو ڕێگە بەو گەمارۆیە نەدەن درێژە بکێشێت کە لەسەر هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان دانراوە؟**

- ئەوە زیاتر لە حەوت ساڵە هەر دەڵێن دەبێت یاسای نەوت و گازی فیدراڵی دەربچێت، بۆ ئەوەی کۆتایی بەو هەموو کێشە و گرفتەی نەوت لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق بهێنرێت، ئەم یاسایە هەر دەرنەچووە و ڕێگەش نادرێت هەر هیچ نەبێت، بە دڵی هەرێمی کوردستان و مافە دەستوورییەکانی دەربچێت، ئێ خۆ دەرنەچوونی باشترە بە دەرچوونێکی پڕ لە کەموکورتی و پێشێلکردنی مافەکانی گەلی کوردستان. لە لایەکی دیکەوە، دوای سەرژمێرییش دابەشکردنی بوودجەی وڵات بەسەر ڕێژەی ڕاستەقینەی دانیشتوواندا دابەش نەکرا، هەر جارەو بە بیانوو و پاساوێك پشکی هەرێمی کوردستان نانێرن، یان کەمی دەکەنەوە. هەر پرۆژەیاسایەکیش بچێتە پەرلەمان، بە زۆرینەی پەرلەمانی و فرتوفێڵی ئیجتیهاداتی دەستووری و پاساو و بیانووی جۆراوجۆر، ناهێڵن تێپەڕبێت تاوەکو بە دڵی بەرژەوەندییەکانی خۆیان نەبێت. ئەوان ناکۆك و ناتەبان لە نێو خۆیاندا، کەچی لە داڕشتنی مادده و بڕگەکانی بوودجەی گشتیدا هەموویان لە دژی مافەکانی گەلی کوردستان یەکن، و دەیان بڕگەی نەفەقاتی فیعلی و تەقدیری و بیانووی جۆراوجۆر دەهێننەوە. داخی گرانم ئێمەش لە بەغدا لاوازین و وەکو کەسێکی نەخوێندەوار دەردەکەوین، توانای گفتوگۆ و ڕازیکردنی بەرانبەرمان نییە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمپانیاکانی نەوت و گرێبەستەکانی و هەناردەکردنی نەوت بۆ دەرەوە. بۆیە کێشەکانی نەوت و هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان چارەسەر نابێت، تاوەکو یاسای نەوت و گازی فیدراڵی بە هاوبەشی لە نێوان هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵدا دەرنەچێت.

**ئەوەی تا ئێستا بارودۆخە دارایی و ئابوورییەکەی نێوخۆی عێراق و هەرێمی کوردستانی ڕاگرتووە، بەرزیی بەهای نەوتە لە جیهاندا**

**هەموو ئەم پاساو و بیانووانەی بەغدا بۆ ئەوەیە وردە وردە هەرچی کۆمپانیای وەبەرهێنان و بەڵێندەرایەتی هەیە، بچنەوە بەغدا و مۆڵەت و کارەکانیان لە بەغدا بەڕێوە بچێت**

**چەندە لەگەڵ بەغدا دابنیشین و گفتوگۆ بکەین و ڕێککەوتن واژۆ بکەین، ئەگەر نێوماڵی کورد یەکریز و تەبا نەبێت، ئەوا ئێمە نەك هەر ناگەینە ئەنجام، بەڵکو کێشە و گرفتی دیکەمان بۆ دەخوڵقێنن**

**دوای سەرژمێرییش دابەشکردنی بوودجەی وڵات بەسەر ڕێژەی ڕاستەقینەی دانیشتوواندا دابەش نەکرا، هەر جارەو بە بیانوو و پاساوێک پشکی هەرێمی کوردستان نانێرن، یان کەمی دەکەنەوە**

**ڕۆژهات ئامەدی**
سیاسەتمەدار و توێژەری باکووری کوردستان بۆ گوڵان :

# سەرۆک بارزانی بۆ کوردی هەر چوار پارچە مەرجەع و ڕابەرە

**هیچ وڵاتێکی ئەورووپی لەو بڕوایەدا نییە بە جۆلانی، یان بە هەتەشە بارودۆخی سووریا چاک بێت**

**دەستووری نوێی سووریا بە بێ کورد نانووسرێتەوە و ئەمەش ماوەیەکی زۆری دەوێت**

**جۆلانی داواکارییەکی زۆری لەسەرە بۆیە ناتوانێت بالانسەکە ڕابگرێت و بارودۆخی سووریا ئاڵۆزتر دەبێت**

وەکو دەزانین زۆر دەوڵەت لە ناوچەکەدا گرەویان لەسەر دەرچوونەوەی دۆناڵد ترەمپ دەکرد، بۆ ئەوەی بۆ جاری دووەم ببێتەوە بە سەرۆك کۆماری ئەمریکا، بۆ ئەوەی بزانرێت بە هاتنی ترەمپ بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چەند دەگۆڕێت و کورد لەو گۆڕانکارییەدا پێگەی چۆن دەبێت. ئایا ئەو گۆڕانکارییانەی لە بەرانبەر جۆلانی و شەرع دەبینرێت، چۆن دەخوێندرێتەوە؟ ئایا جەنابی سەرۆك بارزانی بۆ زیاتر هاتنەدی قەوارەی کوردستان چی بۆ ڕۆژئاوی کوردستان پێدەکرێت و ڕۆڵی چییە لە پڕۆسەی ئاشتیی تورکیادا؟ گۆڤاری گوڵان بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە و چەندین پرسیاری دیکە دیدارێکی لەگەڵ ڕۆژهات ئامەدی سیاسەتمەدار و توێژەری باکووری کوردستان ئەنجام دا.



*** زۆر دەوڵەت لە ناوچەکە گرەویان لەسەر دووبارە دەرچوونەوەی دۆناڵد ترەمپ دەکرد، بۆ ئەوەی بۆ جاری دووەم ببێتەوە بە سەرۆك کۆماری ئەمریکا، ئێستا ترەمپ سەرۆکی ئەمریکایە، ئایا دووبارە دەرچوونەوەی ترەمپ تاچەند بارودۆخی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەگۆڕێت و کورد لەو گۆڕانکارییەدا پێگەی چۆن دەبێت؟**

- پێش ئەوەی وەڵامی پرسیارەکەتان بدەمەوە، دەبێت ئاماژە بەو پێشهات و گۆڕانکارییە نوێیە بکەم کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هاتووەتە پێشەوە. ترەمپی جاران لەگەڵ بارودۆخی جاران و ئەو کاتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەگەڵ ئێستادا جیاوازە. پێشتر ئەو مەترسییەی کە ترەمپ دەبوو بیری لێ بکاتەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، مەترسیی کەمبوونەوەی نفووزی ئەمریکا بوو لە ناوچەکەدا، بەڵام ئێستا ئەو بارودۆخە تازەیەی کە هاتووەتەدی لە دوای شەڕی حەماس و ئیسرائیل و شەڕی حزبوڵڵای لوبنانی و ئیسرائیل و شەڕی ئیسرائیل و ئێرانە، بەمەش بارودۆخێکی تازە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پەیدا بووە و سووریا بەرەو بارودۆخێکی نادیار دەچێت. لەم ڕوانگەیەوە ئەمریکا ئەمجارە لە پێشتر زیاتر ناچارە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوونی خۆی بپارێزیت. دەبێت ئەوەشمان لەبیر نەچێت، ترەمپیش ترەمپی جاران نییە، چونکە ترەمپی جاران تەنیا کابرایەکی بازرگان بوو، بەڵام ترەمپی ئێستا ئەوە ماوەی چوار ساڵە بەرەو پەیداکردنی ناسنامەیەکی سیاسی بۆ خۆی کار دەکات، ئەمەش یارمەتی ئەوەی دەدات، نەوەکو تەنیا وەکو بازرگانێك بیر

**ترەمپی جاران تەنیا کابرایەکی بازرگان بوو، بەڵام ترەمپی ئێستا ئەوە ماوەی چوار ساڵە بەرەو پەیداکردنی ناسنامەیەکی سیاسی بۆ خۆی کار دەکات**

**کورد لە سووریا ئەو هەرێمەی دروستیان کردووە، تا ئاستێک سەقامگیری هەیە و ئیدارەی خۆیان کردووە و لە هەرێمەکەدا لە نێوان پێکهاتەکاندا پێکەوەژیان هەیە**

**وڵاتانی رۆژئاوا و ئەمریکا دڵنیان کە بەرنامەی کورد تەنیا بە جەنابی بارزانی بەڕێوەدەچێت**

بکاتەوە، بەڵکو وەکو سیاسییەکیش بیر بکاتەوە، سیاسی بیرکردنەوەش دەبێتە هۆی بەدواداچوونی پڕۆژەی بەرژەوەندیی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەر بۆیەش نابێت مرۆڤ بترسێت کە ترەمپ واز لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەهێنێت و بارودۆخی کوردیش تێکدەچێت، تەواوی ئەو بیرکردنەوەیە دوورە لە ڕاستییەوە. وازهێنانی ترەمپ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تەنیا مانەوەی ئیسرائیلە لە هەرێمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەمەش نابێت و ئەمریکا قبووڵی ناکات و، ناتوانێت ڕۆڵی کوردیش فەرامۆش بکات. لەبەر ئەوەی لە ئێستادا کورد نزیکترین هاوپەیمانی جیهانی ڕۆژئاوایە و کورد بەهێزترین هاوپەیمانی ئەمریکایە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەروەها شتێکی دیکەش هەیە، دەبێت بزانرێت کە ئەویش بە دەرچوونی ئەمریکا و نەمانی هاوپەیمانیی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەوە کارەساتێك لەگەڵ خۆی دروست دەکات. بۆ نموونە لە ڕۆژئاوای کوردستان ئەمڕۆکە نزیکەی سێ ملیۆن عەرەب و دوو ملیۆن کورد دەژین و لە کاتێك بارودۆخی کورد تێکبچێت، تەنیا لە ڕۆژئاوای کوردستان دوو تا سێ ملیۆن پەنابەر دروست دەبێت، ئەو پەنابەرانە بۆ تورك و ئێران و عەرەب کێشە نابن، بەڵکو بۆ ئەوروپا و ئەمریکا دەبنە کێشە، هەر بۆیە دەبێت ئەمریکا پێش لەو کارەسات و بارودۆخە بگرێت، هەمان بۆچوون و بارودۆخیش بۆ باشووری کوردستان هەیە. من بۆچوونم وایە بە هیچ جۆرێك بە هاتنی ترەمپ بارودۆخی کورد تێك ناچێت و مومکین نییە بارودۆخی خراپ بۆ کورد دروست بێت.

*** ئەوەی لە چەند ڕۆژی ڕابردوو بینیمان، هەڵوێستی دەوڵەتانی جیهان بەرانبەر جۆلانی و هەیئەی تەحریری شام گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، بەو ئاراستەیەی دەیانەوێت مامەڵەی لەگەڵ بکەن، سزاکانی سەر سووریا کەم بکەنەوە، چۆن سەیری ئەم گۆڕانکارییە دەکەیت؟**

- هەموو جیهان و وڵاتانی ئەوروپا لەگەڵ جۆلانی هەوڵ دەدەن بۆ ئەوەی بارودۆخ لە سووریا خراپتر نەبێت، هیچ وڵاتێکی ئەورووپی لەو بڕوایەدا نییە بە جۆلانی، یان بە هەتەشە بارودۆخی سووریا چاك بێت، بەڵام بازاڕێکی سیاسی هاتووەتەدی و دەستی پێکردووە، کەچی بکرێت بۆ ئەوەی بارودۆخی سووریا لەمە خراپتر نەبێت. تازە ئەحمەد شەرع (جۆلانی) وەکو هێزی هەتەشە ئەو هێزە نییە کە بتوانن بە یەکدەنگی بچنەپێش، چونکە لەناو جەماعەتی جۆلانی گرووپ و حزبی جۆربەجۆر هەن کە وەکو یەك بیر ناکەنەوە، بەڵکو بیروباوەڕی زۆر جیاوازیان تێدا هەیە. بۆ نموونە لەناو گرووپ و دەسەڵاتداری جۆلانی هێزێك هەیە کە پێی دەگوترێت «پارتی ئیسلامیی تورکمانستان»، ئەم پارتە گەورەترین هێزن و زۆر مەترسیدار و ڕادیکاڵن و زۆر جیاوازن لە گرووپەکانی دیکە و بۆی هەیە، جۆلانی بڕیاری خۆی بدات و دەیەوێت ببێتە کابرایەکی لیبراڵ، بەڵام زۆر زەحمەتە لە بڕیارەکانیدا سەرکەوتوو بێت. لەلایەکی دیکەوە ئەو دەسەڵاتدارییەتییە (جۆلانی) هەوڵ دەدات، داواکاریی ئەوروپا جێبەجێ بکات و داواکاریی وڵاتانی عەرەبیش جێبەجێ بکات و لەلایەکی دیکەشەوە داواکاریی تورکیاش هەیە و ئەو داواکارییانە زۆر زۆر لە یەکتر جیاوازن. بۆ نموونە داواکاریی تورکیا ئەوەیە کە جۆلانی و دەسەڵاتداری تازە لە شام لەگەڵ کورد ڕێککەوتن نەکات و دژی کورد شەڕ بکات و سیاسەتێك بەڕێوەببات، کورد هەموو چەکی خۆی دابنێت و تەسلیمی جۆلانی و شام بێت، هەرچی ئەوروپاش هەیە هەم بە تورك دەڵێت و هەم بە دەسەڵاتدارییەتیی تازەی سووریا دەڵێت، نابێت کورد چەك دابنێت و نابێت تەسلیم بە تورکیا ببێت، بەڵکو دەبێت بەو جۆرەی هەیە کورد بمێنێت، لەبەر ئەوەی کورد لە سووریا ئەو هەرێمەی دروستیان کردووە، تا ئاستێك سەقامگیری هەیە و ئیدارەی خۆیان کردووە و لە هەرێمەکەدا لە نێوان پێکهاتەکاندا پێکەوەژیان هەیە.

*** لە دوای ڕووخانی ڕژێمی ئەسەدەوە دەبینین جووڵەیەك لەسەر پرسی کورد لە سووریا هاتووەتە ئاراوە، سەرۆك بارزانی هەر لە سەرەتاوە پێشوازی لە چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد لە سووریا کردەوە،**

**بۆ ئەمەش نوێنەری تایبەتی خۆی نارد بۆ ڕۆژئاوا لەگەڵ مەزڵووم عەبدی کۆبووەوە، پاشانیش مەزڵووم عەبدی سەردانی باشووری کوردستانی کرد و لەگەڵ سەرۆك بارزانی کۆبووەوە. ئایا لەم بارودۆخەدا چۆن سەیری ئەو هەوڵانەی سەرۆك بارزانی دەکەیت کە ئامانجیەتی کورد یەك بن و یەك گوتاریان هەبێت؟**

- ئەو هەوڵدانەی کە ئێستا جەنابی سەرۆك بارزانی دەیدات ئەوە دەبێت پێشتر بکرابایە، لەبەر ئەوەی جەنابی سەرۆك بارزانی نەك تەنیا سەرۆکی باشووری کوردستان و سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانە، بەڵکو لە هەموو پارچەکانی کوردستان و لەلایەن هەموو کوردێکەوە وەکو سومبل و مەرجەعی کورد تەماشا دەکرێت، بەڵام بارودۆخی سیاسیی هەرێمایەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی لە تورکیا و ئێران و سووریا ڕێگا نادەن کە ڕۆڵی خۆی ببینێت و تورکیا بە باشووری کوردستانی دەگوت، نابێت ئێوە دەستتێوەردان لە ڕۆژئاوای کوردستان بکەن، لەبەر ئەوەی جەنابی سەرۆك نەیتوانی بە تەواوی هاوکار بێت بۆ ڕۆژئاوی کوردستان و ئەوەی کە پێشمەرگە بۆ کۆبانێ و ڕزگارکردنی شتێکی جیاکاری بوو، ئەگەر تیرۆریستانی داعش نەبووایە، ئەم کارەش نەدەکرا، بەڵام ئێستا لە سووریا حاڵەتێکی نوێ دروست بووە و بەگشتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە پێش گۆڕانکارییەکی گەورە دایە، هەر بۆیە تورکیاش ناچارە لەو بارودۆخەدا بە ڕێگایەکی کەمترین زیان دەربچێت. بە باوەڕی من تورکیا ئێستا گەیشتووەتە ئەو باوەڕە ئەگەر چارەسەرییەك لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ کورد هەبێت، ئەوە سەرۆك بارزانی ئەدرێسی هەرە ڕاستە و لە کاتێکدا هێزی توندڕەویش لە ناو کورد هەبێت، ئەوا بۆ بێدەنگکردنی ئەو هێزانە بە ڕێگای ئاشتییانە بارزانی دەتوانێت ئەو ڕۆڵە بگێڕێت و ئەوەی تورکیا ئێستا دەیکات و باس لە پرۆسەی ئاشتی دەکات، بۆ ئەوە نییە کە پێی خۆش بێت کێشەی کورد چارەسەر بکات، بەڵکو بۆ ئەوەیەتی لەو بارودۆخەی ئێستاکە بە شێوەیەکی هەرزانتر و بە بێ قەزا و بەڵا لێی بێتە دەرەوە، ئەوەش تەنیا بە لۆژیك و بیرکردنەوەی سەرۆك بارزانی مومکین دەبێت و هیچ ڕێگایەکی دیکە نییە. من پێموایە تورکیاش ڕازییە کە جەنابی سەرۆك بارزانی لە سووریا ئەو ڕۆڵە ببینێت، کە ئەمەش ڕۆڵێکی دیار و گەورەیە، لەلایەکی دیکەوە وڵاتانی ڕۆژئاوا و ئەمریکا دڵنیان کە بەرنامەی کورد تەنیا بە جەنابی بارزانی بەڕێوەدەچێت. هاوکات تورکیاش دەزانێت کە ڕێز و تەقدیر و نرخێکی گەورە لەلایەن ئەوروپا و ئەمریکا بۆ سەرۆك بارزانی هەیە، هەروەها ڕێز و گەورەییەکی زۆر لەلایەن وڵاتانی کەنداو و عەرەب بۆ جەنابی سەرۆك بارزانی هەیە، کە کەسایەتییەکی ئاشتیخواز و دوور لە شەڕ و کێشەیە و داکۆکیکارە بۆ قەزییەی کورد و کوردستان بە ڕێگای ئاشتی و لێبوردەیی و هاتنەدی سەقامگیری بۆ ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

**تورکیاش دەزانێت کە ڕێز و تەقدیر و نرخێکی گەورە لەلایەن ئەوروپا و ئەمریکا بۆ سەرۆک بارزانی هەیە**

*** لە پێناوی ئەوەی کێشەی کورد لە سووریا بە ئاشتییانە چارەسەر بکرێت، ئایا پەکەکە واز لە دەستتێوەردانەکانی لە ڕۆژئاوا دەهێنێت، بۆ ئەوەی دەروازەیەك بکرێتەوە و کوردیش بەشدار بێت لە نووسینەوەی دەستووری داهاتووی سووریادا؟**

- ئەگەر بابەتێکی وەکو دەستوور لە سووریا بێتە گۆڕێ و بیانەوێت بینووسنەوە، ئەوە بەبێ کورد نابێت و ناکرێت. ئەگەرچی من پێموایە لە ماوەیەکی کورت و لە ئێستادا ناتوانرێت دەستوورێکی تازە بۆ سووریا بنووسرێت. پەکەکە کاری بە دەستوور و ئەو جۆرە بابەتانە نییە، بەڵکو پەکەکە ئێستا دەبێت خۆی لە کاروباری ڕۆژئاوای کوردستان بکێشێتەوە و ئەمە داواکاریی هەموو دنیایە، ئەگەر هاتوو نزیکبوونی باشووری کوردستان و ڕۆژئاوای کوردستان بەهێز بێت و هەموو پارت و هێزەکانی ڕۆژئاوی کوردستان یەك بگرن، ئەو کات پەکەکە لە ڕۆژئاوی کوردستان نامێنێت و ئەو کاتیش کە پەکەکە لە ڕۆژئاوی کوردستان نامێنێت، ئەوە نەمانی پەکەکەیە لە شنگالیش.

**پەکەکە ئێستا دەبێت خۆی لە کاروباری ڕۆژئاوای کوردستان بکێشێتەوە و ئەمە داواکاری هەموو دنیایە**

*** پێدەچێت سەردانەکانی شاندی دەم پارتی بۆ ئیمیرالی ئاکامێکی هەبێت، بە جۆرێك**



**تورکیا ئێستاکەش لەو هزرەدایە کە وڵاتانی ڕۆژئاوا لە سووریا و باشووری کوردستان دەوڵەتێکی کوردستان دروست دەکەن**

**بانگەشە بۆ چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد لە تورکیا زیاتر ببیستین. ئایا پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا ڕاستەڕێی خۆی دەگرێت؟ ڕۆڵی هەرێمی کوردستان لەو پرۆسەیەدا چۆن دەبێت؟**

- دیالۆگ لەگەڵ ئۆجەلان تازە نییە، ئەوە نزیکەی پێنج - شەش مانگە دەرگا کراوەتەوە بۆ ئەو دیالۆگە کە لەگەڵ ئۆجەلان ئەنجام بدرێت، ئەو دیالۆگەش لەلایەن تورکیاوە لەو کاتەوە هات کە دیتیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گۆڕانکاریی زۆر زۆر گەورە دروست دەبێت، تورکیا ئێستاکەش لەو هزرەدایە کە وڵاتانی ڕۆژئاوا لە سووریا و باشووری کوردستان دەوڵەتێکی کوردستان دروست دەکەن، هەر بۆیە تورکیا هاتە ئەو باوەڕەی کە لەگەڵ کوردی خۆی هەوڵێك بدات بچێتە ناو ئەو بارودۆخەوە، ئەگەرچی وەکو دەزانین پێش سەد ساڵ تورکیا ئەو یارییەی کرد و دەیەوێت هەمان کار و یاری لەگەڵ کوردی خۆی لە باکووری کوردستان دووبارە بکاتەوە، کە پێش سەد ساڵ وڵاتانی ڕۆژئاوا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوون، تورکیا هەوڵیدا کورد بکاتە لایانگری خۆی تاوەکو کورد لە وڵاتانی ڕۆژئاوا دوور بکەونەوە و تورکیا ڕایگەیاند کە تورکیا هی نەتەوەی کورد و تورکە، بەڵام پاش ئەوەی فەرەنسا و ئینگلیز لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەمان، تورکیا زمانی کوردییشی قەدەغە کرد و لە بەڵێن و قسەکانی خۆی پەشیمان بووەوە، ئێستاش تورکیا هەمان یاری دووبارە دەکاتەوە، بەڵام بارودۆخی ئێستا وەکو پێش سەد ساڵ نییە و کوردیش ئەوە دەزانێت و ئاگاداری یارییەکەشە، ئەگەرچی تورکیا ئێستا دەڵێت با هەندێ مافی وەکو ڕۆشنبیری و کەلتووری بۆ کورد بێنمەدی، تاوەکو لەگەڵ من بمێنن و کورد نەبنە هاوپەیمانی ڕۆژئاوا و ئەمریکا،

**لەو کاتەوە ئۆجەلان گیراوە لە ئیمیراڵی تا ئێستا دەڵێت و ڕادەگەیەنێت، من ئامادەم خزمەتی دەوڵەتی تورکیا بکەم و ڕۆڵی ڕۆژئاوا و ئەمریکا و ئیسرائیل لە ڕۆژهەڵاتی ناوین تێک بدەم**



**داواکاریی تورکیا لە ئۆجەلان ئەوەیە، نەک تەنیا پەکەکە چەک دابنێت، بەڵکو دەبێت پەکەکە هەر نەمێنێت، پەکەکەش ئەمە قبووڵ ناکات**

هەر ئەمەشە وای کرد، ئەو دیالۆگە دەستی پێکرد لەگەڵ ئۆجەلان کە دەزانین لەو کاتەوە ئۆجەلان گیراوە لە ئیمیراڵی تا ئێستا دەڵێت و ڕادەگەیەنێت، من ئامادەم خزمەتی دەوڵەتی تورکیا بکەم و ڕۆڵی ڕۆژئاوا و ئەمریکا و ئیسرائیل لە ڕۆژهەڵاتی ناوین تێك بدەم.

بێگومان ڕۆڵی جەنابی سەرۆك بارزانی و باشووری کوردستان لە بەرانبەر باکووری کوردستان زۆر گرنگە، بەردەوام سەرۆك بارزانی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە و دەڵێت ئێمە لەگەڵ ئەوەین و پاڵپشتی و هەماهەنگی دەکەین بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی ئاشتیی نێوان کوردی باکوور و تورکیا، جەخت لەوەش دەکاتەوە ئەگەر لە دەستی ئێمەشدا بێت، ئەو کارە دەکەین بۆ ئەوەی ئەو پرۆسەی ئاشتییە سەرکەوتوو بێت. بەڵام داواکاریی تورکیا لە ئۆجەلان ئەوەیە، نەك تەنیا پەکەکە چەك دابنێت، بەڵکو دەبێت پەکەکە هەر نەمێنێت، پەکەکەش ئەمە قبووڵ ناکات. داواکاریی تورکیا زیاتر لە ئۆجەلان ئەوەیە کە نەهێڵێت ڕۆژئاوای کوردستان زیاتر پێش بکەوێت، بەڵام ئێستا قەناعەتێك بۆ تورکیا و بۆ ئۆجەلانیش دروست بووە، کە ئۆجەلان، ئۆجەلانی جاران نییە و پەکەکەش پەکەکەی جاران نییە و کوردیش کوردی جاران نییە و زۆر پێشکەوتووترە و، دەزانێت چی بکات بۆ گەیشتن بە مافی ڕەوای خۆی. ئۆجەلان کە پێشتر قسەیەکی دەکرد، گوێی لێدەگیرا، ئەگەرچی ئێستا ئەوە نەماوە، هەر بۆیە ئەو یارییەی بە ناوی پرۆسەی ئاشتی تورك بانگەشەی بۆ دەکات، سەر ناکەوێت. لەلایەکی دیکەوە جاران کوردانی باکوور گوێیان لە ئۆجەلان و پەکەکە دەگرت و گوێیان بە بارزانی نەدەدا، بەڵام ئێستا پێچەوانە بووەتەوە زۆر بە متمانەوە کوردی باکوور گوێ لە بارزانی و ڕاوبۆچوونەکانی دەگرن .

**جاران کوردانی باکوور گوێیان لە ئۆجەلان و پەکەکە دەگرت و گوێیان بە بارزانی نەدەدا، بەڵام ئێستا پێچەوانە بووەتەوە زۆر بە متمانەوە کوردی باکوور گوێ لە بارزانی و ڕاوبۆچوونەکانی دەگرن**




پرۆفیسۆر بێرنارد هەیکەل، ئوستادی دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە و بەڕێوەبەری پەیمانگەی دیراساتی وەرچەرخانە ناوچەییەکانە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی هاوچەرخ و باکووری ئەفریقیا و ئاسیای ناوەڕاست لە زانکۆی پریستۆن، لە ساڵی ١٩٩٨ تێزی دکتۆراکەی بە ناونیشانی «ئیسلام و مێژوو» پێشکەشی زانکۆی ئۆکسفۆرد کردووە و، دەیان توێژینەوەی گرنگی لە بوارەکانی «سیاسەت و کۆمەڵگە، وزە» لەسەر وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کەنداو کردووە، لە ئێستادا لە ناو میدیای ئەمریکیدا بە «دیارترین مەرجەعییەتی سکولاریزم لەسەر ئیسلامی سیاسی» ناسراوە. بۆ قسەکردن لەبارەی دۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە ئێستا لە هەموو کاتێك زیاتر گۆڕانکارییەکان بەردەوامن و پێشبینی ناکرێت ئاراستەکەیان بەرەو کوێ دەچێت، ئەم دیمانە تایبەتەمان لەگەڵ ئەنجام دا و بەم جۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.



## پرۆفیسۆر بێرنارد هەیکەل بۆ گوڵان:

# هەرێمی کوردستان ڕۆڵێکی گرنگی لە چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە سووریا دەبێت

*** بە لەبەرچاوگرتنی ئەو گۆڕانکارییە بەردەوامانەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕوو دەدەن، ئایا ڕۆڵی کورد لە ناو ئەم وێنە جیۆپۆلیتیکییە فراوانەدا چۆن دەبینن، بەتایبەتی هەرێمی کوردستان لە عێراقدا، ئایا خواستی کورد بۆ جۆرێك لە ئۆتۆنۆمی لە سووریا تا چەند کاریگەریی لەسەر هاوکێشەی نێوان هاوپەیمانە سیاسییەکانی ئەم پرسەدا دەبێت؟**

- لە ناو ئەم هاوکێشە تازەیەدا، پرسیارە گەورەکە ڕووبەڕووی کوردی سووریا «یەپەگە» دەبێتەوە. ئەمەش لەبەر ئەوەیە تورکیا بە ئاشکرا ئامانجی ئەوەیە کە دەوڵەتی تازەی سووریا «دەوڵەتێکی بەهێز و سەنتراڵی» بێت و تەواوی ناوچە کوردییەکانی سووریا کۆنترۆڵ بکات، یان هەر لەسەر نەخشە بیسڕێتەوە، هەر بۆیە ئەوان نایانەوێت کوردی سووریا خاوەنی هیچ جۆرە بەڕێوەبردنێکی ئۆتۆنۆمی بێت، ئەمەش چەندین کێشەی ڕاستەقینە بۆ چەندین هێزی ناوچەکە دەخولقێنێت. بۆ نموونە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە هاوپەیمانێکی بەهێزی کوردی سووریایە لە شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش، ژمارەیەکی زۆر لە بەندکراوەکانی تیرۆریستانی داعش لەو کەمپ و بەندیخانانەن کە لەلایەن کوردی سووریاوە بەڕێوەدەبرێن. پرسیار لێرە ئەوەیە، ئەگەر هێرش بکرێتە سەر هێزەکانی یەپەگە و تێك بشکێنرێن، ئایا چارەنووسی ئەو تیرۆریستە بەندکراوانە چی بەسەر دێت، یان هێزەکەی لەبەر یەك هەڵبوەشێتەوە؟ ئایا دەسەڵاتدارانی ئێستای سووریا کە خۆیان سۆزیان بۆیان هەیە و پێشتر ئەندامی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش بوون،

**تورکیا بە ئاشکرا ئامانجی ئەوەیە کە دەوڵەتی تازەی سووریا «دەوڵەتێکی بەهێز و سەنترالی» بێت و تەواوی ناوچە کوردییەکانی سووریا کۆنترۆڵ بکات، یان هەر لەسەر نەخشە بیسڕێتەوە**

**ئێران کە ئێستا دوای کەوتنی ڕژێمی ئەسەد پێگەی لە سووریا نەماوە، هەوڵ دەدات بە ڕێگەی کورد و هەندێک کەمینەی دیکەی سووریا دووبارە جێ پێیەک بۆ خۆی دروست بکاتەوە**

**ئێستا دۆناڵد ترەمپ دووبارە سەرۆکی ئەمریکایە کە کەسایەتییەکە ناتوانرێت هیچ مەزندەیەکی لەسەر بنیادبنرێت و سیاسەتەکەی بەرانبەر بە داهاتووی سووریا ڕوون نییە**

**ئاراستەی زاڵ لە ئیدارەی تازەی ترەمپدا بەو جۆرەیە کە نایانەوێت بە تەواوەتی شکست و لەبەریەکهەڵوەشانەوەی هێزەکانی کوردی سووریا ببینن، بۆ ئەمەش هەرێمی کوردستانی عێراق ڕۆڵێکی زۆر گرنگی دەبێت**

دەتوانن کۆنترۆڵی ئەو کەمپانە بکەن و ڕێگە نەدەن جارێکی دیکە ئەو تیرۆریستانەی داعش بە ناوچەکەدا بڵاو ببنەوە؟ هەر بۆیە چەندین پرسیاری بێ وەڵام سەبارەت بە بارودۆخی سووریا هەن، بەتایبەتیش کە دێنە سەر کێشەی کورد لە سووریا.

لە ناو ئەم هاوکێشە تازەیەدا ململانێش لە نێوان هێزە جیاوازەکاندا هەیە. تورکیا ئاراستەیەکی ئیخوان موسلمینی هەیە و دەیەوێت هەیئەی تەحریری شام دەسەڵاتی دەوڵەتی سووریا کۆنترۆڵ بکات، بەڵام لە بەرانبەردا ئیمارات و سعودیە و زۆربەی دەوڵەتانی کەنداو نایانەوێت هێزێکی ئیسلامی لە دەوڵەتی سووریای نوێدا باڵادەست بێت، بە هەمان شێوە ئیسرائیل و ئەمریکاش ئەم ئاراستەیە ڕەت دەکەنەوە و نایانەوێت هێزێکی ئیسلامگەرا لە سووریا باڵادەست بێت.

لە لایەکی دیکەوە ئێران کە ئێستا دوای کەوتنی ڕژێمی ئەسەد پێگەی لە سووریا نەماوە، هەوڵ دەدات بە ڕێگەی کورد و هەندێك کەمینەی دیکەی سووریا دووبارە جێ پێیەك بۆ خۆی دروست بکاتەوە، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا پرسیارە گەورەکە لەسەر داهاتووی سووریا ئەوەیە ئایا سووریا بە یەکگرتوویی دەمێنێتەوە، یان دابەش دەبێت بەسەر ناوچە و نفووزی هێزە جیاوازەکاندا؟ ئەگەر سەیری نەخشەی جیۆسیاسیی ئێستای سووریا بکەین، دەبینین، کورد کۆنترۆڵی باکووری ڕۆژهەڵاتی کردووە، دروزییەکان بە پشتگیریی ئیسرائیل کۆنترۆڵی باشووری ڕۆژئاوایان کردووە و، هیچ بە دووری نازانم عەلەوییەکان و کریستیانەکانیش لەوانەیە لە باکووری ڕۆژئاوا ناوچەیەك بۆ خۆیان کۆنترۆڵ بکەن، بۆیە بارودۆخەکە هیچ ڕوون نییە، لەسەرووی هەموو ئەمانەشەوە، ئێستا دۆناڵد ترەمپ دووبارە سەرۆکی ئەمریکایە کە کەسایەتییەکە ناتوانرێت هیچ مەزندەیەکی لەسەر بنیادبنرێت و سیاسەتەکەی بەرانبەر بە داهاتووی سووریا ڕوون نییە. ئاشکرایە لە خولی یەکەمی سەرۆکایەتییەکەی (٢٠١٧-٢٠٢١) خواستی ئەوەی بوو دەستبەرداری کوردی سووریا ببێت و، چرای سەوز بۆ تورکیا هەڵبکات و هێزەکانی بکێشێتەوە، ئەم هەوڵەی ترەمپ ڕاوەستێندرا و، دوایی لەلایەن ئیدارەکەی ئاکامە کارەساتبارەکەی بۆ ڕوون کرایەوە. لە ناو ئیدارەی ئێستای ترەمپیشدا دوو باڵی جیاواز هەن، باڵێکیان زۆر پشتگیری لە کورد دەکەن لەبەر ئەوەی کوردی سووریا وەك هاوبەشێکی سەرەکیی ئەمریکا بەشدارییەکی کاریگەری لە شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش کردووە. باڵەکەی دیکەیان باوەڕیان بە سیاسەتی گۆشەگیری وەك سیاسەتێکی بنەڕەتی بۆ ئەمریکا هەیە و، بە ئاشکرا دەڵێن با هێزەکانمان لە سووریا بکێشینەوە و دەستبەرداری کورد ببین و بیدەینە دەستی تورکیا، یان دەوڵەتی سووریا.

*** سەرۆك ترەمپ لەو کاتەی کە هێزەکانی هەیئەی تەحریری شام گەیشتنە دیمەشق، بە ئاشکرا گوتی ئەوە شەڕی ئێمە نییە، ئایا ئەمە وەك ڕەهەندێکی گشتیی سیاسەتی ئێستای ترەمپ سەیر ناکرێت؟**

- بێگومان، لەبەر ئەوەی ترەمپ نەك تەنیا بەرانبەر سووریا، بگرە هیچ شەڕێکی ئەم جیهانە بە شەڕی خۆی سەیر ناکات، تیمەکەشی لەم ئیدارە تازەیەدا دابەش بوون. بەشێکیان وەك ئاماژەم پێکرد دەیانەوێت ئەمریکا ڕۆڵی لەسەر کێشە جیهانییەکان هەبێت، بەشێکیشیان پێداگری لەسەر گۆشەگیریی ئەمریکا دەکەن، تەنانەت نایانەوێت ئەمریکا پشتگیریی ئیسرائیلیش بکات، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی، ئاراستەی زاڵ لە ئیدارەی تازەی ترەمپدا بەو جۆرەیە کە نایانەوێت بە تەواوەتی شکست و لەبەریەکهەڵوەشانەوەی هێزەکانی کوردی سووریا ببینن، بۆ ئەمەش هەرێمی کوردستانی عێراق ڕۆڵێکی زۆر گرنگی دەبێت، بەتایبەتی کە دەوڵەتانی دیکەی ناوچەکە وەك ئیمارات و سعودیە و هەندێك دەوڵەتی دیکەی ناوچەکە نایانەوێت هەژموونی تورکیا لە سووریای نوێدا بەو ئاستە بێت، بۆیە ڕۆڵی هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ کوردی سووریا کاریگەریی گەورەی دەبێت.

*** بابەتێکی دیکە کە کاریگەریی لەسەر کۆی هاوکێشەکانی ناوچەکە هەیە، مەزهەبگەرایی ئیسلامی و هەژموونی دەوڵەتە زلهێزەکانی هەرێمەکەیە و، ئەو دەوڵەتانە کاریگەرییان لەسەر دەوڵەتانی دیکەی ناوچەکە**

**هەیە. بۆ نموونە تورکیا کاریگەریی لەسەر سووریای نوێ هەیە و، ئێران کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر عێراق هەیە. ئایا بە بۆچوونی ئێوە عێراق دەتوانێت ڕێگەیەك بدۆزێتەوە بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگیی ئەو گوشارە دەرەکییانە و سەروەریی خۆیشی بپارێزێت؟**

- سەرەتا دەبێت ئەوەتان پێ بڵێم کە پسپۆڕایەتیی من لەسەر عێراق نییە، بەڵام ئەوەی لە عێراق دەیبینم، دۆخێکە هاوشێوەی دۆخی لوبنانە، لە عێراقدا بێجگە لە دابەشبوونی ئایینی و مەزهەبگەرایی، دابەشبوونی نەتەوەییش هەیە، ئەمە لە کاتێکدا لە لوبنان تەنیا دابەشبوونی ئایینی و مەزهەبگەرایی هەیە. بێگومان هێزە دەرەکییە گەورەکانی ناوچەکە سوود لەم دابەشبوونە وەردەگرن، وەك دەبینین ئێران پشتگیریی گرووپە شیعەکان دەکات، دەوڵەتانی دیکەی ناوچەکەش پشتگیریی گرووپە سوننەکان دەکەن.

عێراق ئەگەر هەوڵ بدات کێشە ناوخۆییەکانی وڵاتەکەی بەبێ گوشار و کاریگەریی هێزی دەرەکی چارەسەر بکات، دەتوانێت ڕۆڵێکی گەورە بگێڕێت، ئەمەش جۆرێکە لە تاقیکردنەوە. ئەگەر سەرکردە شیعەکانی عێراق بە ئێران بڵێن: «ئێوە ڕاستە بەرژەوەندیتان لە عێراقدا هەیە، بەڵام دەست لە کاروباری ناوخۆی ئێمە وەرمەدەن، ئێمە ڕێز لە سەروەریی وڵاتی ئێوە دەگرین و ئێوەش ڕێز لە سەروەریی وڵاتی ئێمە بگرن. ئەگەر بتوانن ئەم هەنگاوە هەڵبگرن، کارێکی زۆر باش دەکەن، بەڵام بە پێچەوانەوە «عێراق، سووریا، لوبنان» هەروەك گۆڕەپانێکی تۆپی پێ دەبن و ئەو تیمە جیاوازانەی لەلایەن هێزە دەرەکییەکانەوە پاڵپشتی دەکرێن بۆ شەڕکردنی نێوان گرووپە جیاوازەکان، وەك خۆیان بەردەوام دەبن و گەمەی خۆیانی تێدا دەکەن.

*** سەبارەت بە ڕۆڵی سعودیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە ئێستا سعودیە ڕۆڵێکی سەنتراڵی لەسەر ئاستی سیاسەتی هەرێمی و بازاڕی وزەی جیهانیدا دەگێڕێت. ئایا چۆن سەیری ڕۆڵی سعودیە دەکەیت لە لایەك لە هەوڵە نەریتییەکەی خۆی کە دەیەوێت جۆرێك لە سەرکردایەتیی جیهانی عەرەبی بکات، لە هەمان کاتدا لەسەر ئاستی ناوخۆ هەوڵی کرانەوە و مۆدێرنەی کۆمەڵگە دەدات لەبەر ڕۆشنایی ستراتیژیەتی ڤیژنی ٢٠٣٠؟**

- وەك ئاشکرایە، ئێستا عەرەبستانی سعودی وەرچەرخانی ئابووری و پەرەپێدانی ژێرخانی وڵاتەکەی خستووەتە سەرووی هەموو شتێکی دیکەوە. یەکێك لە هەنگاوەکانی ئەوەیە ستراتیژیەتی هەمەچەشنی سەرچاوەی داهات بۆ وڵاتەکەی دروست بکات و تەنیا پشت بە داهاتی نەوت نەبەستێت و، بناخە بۆ ئابوورییەکی نوێ دابڕێژێت، هەوڵەکانی بۆ ئەوەیە زیاتر وەبەرهێنان لە سێکتەرەکانی «تەکنەلۆژیا، پیشەسازیی لۆجیستی، گەشتیاری و.. هتد» بکات، بۆ ئەوەی وڵاتەکەی لە بەرانبەر ئەو وەرچەرخانەی چاوەڕوان دەکرێت بە سەر کەرتی وزەدا بێت، خۆڕاگر بێت. کەواتە ئێستا ستراتیژیەتی سەرەکیی سعودیە بەم ئاراستەیەیە. کەواتە ئەم ئاراستەیە پێمان دەڵێت، عەرەبستانی سعودی بەو جۆرە سەیری کۆی هەرێمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکات، کە خزمەتی بەرژەوەندییە ناوخۆییەکانی بکات، کە ئەویش دۆسیەی خزمەتگوزاریی ناوخۆییە و چەندە ناوچەکەش سەقامگیر بێت، خزمەتی بەرژەوەندییەکانی سعودیە دەکات. لە ئێستادا سعودیە ئامانجی ئەوەیە کە مەترسیی ئێران بڕەوێنێتەوە، بۆیە لە هەوڵی ئەوەدایە پەیوەندییەکی زۆر باشیان لەسەر ئاستەکانی ئابووری، بازرگانی، فەرهەنگی لەگەڵدا دروست بکەن، بۆ ئەوەی بەرژەوەندییەك لە سەقامگیریی ناوچەکە بۆ ئێرانیش دروست ببێت. دەیانەوێت شەڕی ناوخۆی سوودان کۆتایی بێت و سەقامگیری بگەڕێتەوە بۆ سوودان. ترسی ئەوەیان هەیە ئەگەر شەڕەکە بەردەوام بێت، خەڵکێکی زۆر ئاوارە بن و ڕوو بکەنە عەرەبستانی سعودیە. هەروەها دەیانەوێت ڕێککەوتنی ئاشتی لە نێوان حووسییەکان و هێزە سیاسییەکانی دیکەی یەمەندا بێتە ئاراوە، بۆیە سعودیە هیچ هەنگاوێك هەڵناگرێت کە خزمەتی دۆسیەی سیاسەتی ناوخۆی وڵاتەکەی نەکات، هەر بۆیەشە جارێکی دیکە پارە لە لوبنان و فەلەستین خەرج ناکات، ئەگەر لە بەرژەوەندیی سیاسەتی ناوخۆی خۆی نەبێت.

**عێراق ئەگەر هەوڵ بدات کێشە ناوخۆییەکانی وڵاتەکەی بەبێ گوشار و کاریگەریی هێزی دەرەکی چارەسەر بکات، دەتوانێت ڕۆڵێکی گەورە بگێڕێت، ئەمەش جۆرێکە لە تاقیکردنەوە**

**یەکێك لە هەنگاوەکانی ئەوەیە ستراتیژیەتی هەمەچەشنی سەرچاوەی داهات بۆ وڵاتەکەی دروست بکات و تەنیا پشت بە داهاتی نەوت نەبەستێت و، بناخە بۆ ئابوورییەکی نوێ دابڕێژێت**

**لە ئێستادا سعودیە ئامانجی ئەوەیە کە مەترسیی ئێران بڕەوێنێتەوە، بۆیە لە هەوڵی ئەوەدایە پەیوەندییەکی زۆر باشیان لەسەر ئاستەکانی ئابووری، بازرگانی، فەرهەنگی لەگەڵدا دروست بکەن**

**سعودیە هیچ هەنگاوێك هەڵناگرێت کە خزمەتی دۆسیەی سیاسەتی ناوخۆی وڵاتەکەی نەکات، هەر بۆیەشە جارێکی دیکە پارە لە لوبنان و فەلەستین خەرج ناکات، ئەگەر لە بەرژەوەندیی سیاسەتی ناوخۆی خۆی نەبێت**

* لێرەوە جارێکی دیکە دێمەوە سەر بارودۆخی عێراق، بێگومان عێراق وڵاتێکە کە ئیسلامی سیاسیی شیعە و ئیسلامی سیاسیی سوننە هەژموون و باڵادەستییان تێیدا هەیە، لە ئێستا ئیسلامی سیاسیی شیعە دەسەڵاتی لە دەستدایە، ئایا ڕۆڵی ئیسلامی سیاسی لە پرۆسەی حوکمڕانیی وڵاتدا چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟

- وەك ئاماژەت پێ کرد، لە عێراقدا ئیسلامی سیاسیی «شیعە و سوننە» هەیە. هەردوو مەزهەبەکە دوو ئایدیۆلۆژیەتی گشتگیرن و بروایان بە لێبوردەیی و یەکتر قبووڵکردن نییە، کە تەنیا لێبوردەیی و یەکتر قبووڵکردن ناسنامەیەکی نیشتمانیی یەکگرتوو بنیاد دەنێت، بەڵام ئەم ناسنامە یەکگرتووە لە عێراق و لوبنان نابینم و هۆکارەکەش باڵادەستیی ئیسلامی سیاسییە. بوونی هێزگەلێکی ئیسلامی سیاسی بەبێ پشتگیریی دەرەکی نابێت، لەبەر ئەوەی ئیسلامی سیاسی بڕوای بە ئاوەدانکردنەوە و دۆزینەوەی هەلی کار و بەرژەوەندیی وڵاتەکەی خۆی نییە، ئەو ئەو کارانە دەکات کە هێزە دەرەکییەکە ئاراستەی دەکات. لە ئێستادا ئیمارات و عەرەبستانی سعودی بە هیچ شێوەیەك پشتگیریی هیچ هێزێکی ئیسلامی سیاسی ناکەن و بروایان بە ئیسلامی سیاسی نییە. ئەو وڵاتانەی لە ئێستا پشتگیریی هێزەکانی ئیسلامی سیاسی دەکەن قەتەر، تورکیا و ئێرانە. بۆیە لە ناو هاوکێشەکەدا ناتوانن بەرژەوەندیی وڵاتی خۆیان ڕەچاو بکەن. هەر بۆ نموونە لە شەڕی ئەم دواییەی نێوان ئیسرائیل و حەماس، هەموو لوبنانییەکان دژی ئەوە بوون کە حزبوڵڵا هێرش بکاتە سەر ئیسرائیل، بەڵام حزبوڵڵا بەردەوامیی بە هێرشەکانی بۆ سەر ئیسرائیل دا، هەتا ئەو هەموو کاولکارییەی بەسەر لوبناندا هێنا. بێگومان ئەو میلیشیا چەکدارانەی عێراقیش کە وەك حزبوڵڵا بیر دەکەنەوە، هەرگیز بەرژەوەندییەکانی عێراق لەبەرچاو ناگرن و تەنیا ئەو کارانە دەکەن کە هێزی دەرەکی ئاراستەیان دەکات.

* لەبەر ئەوەی من وەك گەنجێکی هەرێمی کوردستان ئەم دیمانەیەت لەگەڵ دەکەم، لەگەڵ ئەوەی دەشزانم پرسیارەکەم ناکەوێتە ناو چوارچێوەی پسپۆڕییەکەت، بۆیە تۆ ئازادی وەڵامی بدەیتەوە، یان نا. ئێستا باهۆزی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و گلۆبالیزەیشن کاریگەریی لەسەر گەنج زۆرە، ئێمە لە هەرێمی کوردستان هەست بەو کاریگەرییە دەکەین. ئایا ئێمەی گەنج چۆن دەتوانین جۆرێك لە هاوسەنگی لە نێوان بەها نەریتییەکانی کۆمەڵگە و کاریگەریی ئەو پێشکەوتنانەدا ڕابگرین؟

- بێگومان ئەم پرسیارەت ناکەوێتە ناو چوارچێوەی پسپۆڕیی منەوە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی وای دەبینم بە هۆی بڵاوبوونەوەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە گەنجی ئێستا مەیلی ئەوەی هەیە کە بزانێت لە ئێستای جیهاندا چی دەگوزەرێت، هەروەها ئاواتیان ئەوەیە وەك گەنجی ناوچە پێشکەوتووەکانی جیهان بژین و خاوەنی کاری خۆیان بن و خۆشگوزەران بژین. ئەگەر بۆ نموونە سەیری گەنجانی وڵاتێکی وەك سعودیە بکەین، سەرنجم داوە، نایانەوێت خۆیان زۆر تێکەڵاوی کێشمەکێشی سیاسەت بکەن، زیاتر حەزیان لە «میوزیك، ئاهەنگ، کۆمیدیا»یە، بۆیە بڵاوبوونەوەی ئەم کەلتوورە زۆر بە گرنگ دەزانن و بایەخی پێدەدەن، بۆیە بۆچوونی من ئەوەیە گەنجانی کوردستانیش ئاواتیان ئەوەیە کۆمەڵگەیەکی لەم جۆرەیان بۆ دابین بکرێت.

بۆ تێگەیشتن لە خەون و ئاواتی گەنجەکان، زۆر گرنگە سەرکردایەتیی سیاسیی وڵات گەنج سەرکردایەتیی بکات، ئەوانەی بەتەمەنن، زۆر بە باشی لە خەون و ئاواتی گەنجی ئەم سەردەمە تێناگەن، تا بتوانن وەڵامدەرەوەی خواست و ئاواتەکانیان بن، بەڵام سەرکردەی گەنج لە خواست و ئاواتەکانیان تێدەگات، ئەو زەمینەیە فەراهەم دەکات کە گەنج خەونی پێوە دەبینێت. هەر بۆ نموونە سەرکردەی گەنج هەوڵ دەدات «کۆنسێرتی گەورە، یاریگەی جیاواز بۆ هەموو وەرزشەکان وەك «زۆرانبازی و بۆکسێن، تۆپی پێ، یارییە ئەلیکترۆنییەکان و...هتد» دروست بکات. ئەم پرسانە زیاتر سەرکردەی گەنج ئاراستەی دەکات و ڕێگە نادات تەواوی کۆمەڵگە بە سیاسی بکرێت.

**لە عێراقدا ئیسلامی سیاسیی «شیعە و سوننە» هەیە. هەردوو مەزهەبەکە دوو ئایدیۆلۆژیەتی گشتگیرن و بروایان بە لێبوردەیی و یەکتر قبووڵکردن نییە**

**تەنیا لێبوردەیی و یەکتر قبووڵکردن ناسنامەیەکی نیشتمانیی یەکگرتوو بنیاد دەنێت**

**ئەو وڵاتانەی لە ئێستا پشتگیریی هێزەکانی ئیسلامی سیاسی دەکەن قەتەر، تورکیا و ئێرانە. بۆیە لە ناو هاوکێشەکەدا ناتوانن بەرژەوەندیی وڵاتی خۆیان ڕەچاو بکەن**

**ئەو میلیشیا چەکدارانەی عێراقیش کە وەك حزبوڵڵا بیر دەکەنەوە، هەرگیز بەرژەوەندییەکانی عێراق لەبەرچاو ناگرن و تەنیا ئەو کارانە دەکەن کە هێزی دەرەکی ئاراستەیان دەکات**




پڕۆفیسۆر ماوڕا ئاڕ گرۆسمان بۆ گوڵان:

# زیرەکیی دەستکرد بۆ وڵاتانی تازەپێگەیشتوو هەم ئالنگارییە و هەمیش دەرفەت

پرۆفیسۆر ماورا ئارِ گرۆسمان، ئوستادی توێژینەوەیە لە کۆلێژی زانستی کۆمپیوتەر لە زانکۆی «واتەرلۆ» لە کەنەدا، هەروەها ئوستادە لە کۆلێژی یاسای «ئۆسگۆد هۆڵ» لە واتەرلۆ، جگە لەمانەش پارێزەرە و ڕاوێژکاری دۆزینەوەی ئەلیکترۆنی بووە لە کۆمپانیا تەکنەلۆژییە گەورەکانی شاری بافالۆ لە ویلایەتی نیویۆرك. ئەمەش واتە هەم یەکێکە لە پسپۆڕە دیارەکانی جیهان لە بواری زانستی کۆمپیوتەر و زیرەکیی دەستکرد، هەمیش یەکێکە لەو پارێزەرە نێودەوڵەتییانەی کە نوێنەرایەتیی کۆمپانیا گەورەکانی وەك «وەچتێڵ، ڕۆزێن & کاتز» وەك ڕاوێژکار کردووە و لە دادگا لەسەر پرسی تاوانە ئەلیکترۆنییەکان وەك پارێزەر نوێنەرایەتیی کردوون. بۆ قسەکردن لەسەر کاریگەریی ئامێرەکانی زیرەکیی دەستکرد لە پرۆسە یاساییەکان و دەسەڵاتی دادوەریدا، کە ئێستا بووەتە بەشێك لە سیستمی دادوەریی وڵاتانی پێشکەوتوو، ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ ئەنجام دا و بەم جۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.

*** خاڵی گرنگ کە هاوکات لەگەڵ پێشکەوتنە گەورەکانی زیرەکیی دەستکرددا قسە و باسی لەسەر دەکرێت، لەبەرچاوگرتنی شێوازی مامەڵەکردنە لەگەڵ ئەم زیرەکییە و پێشکەوتنی دۆزینەوەی ئەلیکترۆنی - E-Discovery» لە چوارچێوەی یاسا و بنەما ئیتییەکاندا، ئایا وەك خاوەن ئەزموونێك لە بواری تەکنەلۆژیا و زیرەکیی دەستکرددا، دەتوانیت مەزندەی ئەوە بکەیت کە جۆرێك لە هاوسەنگی لە نێوان ئەو لێهاتوویيەی زیرەکیی دەستکرد لە پرۆسە جیاوازەکاندا پیشانی دەدات، لەگەڵ ئەو مەترسییە یاساییە پێویستانەی کە دەکەوێتە سەر دادپەروەری، زیرەکیی دەستکرد کاریگەریی لەسەر بڕیارە یاساییەکان نابێت؟**

- کاتێك بە شێوەیەکی زۆر فراوان لە ناو بواری یاسا و دەسەڵاتی دادوەریدا بڵاو دەبێتەوە، زۆر گرنگە و دەبێت هاوسەنگی لە نێوان لێهاتوویی زیرەکیی دەستکرد و ویژداندا هەبێت. زیرەکیی دەستکرد دەتوانێت چارەسەری داتاگەلێکی زۆر گەورە بە خێرایی بکات، ئەم خێراییەش هەم کات و هەم سەرچاوەی داهات دەگەڕێنێتەوە، بەڵام وێڕای ئەمانەش مەترسیی لایەنگریکردنی زیرەکیی دەستکرد لە وەرگرتنی بڕیارە یاساییەکاندا دەبێتە سەرچاوەی نیگەرانییەکی مەترسیدار. بۆیە زۆر پێویستە بە تەواوەتی دڵنیا بین لەوەی ئەو ئامێرانەی زیرەکیی دەستکرد پێش بەکارهێنانیان مەشق و ڕاهێنانیان لەسەر داتای هەمەجۆر پێ کرابێت و پاشان ئەو ئامێرە زۆر بە وردی پشکنینی بۆ بکرێت، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی زۆر شەفافانە بگەنە ئەو ڕاستییەی کە چۆنیەتیی گەیشتنی زیرەکیی دەستکرد بەو ئەنجامانە جێگەی متمانە بن. بۆیە وێڕای ئەوەی زیرەکیی دەستکرد دەتوانێت لێهاتوویی بۆ خێرایی بۆ جێبەجێکردنی کارەکان دابین بکات، بەڵام چاودێریی مرۆیی لەسەر ئەو ئامێرانە زۆر زۆر گرنگ و پێویستە، بۆ ئەوەی ڕێگری بکرێت لەوەی شێوازی کارکردنی زیرەکیی دەستکرد ببێتە لایەنگر بۆ بەرژەوەندیی گرووپێك، یان ئەنجامێکی دیاریکراو.

*** پرسێکی دیکەی گرنگ کە زۆربەی کۆمەڵگەکانی جیهان بەدەستیەوە دەناڵێنن، نەبوونی «دادپەروەری»یە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە بەشێکی زۆری سیستمە یاساییەکان هەتا ئێستا پشت بە شێوازی کلاسیکی دەبەستن. چۆن بتوانین سوود لە لێهاتوویی زیرەکیی دەستکرد وەربگرین، بەتایبەتی لە بواری «دۆزینەوەی ئەلیکترۆنی» بۆ ئەوەی پرۆسە یاساییەکان زۆر بە ئاسانی پیادە بکرێن و بەو جۆرە بڕیار بدرێت کە جۆرێك لە دادپەروەری لە ناو کۆمەڵگەدا فەراهەم بکات؟**

- زیرەکیی دەستکرد ئەو توانا و لێهاتوویيەی هەیە کە بتوانێت شۆڕشێك بۆ گەیشتن بە دادپەروەری دروست بکات، بەتایبەتی بۆ ئەو کۆمەڵگەیانەی بێبەشن لە خزمەتگوزاری و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی. ئامێرەکانی

**مەترسیی لایەنگریکردنی زیرەکیی دەستکرد لە وەرگرتنی بڕیارە یاساییەکاندا دەبێتە سەرچاوەی نیگەرانییەکی مەترسیدار**

**وێڕای ئەوەی زیرەکیی دەستکرد دەتوانێت لێهاتوویی بۆ خێرایی بۆ جێبەجێکردنی کارەکان دابین بکات، بەڵام چاودێریی مرۆیی لەسەر ئەو ئامێرانە زۆر زۆر گرنگ و پێویستە**

دۆزینەوەی ئەلیکترۆنی کە بە زیرەکیی دەستکرد کار دەکەن، ئەو توانایەیان دەبێت کە بتوانن پرۆسە یاساییەکان ئاسانتر بکەن و زیاتر کاریگەر بن و بە نرخێکی گونجاو بکەونە بەردەست. ئەو کۆمەڵگەیانەی تازە پێگەیشتوون و داهاتی تاکەکەسییان نزمە، دەتوانن بە ڕێگەی ئامێری زیرەکیی دەستکرد ئەرکە یاساییەکان جێبەجێ بکەن و خەرجیی نوێنەرایەتیی یاساییش زۆر کەم بکاتەوە، ئەمە بێجگە لەوەی زیرەکیی دەستکرد، دەتوانێت دۆسیەکان بگۆڕێت و کەیسە یاساییەکان بەڕێوە ببات. بۆیە گرنگە لەوە دڵنیا ببینەوە کە ئەم ئامێرانە دەبێت بە ئاسانی بگەنە ئەو کۆمەڵگە تازە پێگەیشتووانەی کە زۆر پێویستیان پێیەتی، بەمەش ئەو بۆشاییە دیجیتاڵییە پڕ دەکاتەوە و دەبێتە گەرەنتیی کەڵکەبوونی جیاوازی، کە ئەمەش لەو هەوڵەدا بایەخی سەرەکیی دەبێت.

*** ئێستا زیرەکیی دەستکرد گەیشتووەتە ئەو ئاستەی ڕۆڵی پارێزەر لە دادگاکاندا دەگێڕێت، بۆچوونت چۆنە لەسەر شەفافییەتی پێویست لەسەر ئەو ئامێرانەی بە زیرەکیی دەستکرد کار دەکەن، بۆ ئەوەی بڕیارەکانی دادگا بە جێگەی متمانە بمێننەوە و ملکەچ بێت بۆ لێپرسینەوە لە بەردەم یاساناسان و تەواوی خەڵکدا؟**

- کاتێك باس لە پرسێکی پەیوەندیدار بە پرۆسەی یاسایی دەکەین، شەفافییەت بنەمای سەرەکییە، کە لەلایەن ئەو ئامێرانەوە بەڕێوەدەبرێن کە پشت بە لێهاتوویی زیرەکیی دەستکرد دەبەستن. پرۆفیشناڵیەتی پرۆسەی یاسایی داواکراوە بۆ لێپرسینەوە، بۆیە دەبێت ئەو تەکنەلۆژیایەی ئامێرەکانی زیرەکیی دەستکرد پشتی پێ دەبەستن، بە ئاستی پێویست ڕێگە بدرێت کە وردبینیی لەگەڵدا بکرێت. هەروەها پێویستە کەسانی پرۆفیشناڵی یاسایی و تەواوی خەڵك بە تەواوەتی لەوە تێبگەن چۆن ئەم ئامێرەی زیرەکیی دەستکرد گەیشتووەتە ئەو بڕیار و ڕاسپاردانەی کە دەریکردوون. ئەمەش واتە دەبێت تەواسکێکی ڕوون و ئاشکرا سەبارەت بەو ئەلگۆریزمانە هەبێت، کە لەو ئامێرەدا بەکار هاتوون، ئەو داتا و زانیارییانەشی ئەو ئامێرە بۆ چۆنیەتیی وەرگرتنی بڕیارەکانیان ڕاهێنانی لەسەریان پێ کراوە. لەوانەیە وردبینی و چاودێریی ڕێکوپێك لەسەر ئەو ئامێرانە لەلایەن دەستەیەکی سەربەخۆوە یارمەتیدەر بێت بۆ گەرەنتیی کاری دروستی ئەو ئامێرانە، هەر بۆیە ئەگەر یاساناسان و خەڵك متمانەیان بە شەفافییەتی ئامێرەکانی زیرەکیی دەستکرد کرد لە بواری سیستمی یاساییدا، ئەوا متمانەیەکی پتەویش بەردەست دەبێت کە بتوانرێت بەکار بهێنرێن لە پرۆسە یاساییەکاندا.

*** مەترسییەکی دیکەی زیرەکیی دەستکرد و دۆزینەوەی ئەلیکترۆنی، شێوازی مامەڵەکردنیانە لەگەڵ داتا نهێنییەکان «Data Privacy»، ئایا چۆن دەبێت هەندێك لەو ڕێکخراوانەی زیرەکیی دەستکرد بەکار دەهێنن، کە مامەڵە لەگەڵ ئەو داتا زۆر نهێنیانە دەکەن، بۆ مەبەستی خراپ بەکاریان بهێنن، ئاشکرایان بکات؟**

- تایبەتمەندیی داتاکان و سەلامەتییان گرنگترین مەترسییە کاتێك زیرەکیی دەستکرد بۆ دۆزینەوەی ئەلیکترۆنی بەکار دەهێنرێت، زۆر جار تایبەتمەندانی یاساناس کار لەسەر زۆر زانیاریی هەستیار و نهێنی دەکەن، بۆیە لەوانەیە ئەم زانیارییە هەستیار و نهێنییانە بکەونە بەر مەترسی، بە شێوەیەك کە دروست لە سیستمی زیرەکیی دەستکرد دڵنیا نەبین. هەر بۆیە زۆر زۆر پێویستە بۆ ڕێکخراوەکان کە تەبەنیی پرۆتۆکۆڵی سیستمێکی زۆر بەهێزی ئاسایش بکەن، بۆ ئەوەی دڵنیا بن لەوەی کە ئامێرەکانی زیرەکیی دەستکرد پابەندن بە ڕێکخستنەکانی نهێنیی داتا «Data Privacy». بۆ نموونە وەك لائیحەی گشتی بۆ پاراستنی داتاکان «GDPR». هەروەها دەبێت سیستمی زیرەکیی دەستکرد بەو جۆرە دیزاین بکرێت کە بتوانێت ئەوە دیاری بکات کە توانای پاراستنی داتاکانی هەیە، تەنانەت لە شێوازی کارکردنی غەیرە ئەنقەستیشدا. هەروەها پێویستە ئەو ڕێکخراوانەی زیرەکیی دەستکرد بۆ دۆزینەوەی ئەلیکترۆنی بەکار دەهێنن، ڕێنمایی و ڕاسپاردەی زۆر ڕوون و دروست بخەنە بەردەست سەبارەت بە چۆنیەتیی مامەڵەکردنیان لەگەڵ داتاکان و چۆنیەتیی کۆگاکردنی، بۆ ئەوەی ئەگەری مەترسی لەسەر بەکارهێنانی خراپیی داتاکان و چوونە ناو داتا نهێنییەکان کەم بکرێتەوە.

**زیرەکیی دەستکرد ئەو توانا و لێهاتووییەی هەیە کە بتوانێت شۆڕشێك بۆ گەیشتن بە دادپەروەری دروست بکات**

**زۆر جار تایبەتمەندانی یاساناس کار لەسەر زۆر زانیاریی هەستیار و نهێنی دەکەن، بۆیە لەوانەیە ئەم زانیارییە هەستیار و نهێنییانە بکەونە بەر مەترسی، بە شێوەیەک کە دروست لە سیستمی زیرەکیی دەستکرد دڵنیا نەبین**

**دەبێت پەرە بە خوێندنی یاسا بدرێت بۆ ئەوەی بتوانرێت لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیادا هاوشان بێت، بەتایبەتی لەگەڵ ئەو وەرچەرخانەی کە زیرەکیی دەستکرد بووەتە بەشێکی جیانەکراوە لەم پیشەیە**



**دەبێت کۆلێژەکانی یاسا کۆرسی تایبەت بۆ هەڵسەنگاندنی لایەنە ئەخلاقی و پراکتیکی و تەکنەلۆژییەکانی زیرەکیی دەستکرد بکەنەوە**

**دەبێت پرۆفیشناڵانی یاساناس مەشق و ڕاهێنانیان پێ بکرێت سەبارەت بە چۆنیەتیی چاودێریکردنی ئەو پرۆسە یاساییانەی کە زیرەکیی دەستکرد بەڕێوەیان دەبات، لەگەڵ شێوازی ڕەچاوکردنی پێوەرە ئەخلاقییەکان**

*** بەو سیفەتەی کاری پارێزەری لەگەڵ کۆمپانیا گەورەکانی جیهان دەکەیت، لەگەڵ ئەو پێشکەوتنە گەورەیەی لە بواری تەکنەلۆژیای «یاسا» هاتووەتە ئاراوە، ئایا دەبێت لە شێوازی خوێندنی یاسادا بۆ ئامادەکردنی پارێزەر و یاساناسان، جەخت لەسەر چ پرسێك بکرێتەوە بۆ ئەوەی پارێزەران و یاساناسان بتوانن لەگەڵ ئەو وەرچەرخانەی داهاتوو لە پرۆسەی یاساییدا مامەڵە بکەن؟**

- دەبێت پەرە بە خوێندنی یاسا بدرێت بۆ ئەوەی بتوانرێت لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیادا هاوشان بێت، بەتایبەتی لەگەڵ ئەو وەرچەرخانەی کە زیرەکیی دەستکرد بووەتە بەشێکی جیانەکراوە لەم پیشەیە. بۆیە دەبێت کۆلێژەکانی یاسا کۆرسی تایبەت بۆ هەڵسەنگاندنی لایەنە ئەخلاقی و پراکتیکی و تەکنەلۆژییەکانی زیرەکیی دەستکرد بکەنەوە. دەبێت قوتابیان هۆشیار بکرێنەوە لە چۆنیەتی بەرەوپێشچوونی ئامێرەکانی زیرەکیی دەستکرد، لە چۆنیەتیی بەکارهێنانیان لە بواری جێبەجێکردنی یاسادا، هەروەها ئەو مەترسییانەی کە پەیوەندیدارن بە شێوازی بەکارهێنانەوە، سەرباری ئەمانەش دەبێت پرۆفیشناڵانی یاساناس مەشق و ڕاهێنانیان پێ بکرێت سەبارەت بە چۆنیەتیی چاودێریکردنی ئەو پرۆسە یاساییانەی کە زیرەکیی دەستکرد بەڕێوەیان دەبات، لەگەڵ شێوازی ڕەچاوکردنی پێوەرە ئەخلاقییەکان. بۆیە دەبێت پارێزەرانی داهاتوو لێهاتوویی تەکنەلۆژیایان لەبەردەست بێت و تێگەیشتنێکی قووڵیشیان بۆ ئیعتباری ئەخلاقی هەبێت، کاتێك زیرەکیی دەستکرد بۆ جێبەجێکردنی یاسا بەکار دەهێنن.

*** لەگەڵ ئەوەی لە ئێستادا گفتوگۆیەکی زۆر بەرفراوان لەسەر ئاستی ئەمریکا و ئەورووپا سەبارەت بە دۆزینەوەی ئەلیکترۆنی دەکرێت لە بواری کاری دادگاکاندا، ئایا بە بۆچوونی ئێوە ئەم وەرچەرخانە گرنگە لە ناوچەیەکی وەکو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا چۆن تەبەنی دەکرێت و فراوان دەکرێت؟ ئایا دەرفەت و ئالنگارییەکان بۆ کۆمەڵگە تازەپێگەیشتووەکان چۆن دەبینیت؟**

- دۆزینەوەی ئەلیکترۆنی زۆر بە باشی لە کۆمەڵگەکانی ئەمریکا و ئەورووپادا دامەزراوە و جێگەی خۆی گرتووە، بەڵام فراوانکردنی چوارچێوەی بەکارهێنانی لە ناو وڵاتە تازەپێگەیشتووەکانی وەك ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، دەرفەت و ئالنگاریی زۆر نموونەیی دەخەنە ڕوو. یەکێك لەو ئالنگارییانەی ئەو ناوچانە ڕووبەڕووی دەبنەوە، لاوازیی ژێرخانی مەعریفەی دیجیتاڵییە، ئەمەش فاکتەرێکە کە زۆر بە هێواشی دەتوانن خۆیان لەگەڵ ئەو ئامێرانەدا بگونجێنن کە




پشت بە لێهاتوویی زیرەکیی دەستکرد دەبەستن، بەڵام وێڕای ئەمانەش دەرفەتی گەورەش دێنێتە پێشەوە، هێزی زیرەکیی دەستکردی گرێدراو بە دۆزینەوەی ئەلیکترۆنییەوە، دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ کەمکردنەوەی خەرجی و کات لە پرۆسە یاساییەکاندا. ئەمە بەڕاستی بۆ ئەو ناوچانە زۆر بەهادارە کە دەستڕاگەیشتنیان بە سەرچاوە یاساییەکان سنووردارە. سەرباری ئەمانەش لەگەڵ نوێبوونەوەی حکومەت و پیشەسازی لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوودا، دەتوانرێت بە باشترین شێوە لە ناوچەکانی دیکەش جێبەجێ بکرێت، ئەمەش گەرەنتیی لێهاتوویی پرۆسەکانی دۆزینەوەی ئەلیکترۆنی دەردەخات، کە توانای پەرەپێدانی چەندە.

*** لەگەڵ پێشکەوتنە زۆر خێراکانی زیرەکیی دەستکرد کە هەموو بوارەکانی ژیان وەکو «میوزیک، هونەر، نووسینی شیعر و چیرۆك و ڕۆمان و...هتد» دەگرێتەوە، ئێستا گفتوگۆیەکی گەرم هەیە سەبارەت بە ڕۆڵی داهێنەرانەی مرۆڤ لە بەرانبەر ئەو ناوەڕۆکەی کە زیرەکیی دەستکرد بەرهەمی دەهێنێت، ئایا چۆن سەیری کاریگەریی ئەم ئاراستەیە دەکەین لەسەر ئایندەی مافی فیکری «Copy Right»ی ئەو مرۆڤانە داهێنەرانە دەکەن؟**

- هەڵکشانی ناوەڕۆك کە بە ڕێگەی زیرەکیی دەستکرد بەرهەم دەهێنرێت لە پیشەسازییە داهێنەرەکاندا، پرسیاری زۆر یەکلاکەرەوە سەبارەت بە مافی فیکریی مرۆڤ دەورووژێنێت. لە کاتێکدا زیرەکیی دەستکرد ئەو توانایەی هەیە کە داهێنان زیاتر بکات، لە هەمان کاتدا تەحەددای ئەو چەمکە نەریتییانەش دەکات کە مافی فیکری پێناسە دەکەن. دەبێت مافی فیکریی مرۆڤ بپارێزرێت، لە هەمان کاتدا پێویستیشمان بەوەیە تەبەنیی داهێنانەکانی تەکنەلۆژیا بکەین و لەگەڵیدا ڕابێین. یەکێك لەو شێوازانەی کە دەکرێت مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، ئەوەیە کە چوارچێوەیەکی ئاشکرای شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو کارانە دیاری بکرێت کە بەپێی یاسای موڵکداریەتیی تاك بە ڕێگەی زیرەکیی دەستکرد دروست دەکرێن. هەر بۆ نموونە ئەگەر ئامێرێکی زیرەکیی دەستکرد بۆ دروستکردنی کارێك ڕاسپێردرێت، ئەوا دەبێت خاوەنداریەتیی ئەو کارە بۆ ئەو کەسە بێت کە ئەو شێوازە ئامێرە دەستکردەکەی بەکار هێناوە، ئەمەش بە پشت بەو ئینپوتە دەبەستێت کە مرۆڤ بە ئامێرەکەی داوە. زۆر گرنگە کە سیستمی یاسایی هاوسەنگیی نێوان گەرەنتیی پەراوێزخستنی داهێنەران بکات، لەگەڵیشیدا بەردەوام بێت لە پشتگیریکردنی داهێنانەکانی زیرەکیی دەستکرد.

**هێزی زیرەکیی دەستکردی گرێدراو بە دۆزینەوەی ئەلیکترۆنییەوە، دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ کەمکردنەوەی خەرجی و کات لە پرۆسە یاساییەکاندا**

**لە کاتێکدا زیرەکیی دەستکرد ئەو توانایەی هەیە کە داهێنان زیاتر بکات، لە هەمان کاتدا تەحەددای ئەو چەمکە نەریتییانەش دەکات کە مافی فیکری پێناسە دەکەن**

دیمانەی تایبەت



### پرۆفیسۆر مایکڵ مۆسۆ بۆ گوڵان:

# چین بۆ هیچ وڵاتێک مۆدیلێکی بەدیل نییە

مایکڵ مۆسۆ، پرۆفیسۆری سیاسەت و ئاسایش و کاروباری نێودەوڵەتییە لە زانکۆی سەنتراڵ فلۆریدا، لە توێژینەوەکانیدا بایەخ بە پەیوەندیی نێوان هەلومەرجە ئابوورییەکان و دامەزراوە و ناکۆکییەکان دەدات و، خاوەن تیۆرێکی تایبەتە کە پەیوەستە بەوەی چۆن دەرفەتی یەکسان لە بازاڕدا بایەخ دروست دەکات، بۆ لیبراڵ دیموکراسی و هێنانەئارای ئاشتی لە نێوان نەتەوە و دەوڵەتەکاندا. مۆسۆ پشتیوانی لەوە دەکات کە وڵاتە دەوڵەمەندەکان هەوڵی ئەوە بدەن، دەرفەتی بەربڵاوی ئابووری بۆ ئەو وڵاتانە بڕەخسێنن، کە کەمتر گەشەکردوون، ڕای وایە ئەمە دەبێتە هۆی بەدیهێنانی ئاشتییەکی هەمیشەیی و دادپەروەرانە لەسەر ئاستی جیهان. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەندین پرسی لەگەڵدا تاوتوێ کرد، کە پتر پەیوەست بوون بەوەی کە پێی دەوترێت «ئاشتیی دیموکراسی»، کە ناوەڕۆکەکەی بەستە دەبێت لەو بیرۆکەیەی کە ئەگەر وڵاتان سیستمی دیموکراسی پەیڕەو بکەن، ئەوا ئەگەری گیرسانی شەڕ لە نێوانیاندا کەم دەبێتەوە، لەگەڵ چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار.



*** با سەرەتا لە پرسی شەڕەوە دەست پێبکەین، بەتایبەتی شەڕی نێوان ڕووسیا و ئۆکرانیا، کە کاریگەری و لێکەوتەی جیهانی لێکەوتووەتەوە، ئایا ئێوە چۆن لە هەڵوێستی وڵاتانی ڕۆژئاوا، بە دیاریکراوی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەڕوانن لە پەیوەندی بە پشتیوانیکردنیان لە ئۆکرانیا و هەوڵەکانیان بۆ سەپاندنی سزا بەسەر ڕووسیا؟ ئایا ئەم هەڵوێستەیان بووەتە هۆی ئەوەی ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕی نوێ کەم بکەنەوە، بەتایبەتی لە سایەی ئیدارەی دووەمی ترەمپ کە ئاشکرایە ترەمپ وا بانگەشە بۆ خۆی دەکات، کە دەتوانێت شەڕەکان بوەستێنێت؟**

- جارێ با لەو خاڵەوە دەست پێبکەین کە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا و ئەو سزایانەی بەسەر ڕووسیادا سەپێنراون، بوونەتە هۆی ئەوەی ڕێگری لە هەڵگیرسانی شەڕێك بکرێت لە نێوان دەوڵەتە دیموکراسییە پیشەسازییەکان و وڵاتی چیندا. چونکە ئەگەر ئێمە بگەڕێینەوە بۆ سەروەختی پێش ڕوودان و بەرپابوونی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا، ئەوا ئەگەری ئەوە هەبوو، کە سەرکردەکانی چین هەمان هەڵەی سەرۆکی ڕووسیا (ڤلادمیر پوتین)یان دووبارە بکردایەتەوە، واتە شەڕیان لە دژی تایوان هەڵبگیرساندایە لەسەر بنەمای ئەو گریمانەیەی کە دەوڵەتە پیشەسازییە دیموکراتییەکان پێیان باشترە پارێزگاری لە پەیوەندییە بازرگانییەکانیان بکەن و پەرەیان پێبدەن لەسەر حیسابی بەرگریکردن و کارکردنیان بە ئاراستەی چەسپاندنی پرەنسیپی سەروەری و مافی بڕیاردانی چارەنووس. کەواتە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا پێی وتین، یان ئەوەی بۆ خستینەڕوو کە دەوڵەتە پیشەسازییە دیموکراسییەکان پشتیوانی لە پرەنسیپەکانیان دەکەن و فەزڵی ئەم پرەنسیپانە دەدەن بەسەر قازانجکردندا، بە چەشنێك لە



ئێستادا پێویستە سەرکردەکانی چین دووبارە پێداچوونەوە بکەن، بەوەی ئایا هێرشکردنەسەر تایوان هێندە هەڵدەگرێت کە لە بەرانبەریدا زیان و خەسارەتێکی زۆری ئابووری بکەن.

*** کەواتە ئەگەر بەراوردی نێوان ڕووسیا و چین بکەین و ئەگەری ئەوە دابنێین کە چین هێرش دەکاتە سەر تایوان، ئایا پێتان وایە لە ڕووی ئابوورییەوە چین تووشی زیانی گەورەتر دەبێت بەراورد بەوەی تا ئێستا ڕووسیا ڕووبەڕووی بووەتەوە؟**

- ئەگەر ئێمە لە ڕووی ئابوورییەوە بەراوردی ڕووسیا و چین بکەین، ئەوا دەکرێت بڵێین چین بە ڕادەیەکی گەورەتر پشتبەستووە بە هەناردەکردنی کاڵا بەرهەمهێنراوەکان بۆ دەوڵەتە پیشەسازییە دیموکراسییەکان. لەبەر ئەوە سەرکردەکانی چین دەرك بەوە دەکەن کە ئەگەر هێرش بکەنەسەر تایوان، ئەوا ئەمە سەردەکێشێت بۆ داڕووخانی ئابوورییەکەیان بە چەشنێك کە ئەگەری ئەوە هەیە بۆ چەندین ساڵی دواتر نەتوانن بکەونەوەسەر ڕێڕەوی بووژانەوە و گەشەکردن. لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین بڵێین کە شەڕی ئۆکرانیا و کاردانەوەی ڕۆژئاوا لە ئاستیدا بوونەتە هۆی ئەوەی جیهان سەلامەتتر و سەقامگیرتر بێت بەراورد بە بارودۆخی پێشوو.

**شەڕی ئۆکرانیا و کاردانەوەی ڕۆژئاوا لە ئاستیدا بوونەتە هۆی ئەوەی جیهان سەلامەتتر و سەقامگیرتر بێت بەراورد بە بارودۆخی پێشوو**

*** لێرەوە دەمانەوێت پرسیارەکان بە ئاراستەی پرس و بابەتێکی دیکە ببەین، کە ئەویش بریتییە لە ئاشتیی دیموکراتییانە، ئایا پێتان وایە ئەم تیۆرە ڕێگایەکی کارایە بۆ چارەسەرکردنی هۆکارەکان، یان ڕیشەکانی هاتنەئارای شەڕ؟**

- ناوەڕۆکی بیرۆکەی ئاشتیی دیموکراتییانە بریتییە لەوەی کە بەراورد بە دەوڵەتانی دیکە دەوڵەتە دیموکراسییەکان پتر ئاشتیخوازترن، بەلای کەمەوە لە نێو خۆیاندا ئاشتی پتر بەرپایە و پایەدارە. لەگەڵ ئەوەشدا ناکرێت بوترێت کە ئەمە ڕێچکەیەکی بەردەوامە بۆ نەهێشتن و چارەسەرکردنی هۆکارە ڕیشەییەکانی شەڕ، چونکە ئێمە نازانین هۆکارەکانی بەرپابوونی ئاشتی لە نێوان دەوڵەتە دیموکراتییەکاندا چین. زۆرێك لە بەڵگەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە بوونی داهاتێکی زۆر هاوشان بە بوونی بازرگانی و پیشەسازی ئەگەری بەدیهێنانی ئاشتین لە نێوان ئەم دەوڵەتانەدا. کەواتە بەرەودان بە دیموکراسی بێ پەرەپێدانی ئابووری ئەگەری ئەوەی لێناکرێت ئاشتییەکی گەورەی لێبکەوێتەوە.

*** ئەگەر باس لە پەیوەندیی نێوان گەشەی ئابووری و دیموکراسی بکەین، ئەوا ئەوە بەدی دەکەین، کە هەندێ کەس بانگەشەی ئەوە دەکەن بەرفراوانبوونی دیموکراسی گرێدراوی گەشەی ئابوورییە و ئەمەش سەردەکێشێت بۆ باشتربوونی داهاتی هاوڵاتییان و زیادبوونی خۆشگوزەرانییان، دید و تێڕوانینی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

- ئەوە ڕاستە کە دیموکراسی شان بە شانی گەشە و پەرەپێدانی ئابووری هەنگاو هەڵدەگرێت. لە هەمان کاتدا ئەوەش ڕاستە کە نە داهات و نە دیموکراسی نابنەهۆی هێنانەئارای ئەوی دیکەیان. هەرچۆنێك بێت دەوڵەتە دیموکراسییە



داهات بەرزەکان پێویستیان بە دوو شتە: حکومەتێك کە پارێزگاری لە سەروەریی یاسا بکات، واتە دەستەبەری مافی موڵکداریتی و گرێبەستکردن بکات، و بازرگانییەکی هەڵکشاو. حکومەتی باش بە بازرگانییەکی هەڵکشاو ناتوانێت بەردەوام بێت، چونکە ئەو گرووپانەی دەکەونە پەراوێزەوە ئالنگاری دروست دەکەن. لە هەمان کاتدا بازرگانییەکی هەڵکشاویش بە بێ بوونی حکومەتێکی باش ناتوانێت بەردەوام بێت، چونکە لەم حاڵەتەدا کەسانێکی کەم متمانە بەوە دەکەن کە حکومەت پارێزگاری لە مافی موڵکداریتی و گرێبەستکردن دەکات. کەواتە گرنگە بتوانرێت پەرە بە حوکمڕانیی باش و بازرگانییەکی هەڵکشاو بدرێت لە یەك کاتدا. لێرەوە دەتوانین بڵێین کاتێك ئابووری گەشە دەکات، حکومەتیش لە ڕووی دیموکراتییەوە بەرەوپێش دەچێت.

*** زۆرێك لە شارەزایان و شرۆڤەکاران جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە پێویستە ئەدای ئابووریی چین بە هەند وەربگرن، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە سیستمێکی حوکمڕانیی خۆسەپێن لەو وڵاتەدا هەیە، ئەوەتا لە بواری ژێریی دەستکردیشدا چین پێشبڕکێ دەکات، کە دیپ سیك ویلایەتە یەکگرتووەکانی ڕاچڵەکاند، لێرەدا دەمانەوێت پرسیاری ئەوە بکەین، ئایا چین دەتوانێت ببێتە مۆدێلێکی بەدیل بۆ دیموکراسی؟**

- من پێم وایە چین مۆدێلێکی بەدیل نییە بۆ هیچ وڵاتێك. با لێرەدا ئاماژە بەوە بکەین کە سەرکەوتنی چین بۆ چەند هۆکار دەگەڕێتەوە، کە هەموویان تایبەتن بە هەلومەرجی ئەو وڵاتە، یەکەمیان ئەوەیە کە دانیشتووانێکی زۆری هەیە، دەوڵەتێکی پۆلیسیی تەواو کارای هەیە، هەروەها دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری کە پێداگرە لەسەر ئەوەی چین بکاتە ناوەندی بەرهەمهێنانی جیهان. ئەم هۆکارانە بوونەتە هۆی ئەوەی چین مژدەهەڵگرتر بێت بەراورد بە وڵاتانی دیکە، لەبەر ئەوەی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان دەتوانن پتر متمانەیان بەوە هەبێت کە حکومەتێکی پشتیوانکار لەو وڵاتەدا هەیە، هاوشان بە بوونی هێزێکی پابەند و هەرزانیی کار، و بوونی ئابوورییەك کە زۆربەی پێداویستییەکانی دیکەی بەرهەمهێنانی دەستەبەر دەکات. هەرچۆنێك بێت، ئەگەر بە شێوەیەکی ڕێژەیی قسە بکەین، ئەوا داهاتی تاکەکەسی تاك لە چین هێشتا لە ئاستێکی نزمدایە و ئەگەری ئەوە هەیە، بەم شێوەیە بمێنێتەوە. لێرەدا دەتوانین بڵێین کە ڕاکێشانی وەبەرهێنانی بیانی بۆ بەرهەمهێنانی سادە، شتێکی تا ڕادەیەك ئاسانە. بەڵام وەبەرهێنانی ئاست بەرزتر پێویستی بە ئاستێکی متمانەیە کە دەوڵەتی پۆلیسی ناتوانێت هەیبێت و دەستەبەری بکات. بۆیە چین ناگاتە پێگەی وڵاتێکی داهات بەرز، تەنیا ئەو کاتە نەبێت کە لەگەڵ ئابووریی دیموکراسییە پیشەسازییەکان ئاوێتە نەبێت و حکومەتێکی بەرپرس لەو وڵاتەدا نەیەتەئاراوە کە پێدەچێت سەرکردەکانی ئەم وڵاتە ئامادە نەبن ئەم کارە بکەن.

**دەوڵەتە دیموکراسییەکان پتر ئاشتیخوازترن، بەلای کەمەوە لە نێو خۆیاندا ئاشتی پتر بەرپایە و پایەدارە**

# دیمانەی تایبەت



ڕۆبی بارێت، توێژەرە لە کۆڕبەندی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا لە زانکۆی کامبریج و خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لە مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە لە زانکۆی تێکساس بەدەستی هێناوە. شارەزا و تایبەتمەندی چەند بوارێکی گرنگی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، وەك تیرۆریزم و پرسە ئەمنییەکان، بزووتنەوە سیاسییەکان، سیاسەتی دەرەکیی ناوچەکە و پرسەکانی پەیوەست بە پرۆگرامە ئەتۆمییەکان. بۆ تاوتوێکردنی ئەو قۆناغە نوێیەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هاتووەتە ئاراوە، بەتایبەتی دوای ڕووخانی ڕژێمەکەی بەشار ئەلئەسەد، لەگەڵ لێکەوتەکانی لەسەر هاوسەنگی و هاوکێشەی هێز لەم ناوچەیەدا. گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا، کە تەوەرەکانی پەیوەست بوون بە دۆخی نوێی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاراستەی پەرەسەندن و هاوکێشەی هێز لە ناوچەکەدا.



## ڕۆبی باریێت بۆ گوڵان:

# ترەمپ تەرتیباتی ئەمنی بۆ سعودیە پێشنیار دەکات لە بەرانبەر دانپێدانانی بە ئیسرائیلدا

* وەك ئاشکرایە کە لەم دواییەدا و لە دەرئەنجامی هێرشەکانی بزووتنەوەی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل و کاردانەوەی ئیسرائیل و پەرەسەندنەکانی لوبنان و سووریا، ئەم ناوچەیە بە قۆناغێکی نوێدا تێدەپەڕێت، کە ئەگەر نەتوانین بە وردی و بە دڵنیاییەوە دەستنیشانی ئەوە بکەین چی لە ئایندەدا ڕوو دەدات، بەڵام دەکرێت بڵێین هاوکێشە هەرێمایەتییەکە گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە، بەتایبەتی لە پەیوەندی بە ئێران و تورکیاوە، دید و تێڕوانینی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟

- سەرەتا و ئەوەی پەیوەست بێت بە ئێرانەوە، دەتوانم بڵێم، ئەگەر ئێران تەنگی پێ هەڵبچنرێت لە توانایدایە ڕووناکی لە ڕیاز و ئەبوزەبی خامۆش بکات و ئەو شارانە تینوو و بێ ئاو بکات. هەرچەندە دەبێت ئەوەش بڵێین کە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی کارەساتباری لەم چەشنە ڕێی تێناچێت ڕوو بدات، تەنیا ئەو کاتە نەبێت کە یەکێك لە لایەنەکان زیادەڕەوی لە هەڵسەنگاندنی تواناکانیدا بکات. لێرەدا و ئەوەی پەیوەست بێت بە پەرەسەندنەکانی ئەم دواییەوە ئەوا ڕەوایە بگوترێت کە ئەوەی بەسەر بزووتنەوەی حەماس و حزبوڵادا هات، و ئەوەی لە سووریا ڕووی دا، گورزێکی تاکتیکیی گەورە و مەزن بوو، نەك گورزێکی ستراتیژی، چونکە هێشتا ئێران لە ئارادا ماوە. لەبەر ئەوە جێی خۆیەتی لێرەدا ئەو پرسیارە بورووژێنین کە کەس ئاماژەی پێ نەکردووە. ئەگەر بێت و حکومەتێکی جیاواز لە ئێران لە ئارادا بووایە، ئایا سیاسەتی دەسەڵاتی نوێی ئەو وڵاتە چی دەبوو؟ لە ڕاستیدا ئەخمینییەکان، ساسانییەکان، و سەفەوییەکان و قاجاری و پەهلەوییەکان هەموویان باوەڕیان وا بوو کە پێگەی سرووشتی ئێران/فارس ئەوەیە کە حوکمڕانی کەنداو بێت،

باوەڕیان وایە کە دەستتێوەردانی بەریتانیا و ئەمریکا ڕێگر بوون لە ڕێی پاراستن و بەرگریکردنیانەوە لە عەرەب. کەواتە هیچ گۆڕانکارییەکی ستراتیژی ڕوو نادات. بەڵام ئێران تووشی پاشەکشەی جددی بووەتەوە، کە ئەمەش گرنگییەکی گەورەی هەیە بۆ ئەوەی ڕۆژئاوا و وڵاتانی عەرەبی لە پێگەیەکی بەهێزتردا بن، بەبێ ئەوەی ئەمە سەر بکێشێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیەکی سەرتاسەری، ئەمە بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان، عەرەبستانی سعودیە و تورکیا و ئیسرائیلیش ڕاستە.

*** زۆر باشە، با بێینە سەر هەڵوێست و سیاسەتی ئیدارەی نوێی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە سەرۆکایەتیی دۆناڵد ترەمپ. ئایا پێتان وایە ئەم ئیدارەیە چۆن مامەڵە لەگەڵ کێشەکانی ئەم ناوچەیەدا دەکات؟ ئایا پێشبینی ئەوە دەکەن دوای هاتنەئارای دۆخێکی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، دۆناڵد ترەمپ کار بکات لەسەر ئەوەی ژمارەیەکی دیکەی وڵاتانی عەرەبی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئیسرائیلدا ئاسایی بکەنەوە؟**

- من پێم وایە ئەگەری ئەوە هەیە ئیدارەی ئەمریکا بە سەرۆکایەتیی دۆناڵد ترەمپ جۆرێك لە تەرتیباتی ئەمنی بۆ عەرەبستانی سعودیە پێشنیار بکات لە بەرانبەر دانپێدانانی بە دەوڵەتی ئیسرائیلدا، کە پێم وایە پێویستە محەمەد بن سەلمان زۆر جددی بیر لەم مەسەلەیە بکاتەوە، پێش ئەوەی قبووڵی بکات، چونکە ئاشکرایە کە چوار ساڵی دیکە ئیدارەی ترەمپ لە ئارادا نامێنێت و پرسیارەکەش ئەوەیە ئایا ئیدارەی دواتر پابەند دەبێت بەم پرسەوە؟ چونکە بۆی هەیە ئیدارەی دوای ترەمپ بە چەشنێکی جیاوازتر لە هەر ڕێککەوتنێك بڕوانێت کە ترەمپ ئەنجامی دابێت. ئێمە دەزانین لە ساڵی ٢٠١٦، وڵاتانی ناوچەی کەنداو پێشوازییان لە هەڵبژاردنی دۆناڵد ترەمپ کرد، بەڵام لە بەرانبەردا تەنیا پشتیوانییەکی سارد و سڕیان بۆ پرسی یەمەن بەدەست هێنا. لەلایەکی دیکەوە ئاشکرایە کە ئەوەی پێی دەگوترێت «شەقامی عەرەبی» حەز بە ئیسرائیل ناکەن، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا کێشەیەکی درێژخایەنە و ڕووبەڕووی ئەو سەرکردانە دەبێتەوە کە پەیوەندیی فەرمی لەگەڵ ئیسرائیلدا بنیاد دەنێن. هەرچۆنێك بێت، بوونی پەیوەندیی پراگماتی پرسێکی جیاوازە و سوودبەخشە بۆ هەموو لایەك. ئەوەتا قەتەر و عومان، و کوێت بڕیارێکی ڕاست و دروستیان داوە و دەستیان لە بنیادنان و دروستکردنی پەیوەندیی فەرمی هەڵگرتووە، چونکە ئەگەری ئەوە هەیە ئەم جۆرە پەیوەندییانە لە ئایندەدا بارگرانیی لێ بکەوێتەوە.

*** هەروەك ئاشکرایە کە کەوتنی ڕژێمی ئەسەد و هاتنە ئارای دەسەڵات و حوکمڕانییەکی نوێ لە سووریا «کە لەم ڕۆژانەدا ئەحمەد شەرع، دەستووری پێشووی سووریا و حزبی بەعس و دامەزراوە ئەمنییەکانی پێشووی هەڵوەشاندەوە» هاتووەتە ئاراوە، ئایا پێتان وایە ئایندەی پەیوەندییەکانی ئێران و ئەمریکا لە دوای ئەم هەلومەرجە نوێیەوە چۆن دەبێت لە مەودای دووردا، کە ئێمە دەزانین ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد لە بەرژەوەندیی ئێران نەبوو، بۆیە چاوەڕوان دەکرێت ئێران کار بکات بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ دۆخە نوێیەکە و پێناچێت ئەمریکا بەم نزیکانە لە عێراق و سووریا بکشێتەوە؟**

- ئەمە بەندە بەوەی کە مەبەستمان چییە لە مەودای دوور. ئێران بە مومارەسەکردنی هەر دەستڕۆیشتوویەکی ڕاستەقینەدا لە ماوەی پێنج بۆ دە ساڵی داهاتوودا تووشی دژوارییەکی زۆر دەبێتەوە، تەنیا ئەو کاتە نەبێت کە حکومەتی سووریا نەتوانێت دۆخەکە سەقامگیر بکات و دەسەڵاتی خۆی بەسەر تێکڕای وڵاتەکەدا بسەپێنێت. لەم حاڵەتەدا، سووریا وەك وڵاتێکی لێکترازاو دەمێنێتەوە، و ئەو کاتە ئێران و ڕووسیا دەتوانن هەوڵەکانیان چڕ بکەنەوە بۆ پشتیوانیکردن لە دەستەبەرکردنی ئۆتۆنۆمی بۆ عەلەوییەکان، ئەمەش بەکار دەهێنێت بۆ ئەوەی دەستڕۆیشتوو بن لە ئاست دیمەشق و لوبنان و تورکیا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا. ئەمریکاش پێویستی بەوەیە پارێزگاری لە دەستڕۆیشتوویی خۆی بکات و بەرفراوانی بکات لە هەردوو وڵاتی سووریا و عێراقدا، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە پەیوەندییەکانی لەگەڵ کورددا ستراتیژی و

**ئەگەر ئێران تەنگی پێ هەڵبچنرێت لە توانایدایە ڕووناکی لە ڕیاز و ئەبوزەبی خامۆش بکات و ئەو شارانە تینوو و بێ ئاو بکات**

**ئەوەی بەسەر بزووتنەوەی حەماس و حزبوڵلادا هات، و ئەوەی لە سووریا ڕووی دا، گۆڕێنکی تاکتیکیی گەورە و مەزن بوو، نەک گۆڕێکی ستراتیژی، چونکە هێشتا ئێران لە ئارادا ماوە**

**ئێران تووشی پاشەکشەی جددی بووەتەوە، کە ئەمەش گرنگییەکی گەورەی هەیە بۆ ئەوەی ڕۆژئاوا و وڵاتانی عەرەبی لە پێگەیەکی بەهێزتردا بن**

**ئەمریکاش پێویستی بەوەیە پارێزگاری لە دەستڕۆیشتوویی خۆی بکات و بەرفراوانی بکات لە هەردوو وڵاتی سووریا و عێراقدا، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە پەیوەندییەکانی لەگەڵ کورددا ستراتیژی و گرنگن**

گرنگن. بە لەبەرچاوگرتنی هەموو ئەوانەی ئاماژەیان پێ کرا، ئەوا پێویستە هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان کار بکەن بۆ ئەوەی عەلەوییەکان ئۆتۆنۆمی یان پێگەیەکی بەهێز بەدەست نەهێنن لە نێو سووریادا. بۆ ماوەی ٥٠ ساڵ ڕژێمە عەلەوییەکە سامانی وڵاتەکەی بەتاڵان برد و دەستی دایە کوشتاری خەڵکەکەی، لەبەر ئەوە گومانی تێدا نییە کە کارنامەیان چی دەبێت، ئەگەر بێت و لە پێگەیەکدا بن بۆ جێبەجێکردنی.

*** دەگوترێت ئەم دۆخە نوێیەی لە**

بکرێت، ئەوا بۆ دەیەکانی داهاتوو دۆخەکە بە بارێکی لەباردا دەبێت. بەڵام کێشەکە پەیوەستە بە مامەڵەکردنی ڕاست و دروستەوە و هیچ یەکێك لە لایەنە پەیوەندیدارەکان پاشخانێکی باشیان نییە لە سوودوەرگرتن لە سەرکەوتنە تاکتیکییەکان بەبێ ئەوەی کاردانەوەیەکی زیادەڕەوانەیان هەبێت، یان زۆر زیاد لە پێویست بە وریاییەوە مامەڵە بکەن. کە ئەمەش پەیوەستە بەوەی پشتیوانی لە کێ بکەن لە نێو سووریادا و بەردەوام بن لەم پشتیوانییە. ئێمە دەزانین کە دۆناڵد ترەمپ ڕایگەیاندووە،

**دۆناڵد ترەمپ ڕایگەیاندووە، ئەمریکا هیچ بەرژەوەندییەکی نییە لەوەی لە سووریادا دەگوزەرێت، بەڵام کێ دەزانێت بڕیاری کۆتایی لەم بارەوە چی دەبێت**



**ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هاتووەتە ئاراوە، پتر لە بەرژەوەندیی ئیسرائیلدایە، لەبەر ئەوەی ڕکابەرەکانی لە پێگەیەکی لاوازدان، ئایا لەم ڕووەوە دەکرێ بڵێین ئیسرائیل لە پێگەیەکی بەهێزتردایە لە ئێستادا و ئایا ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی ژمارەیەکی زیاتری وڵاتانی عەرەبی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئیسرائیل ئاسایی بکەنەوە، بەتایبەتی کە ئێوە پێشتر باسی ئەم ئەگەرەتان کرد، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەست بێت بە ددانپێدانانی سعودیە بە ئیسرائیل؟**

- من دەڵێم، ئەوەی بەدەست هاتووە سەرکەوتنێکی ستراتیژی نییە، بەڵکو پتر سەرکەوتنێکی تاکتیکییە. بەڵام ئەگەر بێت و بە ڕاست و دروستی مامەڵەی لەگەڵدا

ئەمریکا هیچ بەرژەوەندییەکی نییە لەوەی لە سووریادا دەگوزەرێت، بەڵام کێ دەزانێت بڕیاری کۆتایی لەم بارەوە چی دەبێت. من پێم وایە لە ئێستادا دەرفەتێکی گەورە هاتووەتە ئاراوە ئەگەر بێت و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و وڵاتانی کەنداو و ئەردەن و ئیسرائیل بتوانن بەکاری بهێنن. هەروەها با ئەوەمان لە یاد بێت کە ئیسرائیل نەیدەویست ڕژێمی عەلەوی لە سووریا بڕووخێت. ڕاستە ئیسرائیل خوازیاری یەکلاکردنەوەی پرسەکە بوو لەگەڵ حەماسدا، بەڵام من پێم وایە ئەگەر ئیسرائیل بیزانیایە هێرشەکانی بۆ سەر حزبوڵڵا دەبێتە هۆی لاوازکردن و ڕووخاندنی ڕژێمی ئەسەد، ئەوا دووجار بیری لەم مەسەلەیە دەکردەوە.

**ڕاستە ئیسرائیل خوازیاری یەکلاکردنەوەی پرسەکە بوو لەگەڵ حەماسدا، بەڵام من پێم وایە ئەگەر ئیسرائیل بیزانیایە هێرشەکانی بۆ سەر حزبوڵڵا دەبێتە هۆی لاوازکردن و ڕووخاندنی ڕژێمی ئەسەد، ئەوا دووجار بیری لەم مەسەلەیە دەکردەوە**



# زیانە ژینگەییەکانی پەرژینکردنی سنووری وڵاتان



عەبدولڕەحمان سدیق

بۆ گوڵانی نووسیوە

بەهۆی زۆربوونی کۆچی نایاسایی و پەرەسەندنی تیرۆر و بازرگانیی قاچاغ و گواستنەوەی ماددەی هۆشبەر و بازرگانیکردن بە مرۆڤ و زۆر هۆی دیکە، ساڵ لە دوای ساڵ ژمارەی دیوارە دروستکراوەکانی نێوان وڵاتان زیاتر دەبن.

بەپێی ڕاپۆرتێکی پەیمانگەی نیشتمانیی سنوور، لە ساڵی (٢٠١٩) گرووپێك لە کۆمپانیاکانی دروستکردنی چەك سوودمەندی یەکەم بوون لە بودجەی تەرخانکراوی یەکێتیی ئەورووپا بۆ پاراستنی سنوورەکان، ئەم کۆمپانیانەش تەنیا وەك هەڕەشەیەك لەسەر ئاسایش دەڕواننە باسی دیوار و تەلبەندکردنی سنوورەکان، نەك وەك بابەتێکی کاریگەر لەسەر ژینگە و مرۆڤ و گیانلەبەران.

بۆیە چەندەها زاراوە و چەمکی پەیوەست بەم بوارەیان پەرە پێ داوە بۆ بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆیان، وەك: کۆنترۆڵکردنی سنوور، گێرانەوەی کۆنترۆڵ، پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی، رێکخستنی کۆچ، دەرکردنی پەنابەران، کۆتاییهێنان بە سەردەمی خۆشی کۆچبەران، گێرانەوەی زۆرەملێ، دەرکردن، خێوەتگەکانی ڕاگرتن، قەدەغەکردنی گەشت و.. هتد.

بەپێی توێژینەوەیەك کە لە خولنامەی (بایۆساینس) بە ناونیشانی: «زانستی ژینگەی پەرژین، تێگەیشتن لە کاریگەرییە ژینگەییەکانی پەرژینەکان»، لە ساڵی (٢٠٢٠) بڵاو کراوەتەوە، لەم باسەدا مەبەست لە پەرژین ئەو پەرژینە نزم و لە دار و بەرد ڕێکخراوانە نییە کە وەك هێڵێك سنووری نێوان دوو پارچە زەوی، یان دوو لەوەڕگە، یان کەناری ڕێگەیەك دیار دەکەن، بەڵکو مەبەست لێی ئەو پەرژینە درێژ و لە ئاسن دروستکراو و تەلە دڕکاوییانەیە کە هەندێك جار تەزووی کارەباشیان دەخرێتە سەر و، لەسەر سنووری نێوان وڵاتان، بۆ ڕێگرتن لە کۆچی نایاسایی پەنابەران دروست دەکرێن.

بۆ نموونە: وڵاتی هەنگاریا پەرژینی دووەمی لەسەر سنووری خۆی لەگەڵ (سربیا) داناوە بۆ چاودێریکردن و دوورخستنەوەی پەنابەران، وڵاتی (مەسەدۆنیا)ش پەرژینێکی ئاسنینی لەسەر سنووری خۆی لەگەڵ (یۆنان) داناوە، کە بەپێی سەرچاوە ناوخۆییەکانی هەواڵ درێژاییەکەی (٣٠) کیلۆمەتر دەبێت، وڵاتی (یۆنان)یش بەنیازە پەرژینێکی (١٥) کیلۆمەتری لەسەر سنووری خۆی لەگەڵ تورکیادا دابنێت، وڵاتی (ئیسپانیا)ش پەرژینەکانی بەهێزتر دەکات لەگەڵ وڵاتی (مەغریب) بۆ ڕێگرتن لە کۆچبەرانی وڵاتانی باکووری ئەفریقیا. وڵاتانی دیکەش لەبەر زۆر هۆی سیاسی و ئەمنی هەمان کار دەکەن، وەك هەوڵەکانی ئێران بۆ دیواربەندکردنی بەشێك لە سنوورەکانی لەگەڵ عێراق و تورکیا و، تورکیاش لە هەوڵی دیواربەندکردنی سنوورەکانیەتی لەگەڵ هەریەك لە ئێران و سووریا و عێراق، هەروەها هەوڵەکانی عێراقیش بۆ گرتنی سنوورەکانی لەگەڵ سووریا.

پۆڵەندا لەسەر سنووری خۆی لەگەڵ بیلاڕووسیا بە درێژایی (١٨٠) کیلۆمەتر و بە بەرزیی (٥) مەتر کە لای سەرەوەیشی بە تەلی دڕکاوی گرتووە، پەرژینێکی ئاسنینی، بۆ ڕێگرتن لە کۆچی نایاسایی پەنابەران دروست کردووە.

بۆیە لە ئێستادا ژمارەی تەلبەندە پەرژینەکانی ئەمریکا لەگەڵ دراوسێکانی، هەروەها ژمارەی تەلبەندە پەرژینەکانی نێوان وڵاتەکانی ئەورووپاش زۆر زیاترە لەوەی لە سەردەمی جەنگی سارددا هەبوون.

گرفتە ژینگەییەکان بەهۆی ئەم پەرژینە دەستکردانەی نێوان وڵاتان و لە نێوان شوێنەکانی دیکەی نێوخۆی هەمان وڵاتدا زۆرن، ئەمانەی لای خوارەوە بریتین لە هەندێکیان وەك:

یەکەم: ڕێگری لە کۆچکردنی ئاسایی و سرووشتیی گیانلەبەرانی وەك ورچ و ئاسك و گایەکان.

دووەم: بەهۆی جێ پێی کرێکار و ئامێرەکانەوە سەدان تۆوی نامۆ دەکەونە ئەو ناوچانە کە لە دواییدا ڕووەکی نامۆ ناوچەکە داگیر دەکات.

سێیەم: دروستبوونی دوو ژینگەی جیاواز و لە یەکدی دابڕاو لە هەردوو دیوی پەرژینەکەدا.

چوارەم: بڵاوبوونەوەی نەخۆشی لە نێو گیانلەبەراندا بە هۆی کۆبوونەوەی ژمارەیەکی زۆریان لە ڕووبەرێکی کەمی دوای پەرژینکردنەکەدا.

پێنجەم: گۆڕان لە هەڵسوکەوتی گیانلەبەرە ڕاوکەرەکان لە بەئاسانگرتنی نێچیرەکانیاندا بە هۆی نەبوونی ڕێگەی دەربازبوون.

شەشەم: بە زەحمەت گەیشتن بە سەرچاوە سەرەکییەکانی وەك ئاو و لەوەڕگە.

حەوتەم: زۆربوونی تۆڕی جاڵجاڵۆکە لەسەر پەرژینەکان و کەمبوونەوەی مێرووەکان.

هەشتەم: گیانلەدەستدانی ئاژەڵەکان بە هۆی گیربوون، یان خۆکیشان بە پەرژینەکاندا.

نۆیەم: دابەشبوونی نشینگەکان و لێکدابڕانی گرووپی ئاژەڵان.

جا بە مەبەستی دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەك بۆ کەمکردنەوە، یان نەهێشتنی زیانە ژینگەییەکانی پەرژینکردنی سنووری وڵاتان، ئەم هەنگاوانەی لای خوارەوە و هاوشێوەکانی پێویستن:

یەکەم: لادانی ئەو پەرژینانەی توانای بەدیهێنانی ئەو ئامانجەیان نەماوە کە لە پێناویدا دروست کراون.

دووەم: پەنابردنە بەر مانگە دەستکردەکان و درۆن و کامێرای چاودێری، لەبری دروستکردنی پەرژینی دژە ژینگە.

سێیەم: ئەنجامدانی چاکسازیی سیاسی و ئابووری لەو وڵاتانەی خەڵکەکەی لەبەر نەبوونی ئازادی و هەلی کار بیر لە کۆچکردن دەکەنەوە.

مەلا ڕەجەب ئەحمەد محەمەد
بەرپرسی لیژنەی ناوچەی ئەتروش و شێخان لە یەکێتیی زانایانی ئایینیی ئیسلامیی کوردستان بۆ گوڵان:

# هەندێک لەو گرووپ و لایەنە ئیسلامییە سیاسییانەی هەرێم بە بەرنامە و هزری دەرەکی دەیانەوێت مێژووی خۆمان لەبیر بکەین

## بۆ هیچ لایەن و گروپێکی ئیسلامیی سیاسی نەهاتووە فەتوا بدات جگە لە لیژنەی باڵای فەتوا

## ئەو لایەن و گرووپە ئیسلامییانە، ئیسلامی سیاسین کە مەبەستیان بەرژەوەندیی تاکە کەسی و گەیشتن بە کورسی و دەسەڵاتە



**دابەشکردنی ئایینی پیرۆزی ئیسلام لەنێوان خوداپەرستی و سیاسەت و بڵاوبوونەوەی هزری توندوتیژی و دروستبوونی دەیان حزب و گرووپ و تاقمی جیاوازی بەناو ئایینی، هەموو ئەمانە دوورن لە مێژووی پڕ لە سەروەریی ئایینی پیرۆزی ئیسلام و کەلتوور و دابونەریتی زانا و مامۆستا و مەلای کورد، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ مامۆستای مافپەروەر مەلا ڕەجەب ئەحمەد محەمەد وتارخوێن و پێشنوێژ لە مزگەوتی گوندی شەهیا لە سنووری شارۆچکەی ئەتروش ئەنجام دا.**

*** لە دوای ڕووخانی خەلافەتی ئیسلامی لە ئەستەنبوڵ، ڕێکخراوی ئیخوان موسلیمین لە میسر دامەزرا بۆ دووبارە گێڕانەوەی خەلافەتی ئیسلامی و، دواتر فیکری ئیخوان بووە فیکرێکی جیهانی، ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی ئیسلام دابەش بێت بۆ سیاسی و عیبادەت، ئایا ئەم دابەشکردنەی ئیسلام بۆ ئیسلامی سیاسی و عیبادەت تا چەند خزمەتی بە ئیسلام کردووە؟**

- لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا یەکەمجار عیبادات بۆ موسڵمانان دیاری کراوە و عیباداتەکانیش فەرزن و ئێمە ناڵێین لە ئیسلامدا سیاسەت نییە، بەڵام سیاسەتەکە بۆ ڕێکخسنی کاروباری موسڵمانانە و بۆ خۆشگوزەرانی و ئازادییەکانی مرۆڤە، بەڵام وەکو لە پرسیارەکەش هاتووە لە دوای نەمانی خەلافەتی ئیسلامی لە ئەستەنبوڵ، ئەوا ڕێکخراوی ئیخوان موسلیمین بە زەقی لە وڵاتی میسر بۆ گێڕانەی خەلافەت و دەسەڵاتگرتنە دەست دروست بوو. ئەو ڕێکخراوە وەکو ڕێکخستنی هەموو پارت و حزبێك کاری سیاسی تێکەڵی ئایینی پیرۆزی ئیسلام کرد و لەپاشان ئەو ڕێکخراوە بە وڵاتی ئیسلامی بڵاو بووەوە، لەگەڵیشدا چەندین گرووپ و لایەنی دیکەی سیاسی لە لایەن موسڵمانان وەکو جیهادی و ئوسووڵی و بزووتنەوە و ...هتد، بە ناوی ئیسلام هاتنە کایە و ئەو بیر و هزرانە هاتە وڵاتی ئێمەش، کە

**لەلای پێغەمبەر (د. خ) بەهەمان شێوە خاک زۆر پیرۆز بووە، هەر بۆیە گوتوویەتی هەر کەسێک لەسەر بەرگری لە خاک و ماڵی خۆی بکوژرێت، ئەوە بە شەهید هەژمار دەکرێت**

**دەبێت هەوڵ بدەین هەقیقەتی ئەو گرووپ و لایەنە ئیسلامییە سیاسییانە بەتایبەتی لەلایەن ئێمەی پیاوانی ئایینی بۆ خەڵک و میللەتەکەمان ڕوون بکەینەوە، تاوەکو خەڵک لەخشتە نەبرێن و ڕێگای ڕاستەقینەی ئایینی پیرۆزی ئیسلام بزانن**

**هەموو سەرکردەکانی کورد و شۆڕشی ڕزگاریخوازیشمان وەکو قازی محەمەد، شێخ سەعیدی پیران، مەلا مستەفا بارزانی و چەندانی دیکە هەر هەموویان کەسایەتیی دیاری ئایینی پیرۆزی ئیسلام بوون**

**لە سایەی زانایان و موفتییە بەتوانا و بلیمەتەکانمان هەرگیز ئەو گرووپە ئیسلامییە توندڕەوانە لە پەیامەکانیان سەرکەوتوو نابن**

ئێستا لەناو هەرێمی کوردستان چەندین لایەن و حزب بە ناوی ئیسلام دروستبوونە لەتەک حزبە علمانی و نەتەوەیی و نیشتمانییەکان، بۆیە دەکرێت زۆر بە کورتی بڵێین ئەو لایەن و گرووپە ئیسلامییانە، ئیسلامی سیاسین کە مەبەستیان بەرژەوەندیی تاکە کەسی و گەیشتن بە کورسی و دەسەڵاتە، واتە ئەو لایەنە ئیسلامی سیاسییانە موسڵمانانیان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان دابەش و پچڕ پچڕ کردووە. بە تەئکید ئەو ئایینە پیرۆز و جوان و پاکە کە کراوەتە دوو بەش (عیبادات و سیاسەت) و هەر لایەن و گرووپێکیش خۆیان لەوەی دیکە پێ باشتر و ڕاستترە، ئەمە وای کردووە، ئایینەکە کێشەی بۆ دروست بکەن و بیروباوەڕ و هزری جۆراوجۆر لە وڵاتەکەمان بڵاوبکەنەوە کە زۆربەی ئەو بەرنامە و هزرانەی ئەو لایەنانە لە کوردستان هەڵیانگرتووە و کاری لەسەر دەکەن، بیری دەرەکین و لە خزمەت مێژووی نەتەوەی غەیرە کوردە و وایان کردووە سەرلێشێواو و پشێوی لە هەندێ کات بۆ کۆمەڵگەکەمان دروست بکەن. هەر بۆیە نابێت بەو جۆرەی ئەو لایەنە ئیسلامییە سیاسییانە دەیکەن، ئایینی ئیسلام دابەشی سەر عیبادات و سیاسەت بکەن، چونکە دەبێتە مەترسییەکی گەورە لەسەر ئایینەکە و کۆمەڵگەکەشمان.

*** بەپێی ئەم مێژووەی ئیخوان موسلیمین، ئەوە دەرکەوتووە کە فیکری ئیسلامی سیاسی بایەخ بە پرسی خاک و نەتەوە نادات و پیرۆزییەکانی نەتەوە بێ بەها دەکەن، لێرەش لە کوردستان دەبینین کە لەو مەدرەسانەی حزبە ئیسلامییەکان سەرپەرشتی دەکەن، پرۆگرامەکانیان سڕینەوەی هزری نەتەوەیی و نیشتمانییە. ئایا سڕینەوەی ئینتیما و پیرۆزییەکانی نیشتمانی چ کارەساتێکی لێدەکەوێتەوە؟**

- لە ئایینی ئیسلامدا خاک پیرۆزە و ڕێزی زۆری لێگیراوە. ئەگەر خاک نەبێت، موسڵمانان و بەندەکانی خوا لە چ شوێنێک عیباداتی خۆیان بەجێ بگەیەنن؟ لەلای پێغەمبەر (د. خ) بەهەمان شێوە خاک زۆر پیرۆز بووە، هەر بۆیە گوتوویەتی هەر کەسێك لەسەر بەرگری لە خاک و ماڵی خۆی بکوژرێت، ئەوە بە شەهید هەژمار دەکرێت. خاک ئەو نیشتمانەیە کە لە سەری دەژین و نەتەوەکەشمان هەر خوا پێی داوین، بۆیە پێویستە هەموو کەسێك و موسڵمان بەتایبەتی زۆر ڕێز لە نەتەوە و نیشتمان و بەرژەوەندییەکانی خۆی بگرێت. ئەگەرچی لەلایەن ئیسلامی سیاسی لەو هەرێمەی خۆماندا بە فەرمان و دەستی دەرەکی دەیانەوێت دڵسۆزی و فیداکاری لەلایەن کەسەکان نەهێڵن، یان کەمی بکەنەوە کە لە و بارەشەوە ئیسلامی سیاسی درێغییان نەکردووە، ئەمەش جگە لەوەی لە ئایینی ئیسلام شتی وا نییە، گوناهێکی گەورەش بۆ خۆیان دروست دەکەن. هەر بۆیە من بە پێویستی دەزانم لێرەدا بڵێم، تا دەکرێت پێویستە ئێمە و هەموو نەتەوە و میللەتێکی دونیا کە لە ئەزەلەوە هەین، بەرگری و داکۆکی لە خاک و نیشتمانمان بکەین.

دەبێت هەوڵ بدەین هەقیقەتی ئەو گرووپ و لایەنە ئیسلامییە سیاسییانە بەتایبەتی لەلایەن ئێمەی پیاوانی ئایینی بۆ خەڵك و میللەتەکەمان ڕوون بکەینەوە، تاوەکو خەڵك لەخشتە نەبرێن و ڕێگای ڕاستەقینەی ئایینی پیرۆزی ئیسلام بزانن، کە بەرگریکردن لە خاک و نیشتمان ئەرکە لەسەر هەمووتاکێکمان.

*** ئێمەی کورد وەك گەلێکی موسڵمان، خاوەنی مێژوویەکی پاکی موسڵمانیەتی و کوردایەتین و چەندین زانای گەورەی ئیسلامیمان هەبووە، هەر لە ئەحمەدی خانی تا دەگاتە مەولەوی و نالی، بۆچی ئیسلامی سیاسی ئەم مێژووە فەرامۆش دەکات و دەیەوێت مێژوویەکی دیکە لە کوردستان بڵاو بکاتەوە، کە ئەویش مێژووی عەرەبییە؟**

- میللەتی کورد خاوەنی خاك و نیشتمانی خۆیەتی، بەڵام ئەو کوردستانە خۆشەویستە پارچە پارچە کراوە، لەگەڵ ئەوەشدا کورد میللەتێکی موسڵمانی زۆر پاك و خاون عیبادات و بەندایەتیی خوای خۆیەتی و لەسەرەتای هاتنی ئیسلامیشەوە کورد لە سەرکەوتنی ئەو ئایینەدا بەشدار بووە و چەندین زانا و شارەزا و بلیمەتی زۆر ناودار لە ناو کورد هەڵکەوتوون، کە زانای ئیسلامی لەبیرنەکراون و هەموو سەرکردەکانی کورد و شۆڕشی ڕزگاریخوازیشمان وەکو قازیی محەمەد، شێخ سەعیدی پیران، مەلا مستەفا بارزانی و چەندانی دیکە هەر هەموویان کەسایەتیی دیاری ئایینی پیرۆزی ئیسلام

بوون، تا ئاستی شاعیران و ڕۆشنبیرانیشمان هەر پابەندی عیبادات و بەندایەتیی خوای گەورە بوون. کورد لە هەموو گوند و شوێنکدا کە دوو ماڵی لێ بێت، ماڵی سێیەم مزگەوت و حوجرە و مەدرەسەی ئایینی بووە. کورد خاوەنی چەندین ڕێگای تەسەوف و خواپەرستی بووە، لەوانە نەقشبەندی و قادری، بەڵام ئەو کەس و لایەنانەی کار لە ئیسلامی سیاسی دەکەن، بێگومان دەیانەوێت ئەو مێژووە پاك و جوانەی کە کورد هەیەتی بەتایبەتی لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا لە بیر خەڵك و کۆمەڵگەکەمان ببەنەوە، ئەمەش هەر بە دەستی دەرەکییە، بەتایبەتی بیر و هزری عەرەب بە سەریاندا زاڵە و هەر بۆ عەرەب و مێژووی عەرەبیش کار دەکەن. ئەوانە دەیانەوێت مێژووی عەرەب بخەنە شوێنی مێژووە دوور و درێژ و پڕ سەروەرییەکەمان وەك مێژووی دیاری کورد و کوردستان، بەڵام لەو مەبەست و مەرامەیان ئیسلامی سیاسی شکستیان هێناوە و مەرامە خراپەکانیان سەرکەوتوو نەبووە و لە سایەی زانایان و موفتییە بەتوانا و بلیمەتەکانمان هەرگیز ئەو گرووپە ئیسلامییە توندڕەوانە لە پەیامەکانیان سەرکەوتوو نابن.

*** باس لە بەرهەمهێنانی توندوتیژی و تیرۆر لە فیکری ئیخوان موسلیمین و ئیسلامی ئوسووڵی دەکرێت. ئایا چاندنی تۆوی توندوتیژی و ئیرهاب لە کۆمەڵگە، تاچەند کۆمەڵگە بەرەو ناسەقامگیری و کاولبوون دەبات؟**

- بە هیچ جۆرێك لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا توندوتیژی نییە و جێگای نابێتەوە و جیاوازی لە نێوان هیچ کەس و نەتەوە و ئایینێکیش ناکات. ئایینی ئیسلام ڕێزی لە هەموو ئایینەکانی دیکەش گرتووە. هەر بۆ نموونە پێغەمبەر (د.خ) دراوسێیەکی جوولەکەی هەبوو، ڕێزی گرتووە و تەعامولیشی بە شێوەیەکی ئاسایی لەگەڵ دەکرد، بەڵام لەگەڵ دروستبوونی ئیخوان موسلیمین و گرووپەکانی دیکەی وەکو ئوسووڵی و جیهادی و سەلەفی و ...هتد، ڕابەرەکانیان بە ئارەزووی خۆیان لایەنگر و ڕێکخستنەکانیان لەسەر وەڵامدانەی خەڵك و هەڵسوکەوتیان لەگەڵ کۆمەڵگە بە شێوەی توندوتیژی پەیڕەو کردووە، ئێستاکەش هەر بەو شێوەیەن. دەبێت بزانین هەموو ئەو گرووپ و لایەنە ئیسلامییە سیاسییانە کە بەبێ هێنانی هیچ دەقێکی قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەر (د.خ) لە بەرانبەر بڵاوکردنەوەی بەرنامە و هزرەکانیان توندوتیژی بەکاردەهێنن، ئاکامی ئەو توندوتیژییانە بۆ سەر کۆمەڵگەی موسڵمانان زۆر خراپ و نارەوایە، چونکە خوای گەورە لەگەڵ پێکەوەژیان و ئاشتی و لێبوردەییدایە لە هەموو کۆمەڵگەیەك و تەواوی مرۆڤەکانی سەر ڕووی زەوی، کە بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی دروست کراون، بەڵام ئیسلامی سیاسی بۆ مەرامی تایبەتی و شەخسی و بەلاڕێدابردنی هەندێ پرەنسیپی مەدەنی و ژیاری دەیانەوێت وای نیشان بدەن کە لە بنەڕەتدا لە گەیاندنی پەیامی ئیسلامدا توندوتیژی هەبووە، کە ئەمە پێچەوانەکەی ڕاستە، چونکە بە قسەی خۆش و بە نەرمونیانی و گفتوگۆ و لێبوردەیی دەتوانرێت هەموو کێشەکانی نێوان دوو کەس و دوو گرووپ و دوو خێزان و دوو دراوسێ و دوو نەتەوە چارەسەر بکرێت.

*** خاڵێکی دیکەی مەترسیدار کە لە هزری ئیسلامی سیاسی هەیە، دووبارە تەفسیرکردنەوەی «فەتوا»دانە، کە دەبێت حکومەت، یان ئەمیری موئمنین فەتوا بدات، بەڵام ئیسلامی سیاسی دەڵێت، هەر کەسێك دەتوانێت فەتوا بدات و خەڵك بکوژێت. ئایا ئەمە بێماناکردنی فەتوا و دروستکردنی ئاژاوەوە لە کۆمەڵگە نییە؟**

- بۆ هیچ کەس و لایەن و گرووپێکی ئیسلامی نەهاتووە لەسەر هەر کارێکی بچووك و گەورە فەتوا بدات. چونکە فەتوادان بە بێ زانست و بنەمای شەرعی کارەساتی زۆر گەورەی لێ دروست دەبێت، تا دەگاتە تاوانی کوشتن، بەڵکو دەبێت ئەو زانا و خاوەن زانستە ئیسلامییانە فەتوا بدەن کە بە تەواوی شارەزای شەریعەت و هەموو لایەنەکانی ئیسلامن. لە هەرێمی کوردستان ئێستا لێژنەی باڵای فەتوا هەیە و تەنیا ئەو لێژنەیە دەبێت فەتوا بدات، کە تەواوی ئەندامەکانی لێژنەکە موفتین و زۆر ئاگادار و خاوەن زانستی شەریعەت و هەموو بوارەکانی ئیسلامن.

**بە هیچ جۆرێک لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا توندوتیژی نییە و جێگای نابێتەوە و جیاوازی لە نێوان هیچ کەس و نەتەوە و ئایینێکیش ناکات**

**ئیسلامی سیاسی بۆ مەرامی تایبەتی و شەخسی و بەلاڕێدابردنی هەندێ پرەنسیپی مەدەنی و ژیاری دەیانەوێت وای نیشان بدەن کە لە بنەڕەتدا لە گەیاندنی پەیامی ئیسلامدا توندتیژی هەبووە، کە ئەمە پێچەوانەکەی ڕاستە**

**بە قسەی خۆش و بە نەرمونیانی و گفتوگۆ و لێبوردەیی دەتوانرێت هەموو کێشەکانی نێوان دوو کەس و دوو گرووپ و دوو خێزان و دوو دراوسێ و دوو نەتەوە چارەسەر بکرێت**

**فەتوادان بە بێ زانست و بنەمای شەرعی کارەساتی زۆر گەورەی لێ دروست دەبێت، تا دەگاتە تاوانی کوشتن**

# فەتوا وەک پرسێکی هەستیاری ئایینی و گەشەی هزری میانڕەوی

**سەرجەم ئەو فەتوایانەی لە نێوان ساڵانی ٢٠١٠ تا ٢٠٢٤ دەرکراون، لەم کتێبە ناوازە دووبەرگیە و بە قەبارەی ٩٠٠ لاپەڕە کۆکراونەتەوە، کە ژمارەیان ٢٠٠ فەتوای فەرمیی جیاجیایە لە بواری عیبادات و موعامەلات و بابەتە هاوچەرخ و نوێیەکان**

کتێبی «فەتواکانی ئەنجومەنی باڵای فەتوا»، یەکێکە لەو کتێب و سەرچاوە گرنگانەی بۆ یەکەم جارە لە مێژووی کورد بە کۆمەڵێك فەتوای گرنگ و ناوازە، بە شێوازی زانستی و توێژینەوە و یەکانگیر لەگەڵ قورئان و فەرموودە و فیقهی ئیسلامی و فیقهی واقیع و مەقاسیدی شەرعی دەکەوێتە بەر دیدی خوێنەران و بڵاو دەبێتەوە. لەناو کتێب و سەرچاوە زانستییە ئایینییە کوردییەکانیش بە یەکەم کتێب دادەنرێت، کە بەرهەمی مەلای کوردە و فەتوای کوردی بە شێوازی زانستی و ئەکادیمی لەخۆ دەگرێت، یەکێکیشە لەو بەرهەمە تایبەتانەی لە مێژووی یەکێتیی زانایان لە بواری فەتوا کۆکراوەتەوە و، وەك تاکە بەرهەمی خزمەت و کۆششی بەردەوامی ئەنجومەنی باڵای فەتوا، کتێبخانەی کوردی ڕووناك دەکا و مایەی شانازی و هەنگاوێکی پڕ بەها و بایەخدارە و خەڵکی پسپۆڕ و عاقڵمەند نرخی دەزانێت.

نزیکەی دووساڵە وەك یەکێك لە کارە لە پێشینەکان بە ئەنجام گەیاندنی ئەم پڕۆژەیە بووە، تا ڕەنجی زانایانی ئەنجومەنی باڵای فەتوا نەفەوتێت و ببێتە سەرچاوەی زانیاری و کارئاسانی لەبەر دەستی زانایان و زانستخوازان. خۆشبەختانە سەرجەم ئەو فەتوایانەی لە نێوان ساڵانی ٢٠١٠ تا ٢٠٢٤ دەرکراون، لەم کتێبە ناوازە دووبەرگیە و بە قەبارەی ٩٠٠ لاپەڕە کۆکراونەتەوە، کە ژمارەیان ٢٠٠ فەتوای فەرمیی جیاجیایە لە بواری عیبادات و موعامەلات و بابەتە هاوچەرخ و نوێیەکان.

**کتێبی «فەتواکانی ئەنجومەنی باڵای فەتوا»، بە نۆبەرەی کتێبی فەتوای دەستەجەمعی و دامەزراوەیی دادەندرێت، کە هاووێنەی نەبووە و یەکەمین جارە فەتوای خۆماڵیی ئەنجومەنی فەتوا وەک سەرچاوە بەردەست بێت**

کتێبی «فەتواکانی ئەنجومەنی باڵای فەتوا»، بە نۆبەرەی کتێبی فەتوای دەستەجەمعی و دامەزراوەیی دادەندرێت، کە هاووێنەی نەبووە و یەکەمین جارە فەتوای خۆماڵیی ئەنجومەنی فەتوا وەك سەرچاوە بەردەست بێت، ڕاستە پێشتر فەتوای کوردی هەبووە، بەڵام لەسەر ئاستی کەسی بووە، نەك دەستەیەك لە زانایان، بەڵام ئەمەیان بەرهەمی ئەنجومەنێکە، کە ساڵەهایە یەکێتیی زانایانی ئایینیی ئیسلامیی کوردستان خەمی هەڵگرتووە و، خەمی خەڵکی پێ کەم کردووە و، وەك هەوێنی ئاشتەوایی و ڕەنجی زۆری زانایان پێشکەشی کۆمەڵگەی دەکات و، ئاواتی لەمێژینەی زۆربەی زانایانی کورد و خەڵکی دیندار دێنێتە دی.

لەم کتێبەدا ڕەچاوی بنەماو پێوەرە دروست و زانستییەکانی ڕێسا و بنچینە فیقهییەکان، لە چوارچێوەی مەزاهیبی موعتەمەد و هەڵێنجان و بۆچوونی زانایانی پێشین و مەسلەکی زانایانی کورد لە پابەندیی مەزهەبی و ڕێڕەوی زانستی کراوە، هاوکات بنەمای وەسەتیەت و ئاسانکاری و بەرژەوەندیی ژیار و ژین و پاراستنی چوارچێوەی فەتوادان ڕەچاو کراوە، لە پرسە هاوچەرخ و نوێیەکانیش کە پێشینەیان نەبووە، بۆچوونی زانایانی هاوچەرخ و ناوەندە باوەڕپێکراوەکانی فەتوا لە جیهانی ئیسلامی لەبەرچاو گیراوە.

کتێبی «فەتواکانی ئەنجومەنی باڵای فەتوا» شاکارێکی ناوازەیە کە هەڵقوڵاوی تێگەیشتن و هزرو هەست و زانستی زانایانی هەڵکەوتووی کوردستانە و بە تام و بۆی کوردەواری دەکەوێتە سەر سفرە و خوانی زانایان و کۆڕی زانستدۆستان. ئەم هەنگاوە خزمەتی زۆر بە دین و ژینی میللەت دەکات، بەتایبەت لەبواری پاراستنی ماف و بەرژەوەندییە گشتی و تایبەتییەکان، لە ڕووی کاروباری پەیوەست بە دینداری و پێشهات و گۆڕانکارییەکان ڕێڕەوێکی گونجاوە بۆ ئەوەی خەڵك بەرچاو ڕوون بێت لە کار و هەنگاوەکانیان و ئاشنابوونیان بە حوکمی شەرعی. دەکرێ بڵێین. هەر یەك لەم فەتوایانە بۆ کاتی خۆی و بۆ واقیعی کوردستان هاوشێوەی هەڵمەت و شۆڕشێکی زانستیی هێواش، کاریگەری و ڕۆڵی هەبووە لە دیاریکردنی تێڕوانین و جیهانبینی شەرعی و دیاریکردنی ڕێڕەوی دروست و زانستی و ڕاستەڕێکردن و ڕاستکردنەوەی بۆچوون و تێگەیشتنە چەوتەکان. وەك زانراویشە پرسی فەتوا بۆ هەر سەردەم و کۆمەڵگەیەك پرسێکی



**د. عەبدوڵڵا شێرکاوەیی**
ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی و بەرپرسی ڕاگەیاندنی یەکێتیی زانایانی ئایینیی ئیسلامیی کوردستان

■ بۆ گوڵانی نووسیوە

هەستیارو گرنگە، لەبەر ئەوە زانایانی کورد بەردەوام بە بایەخەوە سەیریان کردووە و ئەو پێگە هەستیارەیان پاراستووە. لەهەمان کات ئەم بەرهەم و شاکارە بە سەرچاوەیەکی فەرمی لەبواری فەتوا هەژمار دەکرێت، کە دەرخەری پێگە و خزمەتی مەلای کوردە بە ڕووی جیهانی ئیسلامی، هێمایە بۆ ئەو ڕاستییە کە کۆمەڵگەی ئێمە پێویستی بە چاولێکەری و وابەستەبوون بە فەتوای دەرەکی و نەگونجاو نییە، بەڵکو ئەم فەتوایانە ڕەچاوی بارودۆخ و تایبەتمەندیی کوردستانیان کردووە، وەك وڵامگۆی پرس و پێشهاتەکان و چارەسەری گرفتی خەڵك بۆشاییەکی گەورەیان پڕ کردووەتەوە، دواجار گەڕانەوە بۆ ئەم بەرهەمە ناو ئینتەرنێت دەرمانی برینی ئێمە نییە، بەڵکو بۆ شوێن و زرووف و بارودۆخێکی دی دەرکراوە و ڕەنگە بۆ کوردستان دەست نەدات. ئەوەش مەعلوومە فەتوای نادروست و دوور لە مەبەستەکانی شەریعەت، یان ئەو فەتوایەی لەلایەن ئەهلی خۆی دەرناچێت، چ کارەساتێك بۆ تاك و کۆمەڵگە دروست دەکات، بە پێچەوانەشەوە فەتوای دروست و گونجاو لە گەڵ مەبەستەکانی شەریعەت چ خزمەتێکی گەورە پێشکەش بە کیان و کۆمەڵگە دەکات.

لەپاڵ هەموو ئەمانەش، ئەم فەتوایانە لە ژێر هەڕەشە و فشار و فیتی هیچ کەس و لایەنێك، یان لە چوارچێوەی تەوەجوهێکی تایبەت و بە ئایدیۆلۆژیا

■ **فەتوای ناو ئینتەرنێت دەرمانی برینی ئێمە نییە، بەڵکو بۆ شوێن و زرووف و بارودۆخێکی دی دەرکراوە و ڕەنگە بۆ کوردستان دەست نەدات**



ڕەسەن و سەرچاوە پڕ بایەخە، هۆکارێکی گرنگە بۆ خزمەتی پتری ڕەوشی ئایینی و ڕێڕەوی زانایان و ئاشتیی کۆمەڵایەتی و پاراستنی ئەمنی فکری و سەقامگیریی ئایینی لە کوردستان.

دوورخستنەوەی کۆمەڵگەیە لە فەتوای لابەلا و هاوردە و نەگونجاو و نازانستی و فەتوای گۆگڵی و بازاڕی و میزاجی و سەقەت و فەوزەوی ئەرکێکی لە پێشینەیە، دەبێ ئەوەمان لەبەرچاو بێت، فەتوای و ئاراستەیەکی فکریی دیاریکراو و بۆ خاتری خاتران دەرنەکراون، بەڵکو بە لەبەرچاوگرتنی ڕەزامەندیی خوا و پێوەرە شەرعییەکان و بەپێی پرسیاری خەڵك و گۆڕانکاری و پێشهاتەکان لەدایك بوون. ئەم کتێبە وێڕای ئەوەی بۆشاییەکی گەورە پڕ دەکاتەوە، ئەو ڕاستییەش دەسەلمێنێت، کە کوردستان پێویستی بە هەنگاوی پتری لەم شێوە زانستی و ئەکادیمی و بە حیکمەتە هەیە.

■ **هەر یەک لەم فەتوایانە بۆ کاتی خۆی و بۆ واقیعی کوردستان هاوشێوەی هەڵمەت و شۆڕشێکی زانستیی هێواش، کاریگەری و ڕۆڵی هەبووە لە دیاریکردنی تێڕوانین و جیهانبینی شەرعی و دیاریکردنی ڕێڕەوی دروست و زانستی و ڕاستەڕێکردن و ڕاستکردنەوەی بۆچوون و تێگەیشتنە چەوتەکان**

# ئامانجم ئەوەیە ڕێستۆرانتێکی گەورە بکەمەوە و هەمووان بتوانن تامی خواردنەکانمان بکەن



پەیام مەحموود حەمە دانیشتووی گەڕەکی کوردساتی شاری سلێمانییە و ساڵی ١٩٨٠ لەم شارەدا لە دایکبووە و دەرچووی قۆناغی ناوەندییە، لە گفتوگۆیەکیدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان چیرۆك و ئەزموونی کارکردنی بۆ خوێنەران باس دەکات.

«ماوەی پێنج ساڵە دەستم بەو کارە کردووە، لە ڕێگەی پەیجەکەمەوە (پەیجی دایکی لالە) بەرهەمەکانم بە کڕیارەکانم دەناسێنم، دایکی چوار کچی جوانم دوو کچە گەورەکەم لە ئامادەکردنی خواردنەکاندا زۆر هاوکارمن، خۆشبەختانە جێگەی خۆمان لە دڵی کڕیارەکاندا کردۆتەوە و لە هەموو شار و شارۆچکەکانەوە داوای خواردنمان لێ دەکەن، زۆر دڵخۆشم بە کارەکەم چونکە بە دڵسۆزی خواردن بۆ کڕیارەکانم دروست دەکەم، کام شتی باش و فرێش بێت ئەوە بۆ کڕیارەکانم بەکار دەهێنم، هەرگیز شتێك بەکار ناهێنم بۆ کڕیارەکان کە بۆ خۆمی بەکار نەهێنم، خۆشبەختانە خەڵك زۆر لە خواردنەکانمان ڕازین، سوپاس بۆ خوای گەورە ئەوەی جارێك تامی خواردنەکانمان بکات دەبێت بە کڕیاری هەمیشەییمان، هەروەها لە وەرزی

**پەیام مەحموود حەمە خانمە شێفێکی بە ئەزموونە و ماوەی چەند ساڵێکە لە ماڵەکەی خۆیدا خواردن و شیرینی دروست دەکات و لە ڕێگەی پەیجەکەیەوە بەرهەمەکانی بە بینەرەکانی ئاشنا دەکات، ئەو دایکی چوار کچە و وەك خۆی باسی دەکات کچەکانی لە ڕاپەڕاندنی کارەکانی هاوکاریی دەکەن.**

هاویندا لە چاقی لاند لە کۆشکێکی بچووکدا خواردنەکانمان دادەنێین، جێگەی دڵخۆشییە کە گەشتیاری شارەکانی دیکە دێن و پێم دەڵێن بە تایبەت هاتووین تاوەکو تامی خواردنەکانت بکەین، لە سەرووی هەموو ئەوانەوە ئامانجم ئەوەیە کە لە داهاتوودا بە ئیزنی خوای گەورە ڕێستۆرانتێکی گەورە بکەمەوە و هەموو کەسێك بتوانێت سەردانمان بکات و تامی خواردنەکانمان بکات».

پەیام مەحموود لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە ئایا ئەو بەربەست و ڕێگرییانە چی بوون کە لە سەرەتادا هاتنە سەر ڕێگەی دەرکەوتنت؟ ئەو گوتی: «سوپاس بۆ خوای گەورە هیچ بەربەست و ڕێگرییەك نەهاتووەتە بەردەمم، تەنانەت کارەکانم زۆر بە باشی بەڕێوەچوون، چونکە لە سەرەتاوە زۆر بە باشی پلانم بۆ کارەکانم دانابوو، هاوکات خێزانەکەشم زۆر پاڵپشتم بوون، دایکم و باوکم بە تایبەتیش هاوسەرەکەم کە زۆر هاوکارمە و زۆر یارمەتیم دەدات، هاوکات دەمەوێت زۆر سوپاسی زاواکەمان بکەم کە لە سەرەتای کارەکەمەوە زۆر هاوکارم بووە و یارمەتیدەرێکی باشم بووە، لێرەوە بە پێویستی دەزانم سوپاسی خێزانەکەم بکەم کە بەڕاستی هەموویان زۆر هاوکارمن و زۆر پاڵپشتیم دەکەن و یارمەتیم دەدەن».

پەیام مەحموود لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت: «لەم سەردەمەی ئێستادا زۆر گرنگە کە ئافرەتان شان بە شانی پیاوان ئیشی خۆیان بکەن و هەوڵ بدەن لە بوارێکدا بەهرەی خۆیان بدۆزنە، سەربەرزانە ئیش بکەن و خەونەکانیان بهێننەدی، تاوەکو خاوەن داهاتی خۆیان بن، من بە پێویستی دەزانم هەموو ئافرەتێك کارێکی تایبەت بە خۆی هەبێت و پشت بە خۆی بەستێت و بڕوای بە تواناکانی خۆی هەبێت و کۆڵنەدات، چونکە ئەم ڕۆژگارەی ئێستا واپێوست دەکات کە هەموو کەسێك کارێکی تایبەت بە خۆی هەبێت».

پەیام مەحموود لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە کارکردن بۆ ئافرەتێك بەم شێوەیە و ڕاگرتنی هاوسەنگی لە نێوان کار و هاوسەرداری و دایکایەتی سەخت نییە؟ دەڵێت: «بێگومان کارکردن لەگەڵ بەڕێوەبردنی ماڵ و پەروەردەکردنی منداڵ سەختیی زۆری تێدایە، بەڵام من هەوڵمداوە کاتەکانم بگونجێنم و کاتی تایبەت بۆ هەمووی دابنێم، بەڵام کە ئیشت کرد و ویستت ئیشەکەت بە باشی بڕوات، دەبێت کاتەکانت زۆربەی بۆ ئیشەکەت بێت، لەبەر ئەوە لە ئێستادا کاتم بۆ منداڵەکانم کەم بۆتەوە و لێرەوە داوای لێبووردنیان لێ دەکەم، بەڵام خۆشبەختانە ئەم ئیشەی من ئەوەی باشە کە لەناو ماڵەکەی خۆمدایە و دەتوانم لە کاتی کارکردنمدا ئاگاداری منداڵەکانیشم بم».

**دایکی چوار کچی جوانم دوو کچە گەورەکەم لە ئامادەکردنی خواردنەکاندا زۆر هاوکارمن**

**خەڵك زۆر لە خواردنەکانمان ڕازین، سوپاس بۆ خوای گەورە ئەوەی جارێك تامی خواردنەکانمان بکات دەبێت بە کڕیاری هەمیشەییمان**

**ئەم ئیشەی من ئەوەی باشە کە لەناو ماڵەکەی خۆمدایە و دەتوانم لە کاتی کارکردنمدا ئاگاداری منداڵەکانیشم بم**

پەرژین جەعفەر حاجی ڕۆستەم:

# ئافرەتی كورد لە مێژووی نەتەوەیی و كۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و پەروەردەیی و تەنانەت خەباتی چەكداریش خاوەن مێژوویەكی دەوڵەمەندە



**پەرژین جەعفەر حاجی ڕۆستەم، توێژەری مێژوویی سیاسی، کاندیدی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان، لەسەر لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان بازنەی هەولێر، لە دیدارێکی لەگەڵ گۆڤاری گوڵان باس لە پرسە هەنوکەییەکانی پەیوەست بە دۆخی ئافرەت و ئاستی بەشداریکردنی لە سیاسەت و حوکمڕانیدا دەکات و جەختیش لەوە دەکاتەوە دانانی ڕێژەی بەشداریکردن لە نێو کایەی سیاسی و حزبی و پەرلەمانی بۆ خۆی جۆرێك لە کۆسپ و لە هەمان کاتیشدا بەشێکە لە ڕەنگدانەوەی تێڕوانینی کۆمەڵگە و کلتوور و فەرهەنگی نەتەوەیی و ئایینی کە ئەمانەش ئەو هۆکارانەن کە لە نێو سیاسەتدا ڕەنگدانەوەیان لەسەر بەشداریی ئافرەتان هەیە.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

*** ئەگەرچی ئاستی بەشداریی ئافرەت لە کایەی سیاسی و حوکمڕانیدا بەراورد بە ساڵانی ڕابردوو وەرچەرخانێکی گەورەی تۆمار کردووە، بەڵام بەپێی پێویست نییە، بە بۆچوونی تۆ هۆکار چییە؟**

- پرسی بەشداریی ئافرەت لە سیاسەت و حوکمڕانی، لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتیدا هەمیشە گفتوگۆیەکی کراوە و ئامادەیە، لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکانی حوکمڕانیی ئەورووپا و ئەمەریکا ئەو پرسە پرسێك نییە کە هێندە بە پەرۆشەوە ببێتە گفتوگۆی میدیایی یاخود ڕێکخراوە تایبەتمەندەکانی بواری ئافرەتان، چونکە لە هاوسەنگ کردنی حوکمڕانی لە ڕووی ڕەگەزییەوە بەربەستەکانی تێپەڕاندووە، تەنانەت ڕۆڵی ئافرەت لە نێو سیاسەت و حوکمڕانی بەستراوەتەوە بە توانستەکانی مرۆڤ نەك جیاکاریی ڕەگەزی، یاخود دیاریکردنی پشکێك بۆ بەشداریکردن و دواتر هەڵسەنگاندنی.

لە هەرێمی کوردستان ئەم پرسە بەستراوەتەوە بە ئاستی ڕۆشنبیری و تێگەیشتن و کرانەوەی سیاسی حزبەکان و کۆمەڵگە و جۆری حوکمڕانی کردن، دانانی ڕێژەی بەشداریکردن لە نێو کایەی سیاسی و حزبی و پەرلەمانی ٢٥٪ بۆ ٣٠٪ بۆ خۆی جۆرێك لە کۆسپ و لە هەمان کاتیشدا بەشێکە لە ڕەنگدانەوەی تێڕوانینی کۆمەڵگە و کلتوور و فەرهەنگی نەتەوەیی و ئایینی، ئەمانەش هەموویان ئەو هۆکارانەن کە لە نێو سیاسەتدا ڕەنگدانەوەیان بەسەر بەشداریی ئافرەت هەیە، ئەگەر بەراوردی مێژوویی بێت، هیچ قۆناغێك لە سەردەمە جیاجیاکانی حوکمڕانی و خەباتی شاخدا لە نێو حزبەکان و حکومەت و سیاسەتدا بۆ بەشداریکردن پانتایی وا گونجاو نەبووە، لەگەڵ ئەمەشدا چەندین هۆکار هەن بۆ لاوازیی ڕۆڵی ئافرەت لەو پانتاییە، جگە لە هۆکارە کۆمەڵایەتی و ئایینییەکان، ئەو نابەرانبەرییە لە پشتیوانکردن و ڕێگە خۆشکردن بۆ بێ تواناکان و دوورخستنەوەی خاوەن تواناکان بەشێکە لە دەرنەکەوتنی ئافرەت لە سیاسەت، بۆ نموونە ئەو ئافرەتانەی بە هۆکاری بنەمایی دروست پۆستیان پێدراوە و کراون بە هێمای بەشداریکردن، کەچی لە پشت توانستەکانی ئەوانەوە پیاوێك

یاخود گرووپێك یاخود حزبێك هەیە، هەروەها چوونی بەشێك لەم ئافرەتانە لە نێو کایەی سیاسی و حوکمڕانیدا وایکردووە خودی ئەو ئافرەتانە بکەونە هەڵەیەکی ستراتیژی و ڕێگەخۆش نەکەن بۆ بەشداریکردنێکی کارا، هەروەها ئەوانەش کە نەگەیشتوون کەوتوونەتە دژایەتیکردنی ئەو ئافرەتانەی بەهەر هۆکارێك بێت لە پێگەیەکی سیاسی یا حوکمڕانی دان.

*** کەمیی بەشدارپێکردنی ئافرەت لە بڕیاری سیاسیدا، جێگەی پرسیار و هەڵوەستە لەسەر کردنە، لە کاتێکدا ڕێژەیەك ئافرەتی بەتوانا لەو مەیدانەدا بوونیان هەیە، خوێندنەوەت لەسەر ئەوە چییە؟**

- بڕیاری سیاسی لە نێو حکومەت و دامەزراوە و حزبەکاندا پرۆسەیەکی ئاڵۆزە، چونکە لە سیستەمی دیموکراسیدا کۆمەڵێك بنەما و لە سیستەمی نیمچە دیموکراسی و لە دیکتاتۆری و کۆماری و ...هتد بە شێوازی جیا جیا هەن، بۆ نموونە سیستەمی سیاسی کوردستان سیستەمێکی تێکەڵەیە لە نێوان جێبەجێکاری (حکومەت) و یاسادانان(پەرلەمان)، لە نێو حزبەکانیش ئەوە دیارە و بەپێی هەموو ئەزموونەکان لە نێو حزبدا دەسەڵاتەکان هەرەمییە لە سەرەوە بۆ خوارەوە(واتا سەرۆکی حزب بەرپرسی یەکەمی بڕیارە) بەڵام هەندێك جار بە گفتوگۆی بازنەی یەکەم(مەکتەبی سیاسی)، کە لێرەشدا حزبەکان کەمترین بایەخیان بە پێگەی ئافرەت داوە و ڕێژەیەکی کەم لە حزبەکان ئافرەتیان لە پۆستی باڵا و خاوەن بڕیار جێکردۆتەوە، ئەمەش هۆکارێکە بۆ کەمی ڕۆڵ و پێگەیان، ئەوەش هەیە کە لە هەندێك شوێن و جێگەدا ئافرەت بتوانێ بە کۆمەڵێك پرۆسەی جیاجیا کار لەسەر ئاراستەی سیاسی حزبێك یا حکومەتێك بکات، بەڵام وەك بەشدارییەکی بەرچاو نا، بەڵکو وەك پرسێکی گرێدراوی بەرژەوەندییەکانی ئەو حکومەت و ئەو حزبە. بۆیە ئەم پرسە کاتێك دەتوانرێت هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت، توێژینەوەیەکی مەیدانی ورد و بێلایەنانەی لەسەر ئەنجامبدرێت و بەپێی دەرئەنجامەکەی بڕیار بدەرێت، کە ئاخۆ ئافرەتان چ ڕۆڵ و پێگەیەکیان هەیە، لە کاتێکدا ٢٥٪ی پەرلەمانتار و وەزیر هەن، لە کاتێکدا ئافرەت لە پێگەی دەسەڵاتدا سەرۆکی پەرلەمان بووە و وەزیر بووە لەو پۆستانەش بۆ خوارەوە ئەرکی پێسپێردراوە، بەڵام ئەنجام ئەوەیە هەر باس دێتەوە سەر ئەوەی ڕۆڵ و کاریگەرییان نییە.

*** کاتێك سەیری مێژووی نەتەوەکەی خۆمان دەکەین، دەبینین بە بەراورد بە نەتەوەکانی دیکەی دەوربەرمان، ئافرەتی کوردستان ئازادییەکی زۆر زیاتری هەبووە و، دەکرا لەو مێژووەوە ئازادی ئافرەتی کوردستان زیاتر پێناسە بکرایە، بەڵام ئەوەی ئێستا دەیبینین ئەوەیە کە ئەو مێژووە فەرامۆشکراوە، چی بکەین بۆ ئەوەی جارێکی تر مێژووی کوردستان ئازادیی ئافرەتان پێناسە بکاتەوە؟**

- ئافرەتی کورد لە مێژووی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و پەروەردەیی و تەنانەت خەباتی چەکداریشدا خاوەن مێژوویەکی دەوڵەمەندە، من لەم پرسەدا ئاشنایەتم زۆرە ئەویش بەهۆی پسپۆڕییەکەمەوە کە نامەی ماستەرم لە بەشی مێژووی کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین لەسەر ئەم پرسە بوو، تایبەتتر ڕۆڵی ئافرەت لە بزووتنەوەی سیاسی و چەکداری لە باشووری کوردستان لە نێوان ساڵانی ١٩٥٨ بۆ ١٩٩١، بێگومان بەهۆی هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی ئەم خەبات و ڕۆڵە گرنگەی ئافرەت ئەوەم دەستکەوت کە مێژووی ئافرەتی کورد بەراورد بە نەتەوەکانی دیکە شوناسێکی تایبەت و جیاوازی هەیە، ئافرەتانی کوردستان بە درێژایی مێژوو لەگەڵ خەبات و قوربانیدان و کۆڵنەدان ئاوێتە بوون، تاکو ئێستا ئەم مێژووە بە چەندین هەوڵی زانستیی ئێمە مانان نەنووسراوەتەوە، بە مەبەست بێت یاخود هۆکارەکانی دیکەی خودی ئافرەتان بێت، یان بە هۆکارێك لە هۆکارەکانی ( ئایینی، ئابووری، کۆمەڵایەتی )بێت، کە نەتوانراوە پێناسەکە لە خاڵێکدا چڕ بکرێتەوە، بۆچی ئەو مێژووە پڕ سەروەرییە نەبووەتە بەرهەمێك پێی بناسرێتەوە؟ ڕێکخراوەکانی تایبەت بە ئافرەتان لاوازترین خاڵی ئەم پرسەن، ئەوان وەك پێویست نەیانتوانیوە مێژووەکە بنووسنەوە، یاخود لە قۆناغێکی پڕ سەروەری و سەختی بیگوازنەوە بۆ قۆناغێکی بەرهەمدار، ئێستا

**ئەو ئافرەتانەی بە هۆکاری بنەمایی دروست پۆستیان پێدراوە و کراون بە هێمای بەشداریکردن، کەچی لە پشت توانستەکانی ئەوانەوە پیاوێک یاخود گرووپێک یاخود حزبێک هەیە**

**حزبەکان کەمترین بایەخیان بە پێگەی ئافرەت داوە و ڕێژەیەکی کەم لە حزبەکان ئافرەتیان لە پۆستی باڵا و خاوەن بڕیار جێکردۆتەوە**

**پەروەردەکردنی کچەکانمان لەسەر شێوازی کوردبوون و پابەندبوون بە بەها بەرزە کۆمەڵایەتییەکان، نە کەلەپچە لە دەستکردن و نە بەم شێوازەش کە ئەمڕۆ هەموو شت بێ بەها کراوە**

وەك هەموو کایەکانی دیکە خەبات و قوربانیدان ڕۆڵ و پێگەی ئافرەت بووە بە کاڵای خۆدەرخستن، شەرمە لە دوای ئەوەندە ساڵ لە هاوبەشی کردن لە هەموو پرسە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکان پرسی ئافرەت لە بەشدارییەکی ناجۆر و ڕازاندنەوە کورت بکرێتەوە، کە ئێستا هەموومان هەستی پێدەکەین. من لە توێژینەوەکەمدا ئەو ئەنجامانەی پێیگەیشتووم و زۆرجاریش لە نووسین و دیمانە و سیمینیار باسم کردۆتەوە، بەشی زۆری ئەم خاڵە لاوازە لەسەر ئەستۆی حزبەکانە کە نەیانتوانیوە یاخود نەیانویستووە ئەو مێژووە پێناسە بکەن، ناوێکی پێشکەش بکەن، بۆ ئەوەی نەوەکانی ئایندە بیناسنەوە، بەڵکو خەباتەکەیان کردووە بەیەك پارچە و لە نێویدا ئافرەت بچووکتر کراوەتەوە، ئەگەر لاپەڕەی چیرۆکەکانی خەباتی چەکداری و سیاسی و کارە مەزنە مەترسییدارەکانی ئەو سەردەمە هەڵدەینەوە، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە ئافرەتی کورد لە ڕابردوودا چ ڕۆڵ و کاریگەریی و قارەمانێتییەکیان نواندووە. ئێمە هاتووین ئازادیمان بەستۆتەوە بە پرسی جلوبەرگ و جۆرە هەڵسوکەوتێك کە لە ئەمرۆدا جگە لە بێ ڕێزیکردن هیچی دیکە نابەخشێتە مێژووی خەبات و قوربانیدانی ئافرەت، ئازادی بە کام پێوەر؟ کە بە شێوەیەکی گشتی ڕێکخراوەکان و میدیا و چالاکوانەکان دەیڵێنەوە، بەڵام نەیانویستووە ئازادییەکە لە خاڵێکدا کۆبکەنەوە کە ئازادیی چیان دەوێت؟ ئازادی لە ئابووری سەربەخۆ؟ ئازادی لە جلوبەرگ؟ ئازادی لە دەرکەوتنی نا هاوسەنگ لەگەڵ کلتووری کۆمەڵگە؟ کامە ئازادی دیاری دەکەن، نەخێر دیاری ناکەن چونکە ئەم دروشمە بووە بە کاڵا و بازرگانی پێوەدەکرێت و کۆمەڵێك خەڵك لە ژێر ئەم تایتڵەدا ژیان دەکەن، لە کاتێکدا لە کۆنەوە ئازادییەك لە ژیانی ئافرەتی کورددا هەبووە، کە تاوەکو ئەم سەردەمەش بەهای کۆمەڵایەتی پاراستووە. ئەمرۆ مەفهومی ئازادیی ئافرەت کراوە بە کاڵای بازرگانی نەك مەبەست لێی ئازادیی بیرکردنەوە و بەشداریکردن لە کایە گشتییەکانی پەیوەست بە کۆمەڵگە و حوکمڕانی.

*** ئەگەر چەمکی ئافرەتی کورد لە چوارچێوە لۆکاڵی و ناشناڵییەکەی پێناسە بکەین، ئایا دەبێت چۆن وەبەرهێنان لە کچاندا بکەین، بۆ ئەوەی ئافرەتانی دوارۆژی کوردستان لێهاتوو بن؟**

- بەم ڕێتم و جۆری کارکردنی لایەنی پەیوەندار، چ لە حکومەت یاخود لە حزب و یاخود دامەزراوەکانی دیکەی نێو کۆمەڵگە بە خانەوادەکانیشەوە کە پێکهاتە گەورەکەیە شێوازێکی هەڵەیە، پەروەردەکردنی کچەکانمان لەسەر شێوازی کوردبوون و پابەندبوون بە بەها بەرزە کۆمەڵایەتییەکان، نە کەلەپچە لە دەستکردن و نە بەم شێوازەش کە ئەمرۆ هەموو شت بێ بەها کراوە، دەتوانین نەوەیەك پێبگەیەنین لە ئاست هەموو قۆناغەکاندا بەرپرسیار بێت، لە ڕابردوو و ئاییندەشدا، چونکە ئەم نەوەی ئێستا لە بارودۆخێکی زۆر مەترسیداردا بە پرۆسەی پەروەردەکردندا دەڕۆن، سەردەمێکی فراوانی کاریگەر بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و کەوتنە ژێر ئاست نزمی لە کوالیتی ژیان، کە هەموو شتێك لە ڕۆڵەتدایە، لە جلوبەرگ و پارە و سامان و بابەتگەلی پەیوەست بە خۆشبەختی، لە کاتێکدا ئەمە جۆرێکە لە دیل بوون بە دەست ئەم دۆخە، دەبێت دایك و باوك ڕێگە نەدەن شاشەی مۆبایل و تابلێتەکان(پلاتفۆرمەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان) سەکۆی پێگەیاندن و تێگەیاندنیان بێت، چونکە ئەو بازارە بۆ بێ بەهاکردنی مرۆڤە، بۆ تێکشکاندنی بەهای بەرزی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە، بۆ دابەزینی ئاستی بیرکردنەوەیە، بێگومان لە نێویشیدا هەیە بەلێهاتووی بتوانێت پێچەوانەی بکاتەوە و ئەم پێشکەوتنەی تەکنەلۆژیا بکات بە هۆکاری پێشخستن و خۆپێگەیاندن، بەڵام بەشێوە گشتییەکەی ئەوەی تا ئێستا هەستی پێکراوە و باس دەکرێت ئەوەیە ڕۆڵی خراپی گێڕاوە، بەشێوە گشتییەکەی مەترسییەکی گەورە لەسەر نەوەی ئایندە بە هەردوو ڕەگەزەوە بوونی هەیە. لەمەدا دەبێت پسپۆڕانی بواری کۆمەڵناسی بەشێوازێکی ئەکادیمی پەنجە بخەنە سەر کێشەکان و چارەسەری گونجاو بخەنەڕوو.

دەبێت دایک و باوک ڕێگە نەدەن شاشەی مۆبایل و تابلێتەکان سەکۆی پێگەیاندن و تێگەیاندنیان بێت، چونکە ئەو بازارە بۆ بێ بەهاکردنی مرۆڤە

خەبات و قوربانیدان ڕۆڵ و پێگەی ئافرەت بووە بە کاڵای خۆدەرخستن، شەرمە لە دوای ئەوەندە ساڵ لە هاوبەشی کردن لە هەموو پرسە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکان پرسی ئافرەت لە بەشدارییەکی ناجۆر و ڕازاندنەوە کورت بکرێتەوە

ئەگەر لاپەڕەی چیرۆکەکانی خەباتی چەکداری و سیاسی و کارە مەزنە مەترسییدارەکانی ئەو سەردەمە هەڵدەینەوە، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە ئافرەتی کورد لە ڕابردوودا چ ڕۆڵ و کاریگەریی و قارەمانێتییەکیان نواندووە

# سەمای زۆرباو ئەنتۆنی کوین

ڕۆمانی زۆربای یۆنانی کە لەلایەن ڕۆماننووسی ناسراوی جیهانی نیکۆلای کانتزاکیس نووسراوەتەوە، ئەکتەری ناسراو (ئەنتۆن کوین) ڕۆڵی پاڵەوانیەتی تێدا بینیوە.

چیرۆکی ڕۆمانەکە باس لە سەربوردەی نووسەرێك دەکات بەناوی باسیل ـ دەوری بەکتێب و ڕۆمان و هونەرو فەلسەفە تەنراوە، لەگەڵ پیاوێکی نەخوێندەوار بەیەك دەگەن کە هەموو عیبرەت و حیکمەتەکانی لە ئەزموونی ژیان وەرگرتووە.

ڕێکەوتەکە وا دروست دەبێت کە ئەو نووسەرو ڕۆشنبیرە گەورەیە، ببێت بەهاودۆستی ئەو پیاوە نەخوێندەوارە، لەوێشەوە زۆر لە فەلسەفە و کولتوورە کۆمەڵایەتییەکان فێر بێت و ئەو فێر بوونەش وای لێ بکات کە تێڕوانینی بەرامبەر بە زۆر لە نهێنییەکانی ژیان بگۆڕێت، بۆیە (زۆربا) بە برادەرە ڕۆشنبیرەکەی دەڵێ: هەموو شتێ لە کتێبەکانت دا نادۆزیتەوە، چونکە کتێبەکانت وەڵامی زۆر لە پرسیارەکانمان نادەنەوە، بەڵکو ئەوە ژیانە دەبێتە قوتابخانەیەك بۆ هەموومان، تا بتوانین حیکمەت و عیبرەتەکانی لێ فێر بین.

سەمای (زۆربا) کە فیلمی زۆربای لێ وەرگیراوە، سەمایێکی فۆلکلۆرییە، بە ڕەسەن یۆنانییە، سەماکە لە ئەدادا پشت بە موزیکی زۆربا دەبەستێت، کە لەلایەن (میکستیودۆراکس) داندراوە، بەتایبەت بۆ فیلمی زۆربا داندراوە.

دوای بەکارهێنانی موزیکەکە لەو فیلمەدا، موزیکەکە بوو بە موزیکێکی جیهانی و جیگەی شانازی یۆنانییەکان، هەمان پارچە موزیك لە چەندین فیلم و زنجیرە موزیکێکی تر بەکار هاتووە.

ئەم فیلمە فیلمێکی ئەمریکی ــ یۆنانی هاوبەشەو ساڵی ١٩٦٤ بەرهەم هاتووە، چیرۆکی فیلمەکەش چیرۆکێکی ڕاستەقینەیە، کاتی خۆی (نیکولاس) لە یەکێ لە گەشتەکانیدا ئەو کەسایەتیەی (زۆربا) دەبینێ و سەربوردەکانی لە دەمی خۆیەوە دەبیستێ و دەیکات بەو ڕۆمانە ناودارەی کە هەموو دنیای تەنییەوە و بەچەندین زمانی جیهانیی وەرگێڕدراو کرا بە فیلم. نیکۆلاس زۆر بە قوڵی لە کاراکتەری زۆربا قوڵ بۆتەوە، بە شێوەیەك بینەر وا هەست بکات کە ئەو بنیادەمەی خوا یەکێکە لە سەرنجڕاکێشترین بنیادەمەکانی .

یەکێك لە خەسڵەتە هەرە جوانەکانی ئەو کەسایەتییەش ئەو خۆشەویستییە گەورەیەیە کە ئەو کاراکتەرە هەیەتی بۆ ژیان، بەڕووە جۆراو جۆرەکانییەوە، هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدایە کە خەمەکان لەبیر خۆی بەریتەوە و لە قوڵایی ئەو خەمانەدا هەوڵی ئەوە دەدات کە بەختەوەری بۆ خۆی دروست بکات .

بۆیە هەمیشە پەنا بۆ ئەو سەمایە دەبات کە نغرۆی ناوچرکە پڕ لە ئاسوودەییەکانی خۆی دەکات، کە بە سەمای (زۆربا ) ناسراوە.

دەرهێنەری ناسراوی ئەمریکی (مایکل کاکۆیانیس) لە شەستەکانی سەدەی ڕابووردوودا، زۆر بەو ڕۆمانە سەرسام دەبێت، ڕۆمانەکە دەکاتە فیلم، کە تێیدا (ئەنتۆنی کوین) و (ئەبرین باباس) ڕۆڵیان تیادا بینیووە، موزیکەکەشی لە لایەن موزیکژەنی ناسراوی یۆنانی (میکس تیۆدۆراکس) داندراوە.

ساڵی ١٩٨٨ بالێیەکی بەناوی (ئەلکسیس زۆربا ) داناوە، کە بۆ یەکەمجار لە ئیتاڵیا نمایش کراوە و موزیکەکە بۆتە موزیکێکی جیهانی و ڕیتمێکی سەمایی مۆدێرنی هەیە کە لە ڕووی دەروونییەوە سروشێکی نادیارت پێ دەبەخشێ کە تێیدا هەست بە زیندوو بوونەوەی ژیان بکەیت، فیلمەکە لە دورگەی (کریت )ی یۆنانی وێنەگیراوە، دیمەنە سەرکییەکەش لە نیمچە دورگەی (ئەکرۆتیری ) تۆمار کراوە،کە دیمەنی سەمای زۆربایە و کاریگەرترین دیمەنی فیلمەکەیە، دەرهێنەرکە دەربارەی هەڵبژاردنی دورگەی کریت بۆ فیلمەکەی دەڵێت: من لە هەڵبژاردنی ئەو دورگەیە بۆ وێنەگرتن ویستم بگەڕێمەوە سەر ڕەچەڵەکی چیرۆکی





حەیدەر عەبدولڕەحمان

بۆ گوڵانی نووسیوە

فیلمەکەم و بەسەرهاتە ڕاستەقینەکانی زۆربا.
لە هەمان کاتیشدا دورگەی کریت زۆر دورگەیەکی سەرنجراکێشەو دیمەنی ئێجگار جوانی تێدایە کە لەگەڵ ڕووداوەکانی فیلمەکەم هاوکوفە .
ئەنتۆنی کوین ــ لە زۆر دیمانەدا و لە نێوان هەموو ئەوشاکارە سینەماییانەی لە سینەمادا ئەنجامی داوە لە زۆر بۆنەدا ئاماژەی بەفیلمی زۆربا داوە و بەلای ئەوەوە ئەو لەو فیلمەدا چێژێکی تایبەتی وەرگرتووە و پێی وابووە ستایلی ئەو فیلمە بۆ ئەو تایبەت بووەو خۆشی وەك ئەکتەر زۆر چێژی لە کاراکتەرەکەی خۆی بینیوە کە ڕۆحێکی نوێی بە(ئەنتۆنی کوین)ی مرۆڤ بەخشیوە.
بۆیە ئەنتۆنی کوین لە ناو هەوادارانی خۆشیدا هەمیشە پەنجەی شانازی بۆ درێژ دەکرێت بۆ ئەو ئەدا جوانەی لەو فیلمەدا بەتایبەت لە ئەدای سەمای زۆربادا بەدەستی هێنا، بۆیە لە تەمەنی ٨٥ ساڵیدا و لە ئاهەنگێکی تایبەتیدا لە مەکسیك جارێکی دیکە ئەنتۆنی کوین ئەو سەمایەی لەسەر شانۆدا پێشکەش بەهەوادارانی خۆی کرد و هەموو هۆڵەکەی هێنایە سەما.
بۆیە لە زۆر کاتدا کە بیویستایە خۆی پێناسە بکات دەیگوت من زۆربام ..
لەبەر ئەوەی زۆربا ئەو فیلمە بوو کە (ئەنتۆنی کوین)کەسایەتیی ڕاستەقینەی خۆی تێدا دەدۆزییەوە و دەیزانی ئەوفیلمە نەمرییەکی پێ دەبەخشێت .
خەڵکانێکی زۆریش وا مەزەندەیان دەکرد کە ئەنتۆنی کوین یۆنانییە ..





## ئیلهام شاهین:

# ئاواتەخوازم کارێکی هونەریی هاوبەش لە نێوان هەرێمی کوردستان و میسر ئەنجام بدرێت

لە یازدەهەمین خولی فیستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی دهۆک خەڵاتی تەمەنێك دەستکەوتی هونەری و سینەمای بە خاتوو ئیلهام شاهین، ئەستێرەی سینەمای میسر پێشکەش کرا، ئەم ئەکتەرە ناسراوەی سینەماش لای خۆیەوە گوتی: «شەوی هەموو ئامادەبووانی ئەم هۆڵە بەخێر و خوشی بێت، سوپاس بۆ پارێزگاری دهۆك، وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان ، بەرپرسی فیستیڤاڵی فیلمی دهۆك، سوپاس بۆ خەڵکی شاری دهۆك بۆ میوانداریيان و پێشوازیکردن لە من، لە ناخی دڵمەوە سوپاس و پێزانینی خۆم ئاراستەی هەمووان دەکەم، سوپاس بۆ هەموو خەڵکی کوردستان و هەروەها سوپاس بۆ هەموو خەڵکی عێراق، لە ناخی دڵەوە هەمووتانم خۆش دەوێت و خۆشەویستیی ئێوە وای لێ کردم کە بە هەموو وجوودمەوە ئێوەم خۆشم بوێت، بۆ یەك چرکەش لە نێو ئێوەدا هەستم بە غەریبی و نامۆیی نەکرد، چونکە هونەر زمانی مرۆڤایەتییە و بەم شێوەیە هەموو خەڵکانی جیهان لەگەڵ یەکتر نزیك دەکاتەوە، هیوادارم لە ڕێگەی هونەرەوە ئاشتی و خۆشەویستی لە هەموو جیهاندا بڵاو ببێتەوە».

ئیلهام شاهین لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیشدا گوتی: «کاتێك هاتمە کوردستان شۆك بووم بەو پێشوازییەی لە من کرا، چاوەڕوان نەبووم پێشوازییەکە بەو شێوەیە گەرم و گوڕ بێت، باوەڕم نەدەکرد ئەو هەموو هەوادارەم لە هەرێمی کوردستان هەبێت، کاتێك وێنەیان لەگەڵ دەگرتم، پێیان دەگوتم لە فلانە فیلم ڕۆڵت ئاوا بوو، ئاوا بووە، ئەو شتە بەلامەوە زۆر گرنگە، داوام کردووە کارێکی هاوبەش لە نێوان میسر و هەرێمی کوردستان بکرێت».

لەبارەی هەولێر و خەڵکەکەشی، ئیلهام شاهین گوتی: «ئەو شارە زۆر میوان دۆستن، بەڕاستی زۆر دڵخۆشبووم لە هەولێر، لە دڵەوە خەڵکیان خۆش دەوێت، شارێکی مێژوویی و شارستانییە، هیوادارم چەندین جاری دیکە بیانبینمەوە».

دەربارەی سەردانەکەی بۆ هەولێرو دهۆك، ئیلهام شاهین لە پەیجی خۆی دەنووسێت: «سوپاس بۆ وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان و پارێزگاری هەولێر کە بە گوڵ پێشوازییان لێ کردم، پێکەوە گەڕاینێکمان بە ناو قەڵای هەولێردا کرد، ئەم تەلارە مەزنە کە هەڵگری کەلەپوور و ڕەسەنایەتییە بۆنی مێژووی لێ دێت، هەروەها سوپاس بۆ خوانی نیوەڕۆ کە لەسەر شەرەفی منەوە ساز کرا، ڕاستییەکەش ئەوەیە کە ڕۆژێکم لە هەولێر بەسەر بردووە قەت لەبیری ناکەم، سوپاس بۆ میوانداری و بایەخپێدانم، سوپاس بۆ فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی دهۆك بۆ ڕێزلێنانم، هەموو سوپاس و پێزانینێك ئاراستەی هەرێمی کوردستانی عێراق دەکەم».

ئیلهام شاهین، بە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی گوت: «پێشنیازم کردووە کارێکی هاوبەشی سینەمایی یان درامای تەلەفزیۆنی لەگەڵ سینەماکارانی کورد بەرهەم بهێنین و ئاواتەخوازم ئەوە ڕوو بدات».

**ئیلهام شاهین کێیە؟**

ئیلهام شاهین خانمە ئەکتەرێکی بەناوبانگی میسرییە و چەندین ڕۆڵی گرنگی لە سینەما و تەلەفزیۆندا بینیوە، زۆرجاریش ڕۆڵی سەرەکیی لە بەرهەمەکانیدا پێ دراوە، لە شاری قاهیرە لە دایك بووە و خوێندنی نواندنی تەواو کردووە، بە بەشداریکردن لە ژمارەیەك شانۆگەریدا دەستی بە کاری هونەری کردووە، بەڵام سەرەتای درەوشاوەیی لە جیهانی هونەردا دوای چوونە ناو جیهانی سینەما بوو، کە هەنگاوێکی گرنگ و سەرەکی بوو بۆ زیادکردنی جەماوەری ئەم خانمە ئەکتەرە و دەرکردنی ناوبانگی زیاتر.

تا ئێستا بەشداریی لە نزیکەی ٥٠ زنجیرە و ١٠١ فیلم و زیاتر لە (٣٠) شانۆگەریدا کردووە و چەندین خەڵات و ڕێزلێنانی لەسەر ئاستی میسر و وڵاتانی عەرەبی و جیهان بەدەست هێناوە.

**ژیانی لە تەمەنی ٢٠ ساڵیدا زۆر سەخت بوو**

هونەرمەند ئیلهام شاهین ژیانی خۆی لە تەمەنی ٢٠ ساڵیدا بە سەخت و بە ئازار وەسف دەکات، بەهۆی ئەو هەوڵانەی کە داویەتی بۆ تێکەڵکردنی کارەکانی وەك ئەکتەر لە تەمەنی ١٧ ساڵیدا، هەروەها خوێندنی لە پەیمانگەی هونەرە شانۆییەکان لە هەمان کاتدا تەواو کردووە، هاوکات ئاماژەی بەوەش کردووە، لەم تەمەنەدا وەك کچانی ئاسایی هەستی بە ژیان نەکردووە، چونکە ڕۆژانە بە هەستی ئەو کارەکتەرەی کە لە فیلمەکانیدا بەرجەستەی دەکات لە خەو هەڵدەستا.

**ئیلهام و دایکایەتی**

ئیلهام شاهین بە ڕوونی دان بەوەدا دەنێت کە لە ئاست بەرپرسیارێتی دایکایەتیدا نەبووە، هەر بۆیەش بە قەناعەتەوە بڕیاری دا منداڵی نەبێت، لەم بارەوە دەڵێت: «من بەوە ڕازیم کە دایك نیم و تا ئێستا منداڵم نییە، چونکەمن لە ئاست بەرپرسیارێتیدا نیم و دەمەوێت بە ئازادی بژیم و دەمەوێت بۆ هونەرەکەم بژیم».



لە درێژەی قسەکانیدا گوتیشی: «ئێمە بیست کاتژمێر کار دەکەین، ئافرەتێك چۆن دەتوانێت بەو شێوەیە دایکایەتیی خۆی پراکتیزە بکات و چاودێریی منداڵەکانی بکات، دەبێت هەڵبژاردن هەبێت، ئافرەتێك ناتوانێت هەموو شتێك لە دونیا وەربگرێت، منیش ئەو ژیانەی خۆم هەڵبژاردووە و بە هیچ شێوەیەك پەشیمان نیم.»هەر لە بارەوە زیاتر دەڵێت: «دایکایەتی بریتییە لە بەخشین و قوربانیدان، منیش دەتوانم لەگەڵ خوشکەکانم و منداڵەکانی خوشکەکانم و هاوڕێ نزیکەکانمدا هەستی پێ بکەم، ئێوە بەخشین و قوربانیدانتان دەبێت و مەرج نییە منداڵەکانی من بن».

سۆما عوسمان

یاریزانی بەرزکردنەوەی قورسایی لە گەرمیان:

# بەداخەوە ئافرەتان بۆ ڕێکیی لەشیان زیاتر ڕوو لە بەکارهێنانی دەرمان و چارەسەری ناسرووشتی دەکەن



ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئاستی یارییە جۆراوجۆرەکانی وەرزشی لەلایەن ئافرەتانەوە خواستی لە سەر زیاتر دەبێت، یارییەکانی هێزی لەش یەکێکن لەو یارییانەی کە خانمان بە ڕێژەیەکی بەرچاو ڕوو لەم یارییە دەکەن، بۆ ئەوەی هەم حەز و خولیاکانیان بەجێ بهێنن، هەمیش ببنە خاوەن لەش ولارێکی ڕێك و خاوەن هێزێکی زۆر. یاریی هێزی لەش کە یارییەکی زیاتر بەرزکردنەوەی قورساییە، لە ئێستادا لە پەرەسەندن دایە و ئافرەتانیش بە شێوەیەکی بەرچاو ڕوو لە وەرزشەکە دەکەن. لە قەزای کەلاری سەر بە ئیدارەی سەربەخۆیی گەرمیان کۆمەڵێك کچە یاریزان خولیای بەرزکردنەوەی قورسایی دەکەن و دەیانەوێ ڕکابەریی سەرجەم تیپەکانی کوردستان بکەن، چەندین یاریزانی بەتواناش چاوەڕوانی پاشەڕۆژێکی باشیان لێ دەکرێت، سۆما عوسمان یەکێکە لەم کچە یاریزانانەی کە خاوەنی چەندین ئەنجامی باشە لە سەر ئاستی گەرمیان، لەدایکبووی ساڵی ٢٠٠٢ی کەلارە و ئێستا بۆ هیچ یانەیەك یاری ناکات، تەنیا وەکو یاریزان بۆ هۆڵ بەشداریی پاڵەوانیەتییەکان دەکات، پێشتریش یاریزانی یانەی ڕزگاری بووە. ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان لێکرد سەبارەت بەم وەرزشە.

*** چۆن بوو بڕیارت دا بێیتە نێو دونیای هێزی لەش و هەڵگرتنی قورسایی؟**

- تەنیا حەزێکم هەبوو بۆ ئەم یارییە و بۆ تەندروستی خۆشم هەڵبژاردووە.

*** هەست ناکەی وەرزشێکی قورست هەڵبژاردوە کە ئاسنە؟**

- بێگومان نەخێر، چونکە من حەزم لێیەتی، ئەگەر قورسیش بێت هەر هەوڵ دەدەم بەردەوام بم.

*** بۆچی یاریی هێزی لەش لە ئاستی پێویستدا نییە؟**

-زیاتر بەوە ناسراوە کە وەرزشێکی قورسە، بۆیە زۆر ئاستی باش نییە.

*** هەست ناکەی ئەم وەرزشە بە شێوەیەکی باش پێشوازیی لێ نەکراوە بە تایبەت بۆ کچان؟**

- بەڵێ بێگومان وایە، بەداخەوە ئافرەتانی ئەمڕۆ زیاتر ڕوو لە بەکارهێنانی دەرمان و چارەسەری نا سرووشتی دەکەن بۆ ڕێکیی لەشیان، بێ ئاگان لە یاریی هێزی لەش کە چەند باش و تەندروستە بۆیان.

*** ئاستی ئەم یارییە چۆن دەبینی لە کوردستان؟**

- لە ئێستادا ئاستی یاریی هێزی لەش لە ئاستێکی مام ناوەندە.

*** چی بکرێت باشە بۆ هێنانە پێشەوەی ئافرەتی وەرزشکار بۆ نێو ئەم یارییە؟**

- لە سەر کەسایەتی یاریزان دەوەستێ کە چۆن دەتوانێت هانی خەڵکی دیکە بدات، بەڵام دەتوانێت لە گفتوگۆوە یاریزانی دیکە بهێنینە ناو یارییەکەوە تا لەو قەرباڵغییەی چواردەوریان دوور بکەونەوە.

*** بەرنامەت چییە وەکو کچە یاریزانێك بۆ داهاتوو؟**

- دەمەوێت زیاتر لە کارەکەی خۆمدا شارەزا بم تا لەداهاتوودا ببم بە ڕاهێنەرێکی باش و بەهێز.

*** بۆچی بۆ هیچ یانەیەك یاری ناکەیت؟**

- پێشتر یاریزانی یانەی ڕزگاری بووم، بەڵام لە ئێستادا ئارەزووی ئەوە ناکەم یاری بۆ هیچ یانەیەك بکەم و بۆشم نەگونجاوە.

*** گرفتی ئەم وەرزشە لە چیدا دەبینی؟**

- گرفتی ئەم یارییە دەگەڕێنمەوە بۆ ئەوەی خەڵکی بە هەڵە لەم یارییە گەیشتووە.

*** خەونی وەرزشیت چییە؟**

- خەونی من ئەوەیە وەکو یاریزانە بەناوبانگەکان ببمە پاڵەوانێك لەم یارییەدا.

*** یانەکان گرێبەستیان پێشکەش نەکردووی؟**

- تا ئێستا هیچ یانەیەك داوای گرێبەستی لێم نەکردووە.

*** بڕیارت نەداوە بەشداریی پاڵەوانێتییەکی نێودەوڵەتیدا بکەیت؟**

- پشتیوان بە خودای گەورە بەشداری دەکەم و چاوم لەوەیە بتوانیم ئەنجامێکی گەورە بەدەست بهێنم.

*** هەوڵی گەیشتنت بە هەڵبژاردەی عێراق نەداوە؟**

-بەڵێ هەوڵم بۆ داوە، بە پشتیوانیی خودای گەورە ئەم خەونم دەگەیەنمە جێ.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ بەسەرکردنەوەی یاریزانان لە سەرجەم شارەکانی کوردستان.



# شەقڵاوە ڕاهێنەرێکی ئێرانیی هێنا



یانەی وەرزشیی شەقڵاوە ئەم وەرزە لە ئاستێکی خراپدایە لە یارییەکانی خولی نایابی یانەکانی کوردستان، بۆ چەند جارێکیش ستافی ڕاهێنەرانیان گۆڕیوە. یانەکە لە کۆی ئەنجامدانی ١٤ یاری لە قۆناغی یەکەمی خولەکە خاوەنی تەنیا ١٣خاڵە و لە پلەی سێزەدەیەم دێت، لە کۆی ئەنجامدانی ١٤ یاری تەنیا دوو یاری سەرکەوتوو بووە و پێنج یارییش دۆڕاوە و حەوت یاریش یەکسان بووە. یانەکە لە ئێستادا بۆ قۆناغی دووەمی خولەکە خەریکی ئامادەکارییە بۆ ئەوەی بتوانێ ئاست و ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنێت. بۆ ئەم مەبەستەش گرێبەستیان لەگەڵ ڕاهێنەری ئێرانی «مستەفا بابەزادە» مۆر کردووە، بۆ ئەوەی ئەم ڕاهێنەرە بتوانێ ئاستی یانەکە بەرز بکاتەوە و تیپەکەش بباتە قۆناغی باشتر و ئەنجامی شایستەتر بەدەست بهێنن.

یانەی شەقلاوە دەیەوێت لە سەر دەستی ئەم ڕاهێنەرە ئێرانییە لەم پشووەی نێوان خولەکەدا بتوانێ تیپێکی تۆکمە دروست بکاتەوە، بۆ ئەوەی هەر لانی کەم ئەم وەرزە تیپەکە لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان بهێڵنەوە، چونکە بە بڕیاری یەکێتی تۆپی پێی ناوەندیی کوردستان، چوار یانە دادەبەزێت بۆ ڕیزی یانە پلە یەکەکانی کوردستان.

# یانەی سۆران خۆی نوێ کردەوە

هەر چەندە ئەم وەرزە ئاستی یانەی وەرزشیی سۆران لە خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان وەکو پێویست نەبووە، لە کۆی ئەنجامدانی هەشت یاری لە خولەکەدا تەنیا خاوەنی ١٢ خاڵە، یانەکە لە کۆی هەشت یاری دوو یار بردووەتەوە و شەش یارییش یەکسان بووە، ئەم ئەنجامەش وای کرد ستافی ڕاهێنەرانی پێشوو دەست لە مەشقی یانەکە بکێشنەوە، لە شوێنی ئەوانیش کارگێڕیی یانەی سۆران ستافێکی تازەی ڕاهێنەری کە پێکهاتووە لە هەریەك لە یاریزانان «زانا ڕەزانی وەکو ڕاهێنەر، سەنگەر مستەفا وەکو یاریدەری ڕاهێنەر» لە شوێنی ستافی ڕاهێنەرانی داناوە، لە ئێستادا یانەکە سەرقاڵی ئامادەکارییە بۆ دەستپێکردنەوەی خولی پلە یەکەکان، بۆ ئەوەی بتوانێت ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنێت و ئەم وەرزەش خۆیان بگەینە ڕیزی یانە نایابەکان. کارگێڕیی یانەکە چەند یاریزانێکی هێناوەتە ڕیزی یانەکەی بۆ ئەوەی بتوانن ئاست و ئەنجامی تیپەکە ببەنە قۆناغێکی باشتر، هەر چەندە یانەکان لەم وەرزە کێبڕکێ دەکەن لە سەر بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە لە یارییەکانی خولەکە، سۆرانیش چاوی لەوەیە جارێکیتر بگەڕێتەوە ڕیزی یانە گەورەکانی کوردستان.



# زاخۆ بەردەوامە لە گواستنەوەی ئەستێرەکان




تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی زاخۆی بەشدار لە خولی ئەستێرەکانی عێراقی، هەر چەندە ئەم وەرزە لە ئاستێکی باشدایە و دەیەوێت هەنگاو بۆ پاڵەوانبوون بنێت، بەڵام کارگێڕیی یانەکە دەستی کراوەیە لە گواستنەوەی یاریزانانی ئەستێرە، تەلاڵ بەلووشیی ڕاهێنەریش چاوی لەوەیە ئەم وەرزە بتوانێ ئەنجامی گەورە لە سەر دەستی ئەم ئەستێرانە بەدەست بهێنێت. کارگێڕیی یانەی زاخۆ هەریەك لە یاریزانان «ئەحمەد یاسین یاریزانی هەڵبژاردەی نیشتمانی عێراقی و ژیلوان حەمەدی یاریزانی کوردی خولی پیشەگەرەکان لە ئەورووپا گواستەوە ڕیزی یانەکەی، ئەم وەرزە دەیانەوێ بە هەر نرخێك بێت ببنە پاڵەوانی عێراق و بتوانن وەکو یانەیەکی کوردستان و نوێنەری کوردستان و عێراق، بەشداری جامی یانەکانی ئاسیا بکەن. بلووشیی ڕاهێنەری قەتەری یانەی زاخۆ ئەم وەرزە دەیەوێت پێکهاتەیەکی بەهێز لە یانەکە کۆ بکاتەوە، بۆ ئەوەی بتوانێ شەڕی سەرجەم یانەکانی دیکەی عێراقی بکات، هەرچەندە زاخۆ لە ڕیزبەندی یانەکاندا لە پلەی سێیەم دێت، دەیەوێت و هەنگاو بە هەنگاو خۆی لە ڕیزەکانی پێشەوە نزیك بکاتەوە و لە ئاسمانی خولی ئەستێرەکانی عێراقیدا یانەی زاخۆ یەکێك لە یانە بەهێزەکانی خولەکە بێت.



# چای زەنجەبیل بۆ دابەزاندنی کێشی لەش

چای زەنجەبیل Ginger tea یان ئاوی زەنجەبیل بە هەمان شێوەی چای ئاسایی ئامادە دەکرێت. زەنجەبیل ماددەی گرنگی دژەئۆکسان و دژەهەوکردن لەخۆدەگرێت، مەگنسیۆم، پۆتاسیۆم، لەگەڵ ڤیتامین B6 و C. توێژینەوەکان جەختیان کردووتەوە کە ئەم پێکهاتانەی زەنجەبیل تاودەرن بۆ فرمانەکانی میتابۆلیزم و هاندانی سووتاندنی وزە، واتە کۆنترۆڵکردنی کێشی لەش. جگە لەمە، زەنجەبیل بە گەلێك ڕێگە و سوودی تەندروستیی دیکە هاندەرە بۆ دابەزاندنی کێشی لەش وەکو: یارمەتیدانی هەرسکردن و خێراکردنی بەتاڵبوونەوەی گەدە، هاوکات لەگەڵ هاندانی کرداری هەڵمژینی مادده خۆراکییەکان لەوکاتەی کە تەندروستیی باشی کۆئەندامی هەرس کاریگەریی زۆری هەیە بۆ کۆنترۆڵکردنی کێشی لەش، کۆنترۆڵکردنی ئاستی شەکری خوێن و ڕێگرتن لە زوو برسیبوون و زیاد خواردن، تاودانی بەرهەمهێنانی گەرمی Thermogen-esis، هەروەها کپکردنی ئارەزووی خواردن، بەتایبەتی کە ئاوی زەنجەبیل ڕاستەوخۆ پێش ژەمەکان بخورێتەوە.

# ئایا دەست لەرزین نیشانەیە یان نەخۆشی؟





دەست لەرزین Hand tremors لەوانەیە کە نیشانەیەك بێت بۆ نەخۆشیی پارکینسۆن، یان نەخۆشیی MS کە گرفتێکی درێژخایەنی کۆئەندامی دەمارە، هەروەها لەوانەیە کە پاش جەڵتەی مێشك یان زەبر بۆ ناوچەی سەر ڕوو بدات، گەلێك جاریش هۆکاری دەست لەرزین نازانرێت. دەست لەرزین لەوانەیە کە لە کاتی حەسانەوە یان تەنیا لەکاتی جووڵەی وەکو گرتنی کوپی چای یا پەرداخی ئاودا ڕوو بدات. هۆکارەکانی دیکەی دەست لەرزین: کەمیی ڤیتامینەکانی B12، B2، B1، زیاد خواردنەوەی شلەمەنییە کافائینییەکان، زیادبوونی چالاکیی گلاندی دەرەقی، سترێس، ماندووبوونی توند، کەم خەوی، زیانی لاوەکی بەکارهێنانی چەند دەرمانێکی وەکو دەرمانی دژەخەمۆکی، نەخۆشیی مێشکۆك Cerebellum، هەروەها خواردنەوە ئەلکهولییەکان. چارەسەرکردنی دەستلەرین بریتییە لە دۆزینەوە و چارەسەرکردنی هۆکارەکان، هەروەها بەکارهێنانی دەرمانی دژەپارکیسنیۆن یان چاندنی ئەلیکترۆد لە ناو شانەکانی مێشکدا لە حاڵەتەکانی نەخۆشیی پارکینسۆندا.

# گرنگیی ڤاكسینی ئەنفلوەنزا



هەموو ڤاكسینەكان بە كلیلی خۆپاراستن لە نەخۆشییە هەوكردنەكان دادەنرێن، ڤاكسینی ئەنفلوەنزاش Flu vaccine ڕۆڵی بەرچاوی هەیە بۆ خۆپاراستن لە ئەنفلوەنزا، هەروەها لەكاتی تووشبوون بە ئەنفلوەنزا نیشانەكان سووك دەبن و ئەگەری ئاڵۆزییەكان كەم دەبێتەوە. پاش وەرگرتنی ڤاكسین بە دوو هەفتە دژەتەن بۆ ڤایرۆسی ئەنفلوەنزا لە لەشدا پەیدا دەبن، ئەم كاریگەرییە بۆ ماوەی شەش مانگ دەمێنێتەوە، بۆیە پێویستە كە ساڵانە وەربگیرێت. ڤاكسینی ئەنفلوەنزا لە تەمەنی شەش مانگ و بەسەرەوە وەردەگیرێت، هەروەها ئافرەتی دووگیانیش دەگرێتەوە.

زیانە لاوەكییەكانی ڤاكسینی ئەنفلوەنزا: سووربوونەوەی شوێنی لێدانی دەرزی هاوكات لەگەڵ ئازارێكی كەم كە بۆ ماوەیەكی كورت بەردەوام دەبێت، هەستكردن بە بێهێزیی لەش، هەروەها پەیدابوونی هەستیاری بۆ ڤاكسین كە بە شێوەیەكی دەگمەن ڕوو دەدات. بۆ وەرگرتنی سوودی تەواو، پێویستە كە پاش وەرگرتنی ڤاكسینی ئەنفلەوەنزا پەیڕەوی ئەم هەنگاوانە بكرێت: خۆ بەدوورگرتن لە مەشقی وەرزشیی توند بۆ ماوەی ٢٤-٤٨ كاتژمێر، دووركەوتنەوە لە خواردنەوە ئەلكهولییەكان، لەگەڵ دووركەوتنەوە لە خۆراكی خێرا بۆ ماوەی دوو هەفتە.

## ١٣ سوودی تەن



خاس Lettuce بەهایەکی خۆراکیی بەرزی هەیە، سەرچاوەیە بۆ گەلێك ماددەی خۆراکیی گرنگ بۆ تەندروستی، بۆنموونە ڕیشاڵ، پرۆتین، ماددە دژەئۆکسانەکان لە جۆری کارۆتینۆیدەکان Ca-rotenoids، ڤیتامینەکانی K، B9، C، A، لەگەڵ کانزاکانی پۆتاسیۆم، فۆسفۆر، ئاسن، مەنگەنیز، کالسیۆم، کۆپەر، مەگنسیۆم، کە ڕۆڵی بەرچاویان هەیە لە هاندان و پاراستنی فرمانی خانە و شانە و ئەندامەکانی لەشدا. سوودە تەندروستییەکانی خاس: پاراستنی تەندروستیی ئێسك، باشترکردنی تۆن و هێزی ماسوولکەکان، هاندانی هەرسکردنی خۆراك، کۆنترۆڵکردنی پەستانی خوێن، خۆپاراستن

## بۆچی قەڵەوی بە نەخۆشی دادەنرێت؟



قەڵەوی Obesity کە بریتییە لە زیاد کۆبوونەوەی چەوری لە لەشدا، بە نەخۆشییەکی ئاڵۆزی درێژخایەن دادەنرێت، چونکە ئەگەری تووشبوون بە چەندین گرفت و نەخۆشیی درێژخایەن زیاد دەکات وەکو: بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن، نەخۆشیی دڵ و بۆڕییەکانی خوێن، جەڵتەی مێشك، نەخۆشیی شەکرەی جۆری دوو، بەرزبوونەوەی ئاستی کۆلیستیرۆڵ و چەوریی گلیسریدە سیانییەکان لە خوێندا، داڕووشانی جومگە O.A، پرخە، زوو ماندووبوون، کاردانەوەی نەرێنیی دەروونی، هەروەها تووشبوون بە چەند جۆرێکی شێرپەنجە. قەڵەوی لە لایەن ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی WHO ساڵی ١٩٤٨بە نەخۆشی هەژمار کرا، پاشان لە ساڵی ٢٠١٣ لە لایەن کۆمەڵەی پزیشکیی ئەمریکییەوە AMA. قەڵەوی بە باوترین نەخۆشیی درێژخایەن لە ئەمریکا دادەنرێت و بە سێ کلاس پۆلێن دەکرێت: کلاسی یەك واتە تێکڕای بارستایی لەش BMI لە نێوان ٣٠-٣٥ کگم/ مەتر٢، کلاسی دوو واتە تێکڕای بارستایی لەش ٣٥-٤٠ کگم/ مەتر٢، هەروەها کلاس ٣ واتە تێکڕای بارستایی لەش ٤٠ و بەسەرەوە.



## دروستیی خاس

لە نەخۆشیی دڵ، سووککردنی نیشانەکانی خەمۆکی، هێشتنەوەی ئاستی دروستی شەکری خوێن و کەمکردنەوەی ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی شەکرەی جۆری دووەم، کۆنترۆڵکردنی کێشی لەش، بەرزکردنەوەی ئاستی وزەی لەش، کەمکردنەوەی ئاستی هەوکردن لە لەشدا، پاراستنی توانای لاستیکیی پێست و دواخستنی لۆچبوون، خۆپاراستن لە کەمخوێنی، هەروەها کەمکردنەوەی ئەگەری تووشبوون بە هەندێك جۆری شێرپەنجە.

# هەموو دەرمانێک زیانی لاوەکیی هەیە!

دەرمان Medicines بریتییە لە ماددە یان ئاوێتەی کیمیایی کە بەکاردێت بۆ چاکبوونەوە، سنووردارکردن، سووککردنی نیشانەکان، دەستنیشانکردن، خۆپاراستن لە نەخۆشی یان لە حاڵەتێکی تەندروستی و پاراستنی گیانی تووشبووان. بەگشتی هیچ دەرمانێك بەدەر نییە لە زیانی لاوەکی، یان کاریگەریی نەخوازراو کە مەرج نییە لە هەموو بەکارهێنەرەکاندا بە هەمان شێوە و هەمان توندی ڕوو بدەن. ئەگەرچی دەرمانی جیاواز کە بۆ حاڵەتی تەندروستیی جیاواز بەکاردێن، نیشانەکان سووك دەکەن یان دەبنە هاندەر بۆ چاکبوونەوە، بەڵام هەموویان دەبنە ئەگەری زیان یان ڕوودانی نیشانەی نەخوازراو، هەروەها هەستەوەری کە لەوانەیە بەرانبەر بە هەر دەرمانێك ڕوو بدات و بە زیانێکی لاوەکیی گەورە هەژمار دەکرێت، کە پێویستی بە چارەسەری خێرا و ڕاستەوخۆ هەیە. لە لایەکی دیکە بەکارهێنانی چەند دەرمانێك بەیەکەوە لەوانەیە کە زیان و نیشانەی نەخوازراو زیاتر و توندتر بکات، هەروەها بە گوێرەی کاتی بەکارهێنانی دەرمان و کەم و زیادبوونی کاریگەرییەکانیان لەگەڵ خۆراکی جۆراوجۆردا.

# ئەو ئامێرانەی بیرو هزرت دەخـــ

**مـرۆڤ بـەرەو کـوێ هەنـگاو دەنـێ؟ تەکنەلۆژیـا دەبێتـە بەڵایەکـی گـەورە بـۆ مرۆڤایەتـی یـا خزمەتێکـی گـەورەی پێـدەکا؟! ئایـا نابێتـە هـۆی ئـەوەی مـرۆڤ لەگەشـەکردنی هـزری و ژیـری**




## ئامێری MUSE بۆ نەهێشتنی دڵەڕاوکێی و نیگەرانی

ئامێـری MUSE حاڵەتـی دەروونیـی بەکارهێنەرەکـەی دەخوێنێتـەوە، واتـە تێـی دەگا بەکارهێنەرەکـەی چ هەسـتێکی هەیـە، شـادە یـا نیگەرانـە، یـا لـە خەریکـی بیرکردنەوەیـە... زیاتـر شـێوەی وەك هێدبەندێـك دەبێـت، بەهـۆی ئـەوەوە دەتوانـی لـە ڕێـگای بیرکردنـەوە مۆبایلەکـەت کۆنتـرۆڵ بکـەی. بـۆ نموونـە دەتوانـی تەنیـا بەهـۆی بیرکردنـەوە پەیامێـك بـۆ کەسـێك بنێـری. ئامێرەکـە زیاتـر بـۆ وەرزشـی ڕۆحـی (مۆدەیتەشـن) و نەهێشـتنی سـترێس و نیگەرانییـە. بـۆ نموونـە کاتێـك زەینـت ئارامـە، دەنگـی چریکـەی مـەل و هـاژەی ئـاو دێتـە گوێـت، بـەڵام کاتێـك نائارامـی دەنگـی گڤـەی ڕەشـەبا و گەردەلوولـی دەریـات دێتـە گـوێ. کێشـی ئامێرەکـە تەنیـا ٦١ گرامـە.

## ئامێری Emotiv EPOC ئامێرێکە لە شێوەی هێدسێتێک دەچێت

کاتێـك بەکارهێنـەری بـەکاری دێنێـت، وەك ئـەوە وایـە وەرگێڕێکـی هـزری لەسـەر کردبێـت، بەهـۆی ئـەو ئامێـرەوە دەتوانـی تەنیـا بـە بیرکردنـەوە ئەرکـەکان ڕاپەڕێنـی. ئامێرەکـە ١٤ هەسـتەوەری پێیوەیـە، هەسـتەوەرەکان وەك گـوێ وان و گـوێ لـە هەسـتەکانت دەگـرن، بـەڵام هەست نا بەڵکو لە هزر و بیرکردنەوەکانت!! وەك بێتەلێـك دەچـن پەیـام بـۆ مێشـکی بەکارهێنـەر دەنێـرن. بەکارهێنـەر دەتوانێـت بەهۆیـەوە یاریـی کۆمپیوتـەری کۆنتـرۆڵ بـکات، هەسـت بـەوە بـکات مانـدووە یـا بیـر دەکاتـەوە؟ هاوکاریـی زانایـان دەکات کـە تێیانبگەیەنـێ مێشـك چـۆن کار دەکات. نموونەیەکـی سـادە حـەز دەکـەی لـە یارییەکـی کۆمپیوتەریـدا تۆپێـك بجوڵێنـی، پێویسـت نـاکات دەسـت بـۆ مـاوس یـا کیبـۆرد بـەری، هـەر بیرکردنـەوە بەهـۆی ئـەو ئامێـرەوە تۆپەکـە دەجوڵێـت! کێشـی تەنیـا ١٢٥ گرامـە.



# وێننەوە

**بوەستێت؟ ئەو ئامێرانەی لە خوارەوە ئاماژەیان پێدەکەین هزر و بیری مرۆڤ دەخوێننەوە.**

## ئامێری NeuroSky MindWave وەک مامۆستایەکی ڕاهێنەر

یەکێك لەو ئامێرە تەکنەلۆژییە سەیروسەمەرانەی کە زەین دەخوێننەوە، ئامێری NeuroSky MindWave.ە. ئامێرێك کە وەك ڕاهێنەرێکی دەروونناسی یارمەتیت دەدا کە ئارام بی. تەنیا هەستەوەریەکی هەیە و لەسەر ناوچەوان دادەنرێ، بەهۆیەوە شەپۆلەکانی بیرکردنەوەی مێشکی بەکارهێنەر وەردەگرێ. بەو مانایە کە لە بەکارهێنەرەکەی دەگا لەباری دەروونییەوە چۆنە؟ جگە لەوە ٧٩ پرۆگرامی ناو خۆی هەیە، لە یاری و مەتەڵەوە بگرە، تا دەگاتە بیرکردنەوە و بەهێزکردنی یادگە و بیرکاری، تا ڕادەیەکی زۆریش هۆشمەندە، کاتێك دەزانێت بەکارهێنەرەکەی خەریکی بیرکردنەوەی قووڵە ئەو پرۆگرامانەی بۆ دەکاتەوە کە پێویستیان بە بیرلێکردنەوەی زیاترە.




## SSDیەکی دەرەکی ناوازە

داتاگە واتە شوێنی هەڵگرتنی داتاکان بە قەوارەی گەورە کە پێشووتر هارد یا HDD بوو ئێستا بەتەواوی بوو بە ئەرشیفی جیهانی دیجیتالی و شوێنی ئەو SSDی گرتیەوە.

داتاگەی SSD لە شێواز و ستایلدا جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە، بەڵام لە داکردنی داتادا جیاوازن. هاردی SSD جۆری move speed GD10 لە قەبارە و شێوازدا جیاوازە. هاردەکە شەحن دەبێتەوە و شاشەیەکی بچووکی ١,٨٣ ئینجی لەسەرە. لەسەر شاشەکە قەبارەی داتا هەڵگیراوەکان و هەروەها گەرمی هاردەکە نیشان دەدات. تەنانەت لەسەر شاشەکە دەتوانی فایل و فۆڵدەرەکان لەناوخۆیدا بگوزازیەوە. خاڵی هەرە گرنگی هاردەکە ئەوەیە کە دەکرێت لە شاشەکەوە قفڵ بکرێت. خێراییەکی یەکجار زۆری هەیە لە گواستنەوە و هەڵگرتنی داتاکاندا. کێشی تەنیا ١٦٨ گرامە و دەتوانێت دوو ترابایت داتا لەخۆیدا هەڵبگرێت. لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێت و لەکاتی ون بوونیدا بەهۆی ئاپێکی تایبەتەوە بیدۆزیەوە.






# لاپتۆپە ناوازەکەی LG گۆڕانکارییەک لە لاپتۆپدا

لە پێشانگای ساڵانەی CESی ئەمساڵدا گوگڵ لاپتۆپێکی ناوازەی خستەڕوو، لاپتۆپێك کە پێشووتر تەنیا وەك بیرۆکە لەلایەن LGیەوە بیری لێکرابووە و نموونەیەکیشی لێبەرهەم هاتبوو، ئەمرۆ بە شێوەیەکی فەرمی خرایە ڕوو و بڕیار وایە بەم زووانە بکەوێتە بازاڕەوە.

لاپتۆپی جۆری ThinkBook Plus Gen ٦ Rollable دەکرێ بڵێین ناوازەترین لاپتۆپە، لاپتۆپێك قەوارەی شاشەیەکەی بە ویستی بەکارهێنەر دەبێت. ٥٠٪ گەورەتر دەبێت لە شاشەیەکی ١٤ ئینجیەوە دەبێتە شاشەیەکی نزیك بە ١٧ ئینجی.

بەکارهێنەری لاپتۆپەکە بەهۆی ئەو شاشە گەورەیەوە باشتر دەتوانێت ئەرکەکانی ڕاپەڕێنێت، بەتایبەتی بەکارهێنەر ئەگەر بۆ بواری گرافیك و نەخشەسازی بەکاری بێنێت. شاشەکە ٣٢ گیگابایت ڕامەکەیەتی و هاردەکەی یەك ترابایتە. بۆ وەرگرتنی ئینتەرنێت خێراترین وای-فای هەیە وای-فای ٧. لەگەڵ ئەوەشدا کێشەکەی ئەوەندە هەر بە قەد لاپتۆپێکی ئاسایی دەبێت. کێشی تەنیا کیلۆیەك و شەشسەد گرامە.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت زیرەکی دەستکرد لە سیستەمی پەروەردا چ گۆڕانکارییەك دەکات؟**

خوێنەری بەڕێز، لە داهاتوودا بەهۆی ژیریی دەستکرد، قوتابی دەتوانێت بەپێی ئاستی خۆی فێر بێت، شوێن و کات بۆ قوتابخانە و فێرگە نابێت، بەو واتایەی کە مەرج نییە بەیانی کاتژمێرێکی دیاریکراو قوتابی بچێتە قوتابخانە و مامۆستایەکی تایبەت وانەی پێ بڵێتەوە، بەڵکو خۆی دەتوانێت لە هەرکاتێ و هەر شوێنێك وانە بخوێنێت و پێویستی بە هیچ مامۆستایەکی واقیعی نییە و ئەوەندەی توانای فێربوونی هەیە ئەوەندە دەخوێنێت. لە پۆلیشدا وانەکان دەبنە پراکتیك و بەشێوەی واقیعی لەسەر سیستەمێکی کۆمپیوتەر نیشانیان دەدرێت. قوتابی بە جۆرێك وانە دەخوێنێت کە تێیدەگات. مامۆستا زۆر ڕۆڵی نامێنێت.

# بێشکە لە سەردەمی ژیریی دەستکرددا



بەم جۆرەی ژیریی دەستکرد هەنگاو دەنێت، هەر لەوکاتەی کە منداڵ لەدایك دەبێت لەگەڵی ئاشنا دەبێت، بۆ نموونە بێشکەی جۆری Elvie کە بۆ ڕاژاندنی منداڵ لە ژیریی دەستکرد سوود وەردەگرێت. لانکەکە لە ڕێگای مۆبایلەوە کۆنترۆڵ دەکرێت و هەم دەبێتە لانکە و هەم دەبێتە تەختی نووستن. بێشکەکە لە تەکنەلۆژیای SootheLoop سوود وەردەگرێت و ئەو جوڵە و هەڵسوکەوتانەی دایك وباوك لەگەڵ منداڵەکەی دەکەن ئەو دووبارەی دەکاتەوە. لانکەکە لەو کاتانەی منداڵەکە تووشی هێماکانی سەرەتای نەخۆشییەك دەبێت بەخێوکەرانی منداڵەکە ئاگادار دەکاتەوە. دایك و باوك لە ڕێگای مۆبایلەکانەوە ئاگاداری چۆنییەتی خەوی منداڵەکەیان دەبن. تەنانەت لەکاتی تەڕ و وشك بووندا جەرەسی ئاگادارکردنەوە بۆ بەخێوکەرانی منداڵ دەنێرێت.



## ژیریی دەستکردیکی تایبەت و پێشکەوتوو بۆ وێنە

پرۆگرامی فۆتۆشۆپ و هاوشێوەکانی بەتایبەتی فۆتۆشۆپی ٢٠٢٥ کە پاڵپشتکراوە بە ژیریی دەستکرد توانایەکی زۆری هەیە لە دەستکاری کردنی وێنە. بەڵام ئەویش ناتوانێت هەموو داخوازییەکانی بەکارهێنەر بێنێتە دی.

ژیریی دەستکردی dragganai.io تایبەتە بە دەستکاری کردنی وێنە، بەڵام نەك هاوشێوەی ژیرەدەستکردەکان و پرۆگرامەکانی تایبەت بە وێنە. بەکارهێنانی زۆر ئاسانە. کاتێك وێنەیەك بۆ دەستکاری کردنی بەو ژیرە دەستکردە دەسپێری، ئەو شوێنانەی کە مەبەستتە گۆڕانکاری تێدا بکرێت، بە چەند خاڵێك دەستنیشان دەکەی و دواتر دەتوانی ئەو شوێنە رابکێشی ئیدی بە ئاسانی ئەوەی بەکارهێنەر مەبەستیەتی جێبەجێ دەبێت.

# ژیریی دەستکردی DeepSeek پێش GPT کەوتەوە

ژیریی دەستکرد هەر دەستەواژەیەکی تەکنەلۆژی نییە، بەڵکو دەستەواژەیەکی سیاسیشە و پەیوەندی بە سیاسەتی نێودەوڵەتی وڵاتانی زلهێزیشەوە هەیە، بۆیە ترامپ لەسەرەتای هاتنە سەرکارییەوە بودجەیەکی زۆری بۆ پەرەپێدانی ژیریی دەستکرد تەرخان کردووە.

وڵاتی چین ژیریی دەستکردی تایبەت بە خۆی هەیە و بە DeepSeek ناسراوە، هاوئاستی chatGPTیە. لە هەفتەی ڕابردوودا ئەو ژیریی دەستکردە پێش ChatGPT کەوتەوە و ئەوەی جێگای تێڕامانە تەنانەت لە خودی ئەمەریکاش بەکارهێنەری زیاتر هەیە. چونکە خزمەتگوزارییەکانی بە خۆڕایین. لەگەڵ ئەوەشدا هیچ سنوور و بەربەستێکی بۆخۆی دانەناوە. بۆ زمانی کوردیش تاقیم کردۆتەوە زۆر باشە. هەرچەندە ناگاتە هاو ئاستی Ai studio google و claude بەڵام زۆریش باشە، ئەوەی من بەراوردم کردووە تایبەتە بە زمانی کوردی ئەویش بەشی سۆرانی.




هەموو شتێکی چینی، هەر خراپ نییە و دەکرێ لە ڕیزی یەکەمیشدا بێت وەك ژیریی دەستکردەکەی.



## مەدالیایەکی بچووک و هاردێکی گەورە

جیهان چەندە خێرا پێشکەوت، ئەو مەدالیا بچووکە کە وێنەکەی دەبینن، سەردەمێك لە جیهانی خەیاڵیشدا کەس بیری لێنەدەکردەوە، ئەوە هاردێکی دوو ترابایتی خێرایە دەتوانێت بۆ هەموو تەمەن داتاکانتان لەخۆیدا هەڵبگرێت، بۆ گشت ئەو ئامێرانە دەبێت کە داتا لەخۆیاندا ڕادەگرن، وەك مۆبایل، کۆمپیوتەر، و کامێرا و ئامێرەکانی گەیم...تاد. ئامێرەکە لە جۆری SSDیە، کێشی تەنیا ٢٤ گرام دەبێت. بەقەد نیوەی بزنس کارتێك دەبێت. خێراییەکەی دە گیگابایت لە چرکەیەکدایە، دەتوانێت زیاتر لە هەزار وێنە بە فۆرماتی JPG لە پێنج چرکەدا بگوازێتەوە. هەروەها دەتوانێت فیلمێکی بە فۆرماتی 4K لە ماوەی تەنیا کە قەبارەکەی ٢٠ گیگابێت لە ماوەی تەنیا ٢٢ چرکەدا بگوازێتەوە.



# مۆمیای باشیری ترسناک

توێژینەوە و بەدەستهێنانی زانیاری لەسەر مۆمیاکان، لە ڕێگەی هەڵدانەوەی گۆڕەکان و دیراسەکردنی تەرمە مۆمیا کراوەکاندا دەبێت، ژمارەیەکی زۆر لە گۆڕەکان هەڵدراونەتەوە و تەرمەکان شی کراونەتەوە، بەڵام تاکە مۆمیایەك کە زاناکان نەیانوێرا و ڕەتیان کردەوە کەتانەکەی لێ بکەنەوە، مۆمیای «باشیری» بوو، کە هەموو میسرناسەکان نەیانوێرا پێچانی کەتانەکانی بکەنەوە، بەهۆی سەختیی گەڕانەوەی بۆ فۆرمی سەرەتایی خۆی، بەم شێوەیە هەموو مۆمیا دۆزراوەکان بە وردەکاری و چیرۆکەکانیانەوە ناسراون، تەنیا ئەمە نەبێت.




# نیو کەشتی و نیو فڕۆکە

بارهەڵگری «ئەهریمەنی دەریایی»ی ڕووسی، دەتوانین بڵێین کەشتییەکە و دەتوانێت لە هەوادا بفڕێت، هەروەها دەتوانین بڵێین فڕۆکەیەکە کە دەتوانێت لە ئاودا بڕوات! ئەم کەشتی و فڕۆکەیە ناوی «لۆن ئێکراپلین»ـە، کەشتییەکی زەبەلاحی ڕووسییە کە مووشەکهەڵگریشە. ئەگەر بتوانین ڕوخسارە ترسناکەکەی پشتگوێ بخەین (وەك چۆن ڕووسەکان دەیکەن)، بە دڵنیاییەوە سەرسامت دەکات کاتێك دەزانیت ئەم فڕۆکەیە لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا دروست کراوە. درێژی ئەم فڕۆکەیە ٧٣ مەتر دەبێت، بەمەش یەکێکە لە گەورەترین فڕۆکە دروستکراوەکان، هاوکات کێشەکەی دەگاتە ٣٥٠ تەن، هەروەها دەتوانێت بەخێرایی ٤٨٢ کم لە کاتژمێرێکدا بفڕێت، دەتوانێت یەك ملیۆن کیلۆ (١٠٠٠ تۆن) کەرەستە و سەرباز هەڵبگرێت، لەگەڵ ئەمەشدا دەتوانێ موشەکی «مۆسکیت» هەڵبگرێت، کە مووشەکی دژە کەشتییە و توانای هەڵگرتنی کڵاوەی ئەتۆمیشی هەیە.







## پرۆژەی شەمەندەفەری هەڵواسراو لە کوردستان

گەنجانی کورد خاوەن بیرۆکە و داهێنانی گەورەن، بەجۆرێك کە ئەگەر کار و داهێنان و پرۆژەکانیان لە وڵاتانی دیکە نمایش بکەن، دەبنە جێی سەرنج و تێڕامان، ئەندازیار «محەمەد شاکر» ئەندازیاری کارەبا لە ئینستیوتی داهێنان لە کوردستان، سەبارەت بە پرۆژەی شەمەندەفەری هەڵواسراو ئاشکرای کرد، بەهۆی قەرەباڵغی و بوونی جەنجاڵییەکی زۆر لە شارەکان، ئەو داهێنانەمان هێناوە و کێشەکانمان چارەسەر کردووە و سیستمی باشتر دەکەین و نوێگەری دەکەین، بۆیە بۆ ڕزگار بوون لەم کێشەیە، سیستمێکی گواستنەوەی پێشکەوتوو دەهێنینە کایەوە، ئەویش بە دانانی شەمەندەفەری هەڵواسراوی گشتییە، ئەمەش هاتووچۆ ئاسان دەکات و شوێنیش زۆر داگیر ناکات، بەڵکو هەڵواسراو دەبێت، بەمەش دەتوانین ڕێگەی هاتووچۆکردن زۆر ئاسانتر دەکەین، ئەو سیستمە بە کارەبا کار دەکات و هەڵواسراوە، هەروەها لە خوارەوەشی هاتووچۆی ئاسایی دەبێت، شوێنێکی هێندە زۆر داگیر ناکرێت، ئەو پرۆژەیە دەکرێت سەرەتا لە شوێنی گەشتیاری، دواتریش لە شوێنە قەرەباڵغ و جەنجاڵەکان، بیرۆکەکە هەیە، بەڵام هەندێك کێشەمان هەیە، لەوانە: بوونی ویلی زۆر، کە زۆر جار دەبێتە کێشە و لە کێرڤی خۆی لادەدات، بۆیە ئێمە چاکی دەکەین و بۆ پرۆژەیەکی خۆماڵی».

## مێژوو و داهێنانی کاسێت

ئەندازیاری هۆڵەندی «لو ئۆتێنس» داهێنەری کاسێتە، بەمەش شۆڕشێکی گەورەی لە بواری ناوەڕۆکی دەنگیدا هێنایە ئاراوە، کە یەکەم شریتی دەنگی لە ساڵی ١٩٦٣ی زایینی تۆمار کرد، ئەمەش دوای ئەوە هات کە ئامرازەکانی تۆمارکردنی مۆسیقا «قەوان و گرامۆفۆن» بوون، ڕەنگە زیاتر لە ١٠٠ ملیار کاسێت دروست کرابێت لە سەرانسەری جیهاندا.

ئەو کاتەی ئۆتێنس لە بەشی پەرەپێدانی بەرهەمەکانی کۆمپانیای فیلیپسی هۆڵەندی لە ساڵی ١٩٦٠ی زایینیدا کاری دەکرد، هەوڵیدا ئەم تەکنەلۆژیایە پەرە پێ بدات، لە ٣٠ی ئابی ساڵی ١٩٦٣ ئۆتێنس کە ئەو کاتە تەمەنی ٣٧ ساڵ بوو، لە پێشانگای بەرلین بۆ ئەلیکترۆنیاتی ڕادیۆیی گەیشتە ڕێککەوتنێك لەگەڵ هەردوو کۆمپانیای فیلیپس و سۆنی، بۆ دەستەبەرکردنی مافە فیکرییەکانی، هەروەها لە ماوەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا بەشداریی کردووە لە پەرەپێدانی کۆمپاکت دیسك، یان ئەوەی بە «سی دی» ناسراوە.







## کاریکاتێر

ئەم کاریکاتێرە باس لە هەڵاتنی هەموو جۆرە چین و توێژێکی خەڵك دەكات لە بەرامبەر ڤایرۆسەکان بە گشتی و ڤایرۆسی کۆرۆنا بە تایبەتی، کە دوا جار ڤایرۆسی دەلتای هیندییە و لە زۆربەی وڵاتانی جیهان بڵاو بووەتەوە.



## دیمەنە سەیرەکان

**بەلەم و کەشتی شووشە**

سەرەتای ئەو کارە لەلایەن دەریاوانێکی هۆڵەندی بە ناوی (ڤان دێر شێر)ـەوە بوو، کە بەلەمێکی لە شووشە دروست کرد، کە بە تیشکی خۆریش کار دەكات، خێراییەکەی دەگاتە (١٥) کیلۆمەتر لە کاتژمێرێکدا، ئەو جۆرە بەلەمە لە شووشە و ماددەی پلاستیك دروست کراوە، هەروەها نزیکەی (١٦٥) هەزار دۆلاری تێچووە.

# پیرنەبوونی گوڵەکان



کۆمپانیای (فۆریفەر ڕۆز لەندەن) کار لەسەر پێکهاتەیەك دەكات کە ناهێڵێت گوڵەکان تێك بچن، بیرۆکەی ئەو کارەی لە فیلمی پیاوە ناشیرینەکە و کچە جوانەکە (the beauty and the beast) هاتووە، کە لە دیمەنێکدا کچەکە گوڵێکی لە نێو مەرکانێکدا داناوە، ئەو جۆرە گوڵە بە ناوی بێلایە، کە بە زمانی ئیتاڵی واتە جوانی، بیرۆکەیەکی سادە بوو، کە بە گلیسرین و سیکۆتین کارەکە دەکرێت، جۆرە بەکتریایەك دەخرێتە نێو مەرکانەکە تا نەهێڵێت گوڵەکە تێك بچێت، نرخی ئەو جۆرە گوڵانە کە دەتوانن بۆ ماوەی زیاتر لە (١٠) ساڵ بمێننەوە، دەگاتە (٨٠) هەزار دۆلار بۆ هەر دەستەگوڵێك بە مەرکانەوە.

## یاسا



**تەڵاق بەبێ ئاگاداربون و ئامادە بونی ژن**

تەڵاقی غیابی، واتا تەڵاقدانی ژنە لەلایەن مێردەکەیەوە، بە جۆرێك پیاو هەڵدەستێت بە تەڵاقدانی هاوسەرەکەی لە دەرەوەی دادگا، یان لەلای مامۆستای ئاینی بەبێ ئەوەی خێزانەکەی ئاگای لێ بێت، یان حازر بێت لە مەجلیسی تەڵاقەکەدا. ئەمە بۆ پیاوان ڕێگە پێدراوە کە تەڵاقی هاوسەری بدات بە بێ ڕەزامەندی، بەڵام ئەم جۆرە لە تەڵاق بەتەڵاقی نارەوا دادەنرێت. ئافرەت زۆرێك لە مافە شەرعی و یاسایەکانی دەکەوێت وەك، مافی ئافرەت لە وەرگرتنی مارەیی پاشەکی، بژێویی ماوەی چاوەڕوانی «نفقة العدة» بۆ ماوەی سێ مانگ. مافی نیشتەجێبون بۆ ماوەی ٣ ساڵ، کەلوپەلی هاوسەرگیری و ناو ماڵ، منداڵ و هەروەها بژێوی بۆ منداڵەکان. سەرەڕای کەوتنی هەموو ئەو مافانە لەم جۆرە لە تەڵاقەدا ژن مافی وەرگرتنی قەرەبووی هەیە، لە پای ئەو زەرەرەی کە بەری کەوتوە لەو تەڵاقە.

**کاوڕ** ٣/٢١ - ٤/١٩

لەم کاتەدا کۆمەڵە پرسیارێکی زۆر مێشکی داگیر کردویت و نازانیت وەڵامەکانیان چییە، ئامۆژگاری دەکرێیت بەدوای وەڵامەکاندا بگەڕێیت، چونکە زۆر ڕاستیت بۆ دەردەکەوێت، کەسێکی ئەرێنیت و کاریگەریت لەسەر کەسانی چواردەورت هەیە، ئەم کاریگەرییە بەکار بهێنە بۆ ئەوەی یارمەتییان بدەیت.

**گا** ٤/٢٠ - ٥/٢٠

کارەکانت بە جوانی ئەنجام بدە، داهاتووت مسۆگەر بکە، دڵنیا ببەرەوە لەوەی ناحەزەکانت لەبیر بکەیت کە لە ڕابردودا پەیوەندیتان هەبووە، کاتی ئەوە نییە ڕق لە دڵتدا هەڵبگریت، بەڵکو کاتی بەخشینی خۆشەویستییە، ڕێگە بدە خێزانەکەت بزانن کە ئەوانت چەند لا گرنگە و خۆشت دەوێن.

**جمک** ٥/٢١ - ٦/٢٠

گونجاندن هەیە لە نێوان تۆ و کەسانی چواردەورت، هەروەها کەسێکی گرنگیت لە ژیانی زۆر کەسدا، ئەمەش چانسی ئەوەت دەداتێ پەیوەندییەکی هاوڕێیەتی قووڵ دروست بکەیت، ئێستا کاتێکی باشە بۆئەوەی دەست بە جێبەجێکردنی پلانەکانت بکەیت لە ڕووی پیشەییەوە.

**قرژاڵ** ٦/٢١ - ٧/٢٢

لە کاتی باسکردنی کێشەکانتدا هەوڵ بدە ڕاشکاو و کراوە بە، پێویست ناکات خۆت تووشی سترێس و دڵەڕاوکێ بکەیت و کێشەکان لە ناخی خۆتدا بهێڵیتەوە، ڕێگە بدە کەسانی دیکە هاوکاریت بکەن، لەگەڵ هاوڕێکانت کاتێك بدۆزەرەوە بۆ ئەوەی دەربارەی ژیانی تایبەتیتان قسەبکەن.

**شێر** ٧/٢٣ - ٨/٢٢


هەنگاوەکانت بە جوانی جێبەجێ بکە، کەسێکی زیرەك و سەرکەوتووی، بۆیە خۆت گرنگی بە خۆت بدە، چالاکی و وزەیەی زۆرت هەیە، شەرم مەکە لەوەی لە کەسانی دیکە نزیك ببیتەوە و پەیوەندییەکانت بەهێز بکەیت، ناسینی هاوڕێی نوێ ئەزمونکردنی گۆڕانکاری گەورە لە ژیانتدا دروست دەکات.

**گوڵەگەنم** ٨/٢٣ - ٩/٢٢

هەمیشە بە دوای ئەرکی تازەوە بە، کەسێك چاودێریت دەكات، ژیان پڕە لە سوپرایزی خۆش، دڵتەنگ مەبە کاتێك شتەکان بە خواستی تۆ نابن، هەندێك کات چارەسەری کێشەکان لەوە نزیکترن کە تۆ بیرت لێ کردوەتەوە. لە لایەنی تەندروستییەوە پیشتگوێخستنی خۆت لە داهاتوودا پەشیمانت دەکاتەوە.

بۆ زانیاریت

# بارانی دەستکرد



بارانی دەستکرد ڕێگەیەکی تازەیە کە زاناکان دایان هێنا، بۆ ئەو ناوچانەی کە لە جیهاندا بارانی کەمیان لێ دەبارێت یان بارانی لێ نابارێت، یەکێک لەو ڕێگایانەی کە بووەتە سەرنج بۆ بەرهەمهێنانی باران، بریتییە لە فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان(drone) یان فڕۆکەی ئاسایی. توێژینەوەکان بەردەوام بوون بۆ ئەوەی ڕێژەی ئەو ماددەیە بدۆزنەوە کە فڕۆکەکە پێویستە هەڵی بگرێت و لەناو هەوردا بڵاوی بکاتەوە، تا دەستبەجێ باران ببارێت. ئەمە لە بیابانەکانی ئەمریکادا تاقی کرایەوە و توانرا بەهۆی ئەو ماددە جیاوازانەی کە تێیاندا داناوە، ببێتە هۆی باران بارین، بەم دواییانەش لە دوبەی ئەم تەکنەلۆجیایە تاقی کرایەوە و بووە هۆی بارانبارین، ئەم وڵاتانەی کە ئەو تەکنەلۆجایە بەکار دەهێنن بریتین لە «چین، ئەندەنوسیا، ئێران، ئیسرائیل، کوەیت، دوبەی، سریلانکا، ئەمریکا، کەنەدا، بولگاریا، فەرەنسا، ئیسپانیا، ڕووسیا، ئەڵمانیا، سلۆڤینیا، بەریتانیا، ئۆستورالیا، مالی و نەیجریا». ئەم تەکنەلۆجیایە بە زمانی ئینگلیزی پێی دەڵێن (cloud seeding) واتە بەتۆوکردنی هەور، زۆرترین ئەو ماددە کیمیاویانەی بەکار دێت، بریتیە لە «کلۆریدی سۆدیۆم، کلۆریدی پۆتاسیۆم، کلۆریدی کالسیۆم». کاتێك ئەم ماددانە بە شێوەی پرژاندن لە ناو هەوردا بڵاو دەکرێنەوە، گەردەکانی هەور زۆر بە ئاسانی یەك دەگرن لەگەڵ ماددە کیمیاوییەکان و دەبێتە هۆی زیادکردنی تیرەی دڵۆپەکان. بەم جۆرەش دڵۆپەکان قەبارەیان زۆر دەبێت و کێشیان زیاد دەبێت و دەبێتە هۆی باران بارین.

## فیلم

## هەشتەمین شەو - The 8th Night




فیلمێکی ترسناك و مایسترییە، باس لە کەسێك دەکات کە تەورداسێکی بەدەستە و دەستێکی دیکەی تەسبیحە، دوای ڕۆحێك دەکەوێت تەمەنی هەزاران ساڵە، کە زۆر کەسی بردووە بۆ ئەوەی بۆ جەهەنمیان ببات، ماوەی فیلمەکە یەك کاتژمێر و (٥٥) خولەکە، لە دەرهێنانی (کیم تای هیایۆنگ) لە وڵاتی کۆریا بەرهەم هاتووە، لە نواندنی نام داریۆم، کیم یۆ جۆنگ، لی سونگ مین، پارك های جۆن.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

ئەوەی لە دڵتدایە بۆت دەبێت، بۆیە گەشبین بە، کار بکە بۆ ئەوەی کۆتایی بە گرفتەکان بهێنیت، نەك پشتگوێیان بخەیت و لە کاتێکی دیکە سەرهەڵبدەنەوە، ئەم ماوەیە نیگەرانیت لەبەر ئەوەی شتەکان بە خواستی تۆ ڕوو نادەن، بەڵام بەم زووانە هەموو شتێك ئاسایی دەبێتەوە.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

مەهێڵە خەونەکانت بە ئاسانی لە دەست بدەیت، کارەکانت بە جوانی جێبەجێ بکە، لە ئێستادا کەسێکی زۆر باش و میهرەبان نیت، تەنیا بیر لە خۆت دەکەیتەوە و کەسە نزیکەکانت پشتگوێ خستووە، وریا بە، ئەم ڕەفتارە زیان بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانت دەگەیەنێت.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

شایەنی داهاتوویەکی باشتریت، بۆیە خۆت لە کێشەی کەسانی دیکەوە هەڵمەقورتێنە، ڕابردووت پڕ بووە لە تاڵی و ناخۆشی، ڕێگە مەدە وات لێ بکات بۆ داهاتوو ڕەشبین بیت، ڕەنگە کەسانێك تووشی گرفتت بکەن و چارەسەری گرفتەکان ئاسان نابێت، پێویستە سەرنجت کۆ بکەیتەوە، گومان لە تواناکانی خۆت مەکە.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩


هەرگیز بڕیار مەدە تا دڵنیا نەبیتەوە لەوەی چی ڕوو دەدات، چونکە بۆ داهاتوو پەشیمان دەبیتەوە، کاتی ئەوەیە پەیوەندییەکانی ڕابردووت نوێ بکەیتەوە، بەتایبەتی لەگەڵ هاوڕێکانی پێشووت، لەلایەنی پیشەییەوە لەسەر ڕێگەی سەرکەوتنیت.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

داهاتووت بەرەو خۆشی دەچێت، بۆیە دڵنیابە لە خۆت و لە کارەکانت، زۆر دڵخۆش دەبیت لەلایەنی پیشەییەوە، کار لەسەر پرۆژەی گەورە دەکەیت و ئەمەش ئەزموونی زۆرت پێ دەبەخشێت، هەوڵ بدە پشوویەك وەربگریت و لە بەرپرسیارییەتی دوور بکەویتەوە.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

لەلایەنی پیشەییەوە بە تیم کار بکە، ئەمەش تواناکانت بەرەو پێش دەبات و بیرۆکەی نوێت پێ دەدات، خۆشەویستیی خۆت نیشانی کەسانی دیکە بدە و بەهێزکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانت بکە بە ئامانج، لە لایەنی سۆزدارییەوە ڕەنگە خۆشەویستی ژیانت بدۆزیتەوە، هەربۆیە چاوەکانت بکەرەوە.




## پەند و وتە


سیگمۆند فرۆید دکتۆری پزیشکی دەمارە لە نەمسایە، لە ساڵی (١٨٥٦) لە شاری پریبۆر لە چیك لە دایك بووە و لە ساڵی (١٩٣٩) لە لەندەن کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی کەسایەتیی هەستیار دەڵێ: «ئەوانەی هەستیارن ناتوانن گوزارشت لە هەستەکانیان بکەن، بۆیە پێیان باشە، خۆیان بێدەنگ بکەن، یان بێدەنگی بنوێنن لە مەڕ کێشە و گرفتەکاندا.



## یاریی وێنە

لەم وێنەیەدا کۆمەڵێك ئۆتۆمبێل بە ڕیز وەستاون، وێنەکە لە لایەك گیراوە، هەوڵ بدە بزانیت ژمارەی ئۆتۆمبێلەکان چەندن، ئەوەش بە سوودوەرگرتن لە ڕیزی ئۆتۆمبێلەکان.







بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone

## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




# www.gulanmedia.com

Gulan Weekly
February 3, 2025 Issue,No.1449

